ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ژمارە ٧٤٦ چوارشەممە ٢٩ی ڕەشەمەی ١٣٩٧ _ ٢٠ی مارسی ٢٠١٩

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدرالدا

نەورۆزتان پیرۆز



ساڵی نوێ و نەورۆزی کوردەواری هاتەوە. نەورۆز لەمێژ ساڵە بۆ خەڵکی کورد لە ئێران لە چوارچێوەی جێژنێکی مێژوویی و نەتەوەیی ترازاوە و لە فۆرمی مەیدانێکی بەرین بۆ ویست و مافخوازی و، لە ململانێ لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێراندا خۆی دەنوێنێ.

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە چەند ساڵی ڕابردوودا بە ڕوحێکی دیکەی نەتەوەییەوە و بەگوڕتر لە هەر جارێ دەنگی شوناسخوازیی خۆیان بەرز کردۆتەوە. هەر لە دوو ساڵی ڕابردوودا بەڕێوەبردنی بەشکۆی ئاهەنگ و بۆنە نەورۆزییەکان، حەماسەی پڕشکۆی یارمەتیدانی بوومەلەرزەلێدراوانی کرماشان و مانگرتنی سەرانسەریی ٢١ی خەرمانای ٩٧ بۆ ناڕەزایەتیدەربڕین بە هێرشیی تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر حیزبی دێموکراتی کوردستان و زۆر هەرەوەزی دیکە، نموونەی بووژانەوە و دەرکەوتنی وەرزێکی نوێ بوون لە بەهێزکردنی ڕۆحی نەتەوەیی بۆ کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

نەورۆزتان پیرۆز، هەموو ڕۆژێکتان نەورۆز و باوەڕتان وەک هەمیشە چیایی!

«کوردستان»

پەیامی نەورۆزیی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات:

نایەڵێن خوێنی شەهیدان و ڕەنجی زیندانییانی سیاسی بەفیڕۆ بچن



٢٧١٩ی کوردی - ١٣٩٨ی هەتاوی

نەورۆز جێژنی سەرکەوتنی بەهار بەسەر زستان، فەرحانی بەسەر تەنگانە، گەرما بەسەر سەرما، ڕووناکی بەسەر تاریکی و، خۆشی بەسەر ناخۆشی دایە. هەر ئەو تایبەتمەندییانەشن کە بۆ باب و باپیرانی ئێمە بوونە هۆی ئەوە کە نەورۆز بکەنە سەرمەشق و سیمبۆل بۆ لەبیربردنەوەی ناکامییەکان، گەشبوونەوەی هومێد و هیوا، نوێکردنەوەی هێز و تێهەڵچوونەوە و خەبات بۆ بەگژداچوونەوەی ستەمکاران و داگیرکەران و شێلگیربوون لە سەر گەیشتن بە ئازادی و مافی ڕەوای خۆیان. ئێمەش هەر ئەو پەیامە دە نەورۆزدا دەبینین، ئەو ئیلهامەی لێ وەردەگرین، بە وەرە و هیوایەکی تازەوە، وەرزێکی نوێ لە خەبات و تێکۆشان دەست پێدەکەین، بە باوەڕی پتەو بە سەرکەوتنەوە تێکۆشانمان درێژە دەدەین و ئالای خەباتی ڕزگاریخوازانەمان تا سەرکەوتنی یەکجاری، شەکاوە ڕادەگرین.

(بەشێک لە پەیامی نەورۆزیی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان)

◆ سەروتار

ئەم دەفرەی کە لەمێژە لێی دەڕژێ...

عەلی بداغی

کوردستان ساڵێکی دیی لە بێمافی و بەشمەینەتیدا بەڕێ کرد، کۆماری ئیسلامیش توانی بە زەبروزەنگ و چەکی سەرکوت ساڵێکی دیکەش بخاتە سەر تەمەنی دەسەڵاتەکەی و؛ کۆمەڵگەی جیهانیش ڕێگەی دا ڕێژیمی تاران ئەمساڵیش هەروا پشتیوانی تێرۆریزمی نێودەوڵەتی و تێکدەری ئەمنییەتی ناوچە و جیهان بێ.

ئێعدام، گرتن و لە بەندیخانە پەستاوتن، سەرکوتی بیروڕای جیاواز، پێشێلکردنی مافی کەمایەتییە ئاینییەکان، سەرکوتی ویست و ماف و داوای نەتەوە نافارسەکان، توندوتیژی، هەڵاواردن، زەوتکردنی مافی زیندانیانی سیاسی، کرێکاران، ژنان و منداڵان؛ ئەمساڵیش وەک ساڵانی پێشوو چەکی دەستی ڕێژیم بۆ زاڵکردنی هەیمەنە و دەسەڵاتەکەی بەسەر ئێراندا بوو.

ئەمساڵیش زۆر مل بە پەتەوە کران، مانگرتن و خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیدەربڕینەکان سەرکوت کران، بەربەستی زیاتر لەبەردەم کار و چالاکیی حیزب و ڕێکخراوە سینفی و مەدەنییەکان هەڵچندران، مامۆستایان و چالاکانی مەدەنی و ژینگەپارێزان نەک دەنگ و داوایان نەبیسترا، بەڵکوو بە توندی بەگژیاندا چوونەوە. وە لەگەڵ ئەمەدا ئەمساڵیش ڕەخنەی زۆر بەرەوڕووی ئێران کرایەوە، هەم لە لایەن ڕێکخراوە جیهانییەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ، هەم لە لایەن شووڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان، وە هەم لەلایەن وەزارەت و ئۆرگانە دەوڵەتییەکانی ئەمریکا و ئوروپا و هتد.


سەرکوتی ماف و ئازادییەکانی خەڵک ئەگەر لە هەموو شوێن و ناوچەیەکی ئێراندا درێژەی هەبوو، لە کوردستان توندتر و بەربڵاوتر بوو. بەردەوامی لە تێرۆری چالاکانی سیاسی و موشەکبارانی بنکە و بارەگای حیزبی دێموکراتی کوردستان کە ١٦ شەهید و دەیان بریندارییان لێ کەوتەوە، کوژران و برینداربوونی لانیکەم ٢٥٠ کەس لە کۆڵبەر و کاسبکارانی هەژار و بەشمەینەتی ناوچە سنوورییەکان کە هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم کەوکوژی دەیاندەبە بەر دەستڕێژ، دەسبەسەرکردنی لانیکەم ٦٠٠ کەس و سەپاندنی سزای درێژخایەنی زیندان لەسەر داوای ناوەندە ئەمنیەتییەکان بەسەر سەدان کەس لەوان بێ ئەوەی لە بێدادگاکانی ڕێژیمدا مافی بەرگری...

ل ٢




کۆڕبەندی لاوانی چوارپارچەی کوردستان:

مانگرتنەکەی ٢١ خەرمانانی دوای مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات ڕێفراندۆمی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ناگوتن بە ڕێژیمی ئێران بوو (٢)



وەزارەتی دادگوستەریی ئۆتریش:

لە ڕوانگەی ئێمەشەوە پەروەندەی تێرۆری د. قاسملوو کراوەیە و بکەرانی ئەم جنایەتە ئێستاش حوکمی گرتن و بڕیاری لێپرسینەوەیان لە سەرە (٣)



فەراز فیرووزی:

دانانی ئیبراهیم ڕەیسی لەلایەن خامنەییەوە بە سەرۆکایەتیی «دەزگای داد»ی ئێران بەمانای بەکەم زانینی شعووری گشتیی خەڵکە (٧)

کوردستان
ژمارە ٧٤٦
٢٩ی ڕەشەمەی ١٣٩٧ _ ٢٠ی مارسی ٢٠١٩

درێژەی سەروتار

ئەم دەفرەی کە لەمێژە لێی دەڕژێ...

لە خۆیان هەبووبێ، بەردەوامیی تەقینەوەی مین لە بن پێی مندالان و ناوچە پەراوێزخراوەکانی کوردستان بێ ئەوەی گنجێک بخاتە نێوچاوانی کاربەدەستانی ڕێژیم و، بەردەوامی لە تێکدانی ژینگە و بەتاڵانبردنی ئاو و سەرچاوە سرووشتییەکانی دیکەی کوردستان؛ تەنیا چەند نموونەیەک لە درێژەی سیاسەتی دوژمنکارانەی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە خەڵکی کوردستان بوون.

وەک باس کرا ڕەوتی سیستماتیک و بەبەرنامەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران و کارنامەی ڕەشی کۆماری ئیسلامی لەو بەستێنەدا شتێک نییە لەبەرچاوی کۆمەڵگەی جیهانی و وڵاتان ون بووبێ. بیست و حەوتەمین کۆبوونەوەی شووڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان کە ڕۆژی دووشەممە، ٢٠ی ڕەشەمە لە ژنێڤ گیرا، نوێترین جێ بوو کە تێیدا کۆماری ئیسلامیی ئێران سەبارەت بە پێشێلکردنی ڕەهای مافی مرۆڤ مەحکوم کرایەوە. لەم دانیشتنەدا جاوید ڕەحمان، ڕێپۆرتێری تایبەتیی شووڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری مافی مرۆڤ لە ئێران جارێکی دیکەش تاوان و جینایەت و سەرەڕۆییەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە بەستێنی مافی مرۆڤی ڕیز کردەوە و سەبارەت بەو بارودۆخە نیگەرانی و ناڕەزایەتیی دەربڕی. ناوبراو نەیشاردەوە کە ڕێژیمی ئێران لە چوار دەیەی دەسەڵاتی خۆیدا لە ڕیزی هەرە پێشەوەی وڵاتانی پێشێلکەری مەنشووری نەتەوە یەکگرتووەکان و بڕیارنامەکانی شووڕای ئەمنیەتی ئەم ڕێکخراوەیە و لەم ماوەیەدا نەیویستووە هیچ گۆڕانکارییەک لە ڕەفتار و سیاسەتەکانیدا بکا.

هەڵبەت لە ماوەی چل ساڵ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا دوو ساڵی لێ دەرچێ، هەموو ساڵێ کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێژیمی تارانی لەسەر پێشێلکردنی سیستماتیکی مافی مرۆڤ مەحکووم کردوە و بڕیارنامەی لەدژی دەرکردوە. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هەروەها لە ڕێگەی کۆمیسیۆن و شووڕای مافی مرۆڤەوە تا ئێستا شەش ڕێپۆرتێری تایبەتیی بۆ پرسی مافی مرۆڤ لە ئێران دیاری کردوە و، ئەگەرچی کۆماری ئیسلامیی ئێران هاوکاریی هیچ کام لەوانی نەکردوە؛ بەڵام ئەمە لایەنێکی سەرنجی کۆمەڵگەی جیهانی لەهەمبەر پێشێلکرانی مافی مرۆڤ لە ئێراندا دەردەخا. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پرسیارە دەگووڕێ کە چۆنە سەرەڕای ئەم دۆخە، کاردانەوەکان بڕیارێکی ئەوتۆیان لێ نەکەوتۆتەوە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران ناچار بە پاشەکشە لە ڕەفتارەکانی و دەروەستبوون بەو پرەنسیپە نێونەتەوەییانە بکا کە خۆی لەسەر کاغەز ئیمزای کردوون؟

ڕەخنەی جیدی لەو پێوەندییەدا ڕوویان لە شووڕای ئەمنییەتی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەمریکا و وڵاتانی ئوروپاییە. خەمساردیی ئەم لایەنانە لەو پێوەندییەدا ئەم ڕاستییە دەردەخا کە سەرنجدان و گرینگیدانی شووڕای ئەمنییەت و یەکیەتیی ئوروپا بە پرسی مافی مرۆڤ لە ئێران پتر لەوەی لە باوەڕی ئەوان بەو پرەنسیپانە و نیگەرانییەکانیان لە پێشێلکردانی ئەم بایەخانەوە سەرچاوە بگرێ، وەک ئامراز و لاهێزی سیاسی بۆ فشار خستنەسەر ئێران بۆ ساتوسەودا و لە بوارەکانی دیکەدا چاوی لێ دەکرێ. هەروەها لە کەس شاراوە نییە کە ئەوەندەی پرسی پشتگیریی ئێران لە تیرۆریزم، بەرنامەی ئەتومی و مووشەکیی بالستیکی ئەم ڕێژیمە و پەرەپێدانی ڕادیکالیسمی ئیسلامیی هەناردەکراوی کۆماری ئیسلامییان بۆ گرینگە، ئەوەندە لا لە پرسی پێشێلکرانی مافی مرۆڤ لەم وڵاتە ناکەنەوە.

ڕەوشی مافی مرۆڤ لە ئێران لە داهاتووشدا بەهۆی ماهییەتی کۆماری ئیسلامی زەحمەتە گۆڕانی بەسەردا بێ، مەگەر ئەوەی گوشاری کۆمەڵگەی جیهانی ناچار بە ملدانی بکا و، هەتا ئەو کاتەی بڕیارنامەکان هەر لەسەر کاغەز بن و نەچنە خانەی پراکتیک و تێچووی قورس نەخەنە سەر ڕێژیم؛ کۆماری ئیسلامی لەم ڕەفتارەی بەردەوام دەبێ. پرسی مافی مرۆڤ دەبێ لە بابەتێکی نێوخۆیی وڵاتان بێتە دەرێ و گرێ بدرێ بە شەرعییەتدان بە دەسەڵاتی سیاسی یان ئەستاندنەوەی ئەم شەرعییەتە لەم دەسەڵاتەی مافی خەڵکەکەی پێشێل دەکا. وڵاتانی زلهێز و خاوەن بڕیاری دنیا تەنیا بە وەلانانی ڕەفتاری دووفاقەیان لەگەڵ ئێران لە بەستێنی مافی مرۆڤدا دەتوانن ئەم ڕێژیمە لە ڕەهەندە ئەمنیەتییەکانی وەک تیرۆریسم و بەرنامەی مووشەکی و قەیرانی ئەتومیدا ناچار بە پاشەکشە و گۆڕینی ڕەفتار بکەن.

دواجار بەڕێز جاوید ڕەحمان و هەموو لایەن و ناوەندەکانی دیکەی پێوەندییەرێی بەبێ بزانن کە ئیدی دەبێ لە قۆناغی نیگەرانی و ناڕەزایەتیدەربڕین تێپەڕن و ڕوو لە بڕیاری جیدی بنێن.

پەیامی سکرتێڕی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی جێژنی نەتەوایەتیی نەورۆزەوە



هاونیشتمانە بەڕێزەکان!
خەڵکی تینووی ئازادیی کوردستان!
ئەندامان، کادر و پێشمەرگە قارەمانەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!

ساڵی ١٣٩٧ی هەتاوی بە هەموو ڕووداوە خۆش و ناخۆشەکانییەوە کۆتایی هات و لەسەری ساڵی نوێدا، نەورۆز؛ جێژنی کۆنی کوردەواری هاتەوە. بەو بۆنەیەوە لە لایەن دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە، پڕ بەدڵ جێژنە پیرۆزەتان لێ دەکەم و ئاواتەخوازم ساڵی نوێ، ساڵی داهاتنی ئەو بارودۆخە لەبارە بۆ خەڵکی ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ، کە داری خەباتی بێوچان و لەمێژینەی نەتەوە ژێردەست و بەشخوراوەکەمان بەر بگرێ و ئاواتی دێرینەمان، واتە گەیشتن بە ڕزگاری و دابینبوونی هەموو مافە ئینسانی و نەتەوایەتییەکانمان، بێتە دی. هەروەها جێژنەپیرۆزە لە بنەماڵەی شەهیدان و بەندییە سیاسییەکان دەکەین و، لە بەرامبەر ئازایەتی و فیداکارییان سەری کرنۆش دادەنەوێنین و دڵنیایان دەکەینەوە کە زەحمەت و ڕەنجی خۆڕاگریی ئەوان بەفیڕۆ ناچێ و هاوبیر و هاوسەنگەرانیان خەباتی ڕەوای ئەوان تا گەیشتن بە سەرکەوتن درێژە دەدەن.

نەورۆز، جێژنی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستانە. کوردان لە زۆر کۆنەوە هەموو ساڵێ بەڕەوپیری ئەو ڕۆژەوە چوون، کردوویانە بە جێژن، شادییان تێدا کردووە و ڕێوڕەسمی تایبەتیان بەو بۆنەیەوە بەڕێوە بردووە. ئەوەش بەهەڵکەوت و لەخۆوە نەبووە. خەڵکی ئێمە کۆمەڵێک مانا و نێوەرۆکی گرینگیان دە هاتنی نەورۆزدا دیوە، کە کردوویانەتە ڕەمزی خەبات و تێکۆشان بۆ سەرکەوتن بەسەر کەندوکۆسپەکانی ژیاندا و بۆ نوێکردنەوەی هێز و وزە لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجەکانیان و بنیادنانی ژیانێکی ئازاد و سەربەرزانە، ئیلهامیان لێ وەرگرتوون. نەورۆز جێژنی سەرکەوتنی بەهار بەسەر زستان، فەرحانی بەسەر تەنگانە، گەرما بەسەر سەرما، ڕووناکی بەسەر تاریکی و، خۆشی بەسەر ناخۆشی دایە. هەر ئەو تایبەتمەندییانەشن کە بۆ باب و باپیرانی ئێمە بوونە هۆی ئەوە کە نەورۆز بکەنە سەرمەشق و سیمبۆل بۆ لەبیربردنەوەی ناکامییەکان، گەشبوونەوەی هومێد و هیوا، نوێکردنەوەی هێز و تێهەڵچوونەوە و خەبات بۆ بەگژداچوونەوەی ستەمکاران و داگیرکەران و شێلگیربوون لە سەر گەیشتن بە ئازادی و مافی ڕەوای خۆیان. ئێمەش هەر ئەو پەیامە دە نەورۆزدا دەبینین، ئەو ئیلهامەی لێ وەردەگرین، بە وزە و هیوایەکی تازەوە، وەرزێکی نوێ لە خەبات و تێکۆشان دەست پێدەکەین، بە باوەڕی پتەو بە سەرکەوتنەوە تێکۆشانمان درێژە دەدەین و ئالای خەباتی ڕزگاریخوازانەمان تا سەرکەوتنی یەکجاری، شەکاوە ڕادەگرین.

هاونیشتمانە خۆشەویستەکان!

بزووتنەوەی ڕەوای نەتەوەی ئێمە بۆ گەیشتن بە ئازادی، دێموکراسی و مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی درێژەی هەیە و، حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک حیزبێکی بەرپرس، خاوەن مێژوو و شێلگیری ڕێگای ئەو خەباتە پیرۆزە، بە هەموو تواناوە دە مەیدان دایە و لە شێوە جۆراوجۆرەکانی خەبات بە مەبەستی وەدیهێنانی ئاوات و ئامانجەکانی نەتەوە دابەشکراو و بەشخوراوەکەمان کەلک وەردەگرێ. کۆمەڵانی خەڵکی ئێمە زۆر جاران و لە دەرفەتە گونجاوەکاندا نیشانیان داوە کە ئامادەیی و کارایی بەڕێوەبردنی خەباتی مەدەنییان، لە هەموو بوارەکاندا هەیە. مانگرتنی ئێوە لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەبۆنەی کارەساتی ١٧ی خەرمانانی ٩٧، کە لەودا کۆمەڵێک لە باشترین و فیداکارترین ڕۆڵەکانی دێموکرات بەهۆی مووشەکبارانکردنی قەڵای دێموکرات و لەو هێرشە تیرۆریستییەی کۆماری ئیسلامیدا شەهید بوون، نموونەیەکی ڕوونی هیممەت و ئازایەتیی ئێوە لەو بوارەدا بوو. بەرپرسانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە بەڕێوەبردنی پلانی ئەو هێرشە سامناکە پێیان وابوو دەتوانن ورەی ڕۆڵە خەباتکارەکانتان تێک بشکێنن، بەڵام ئێوە بەو مانگرتنە بەشکۆیە و بە نیشاندانی یەکیەتی و هاوەنگیی مەدەنی، لە ڕاستیدا هێرشکەرانتان خستە ترس و دڵەڕاوکێوە و بەڕووی بەو ڕێژیمە کۆنەپەرست و ستەمکارەتان نیشان دا کە ئەو خەڵکە تێکۆشەرە لە سەر داوا ڕەواکانی خۆیان سوورن، لە هەر بارودۆخێکدا پشتی ڕۆڵە خەباتکارەکانیان دەگرن و چاو بە سەر جینایەتەکانی دوژمندا ناقووچێنن. ئەوە ئەزموونێکی سەرکەوتوو بوو و هەر لەو کاتەشدا زامەکانی ئەو ڕووداوە سامناکەی تا ڕادەیەکی زۆر ساڕێژ کرد، سوکنایی بە دڵی بریندارى بنەماڵەی شەهیدان بەخشی و؛ وزە و توانای کادر و پێشمەرگەکانی دێموکراتی بۆ تێهەڵچوونەوەیەکی شێلگیرانەتر سەبارەت بە ڕاپەڕاندنی ئەرکی پیرۆزیان پتەوتر کرد.

خوشک و برایانی بەڕیز!

ئەمساڵ لە کاتێکدا بەرەوپیری جێژنی نەتەوایەتیی نەورۆزەوە دەچین، کە خەڵک لە کوردستان و لە سەرانسەری ئێرانیش دە بارودۆخێکی نالەبار و ناخۆشدا دەژین. سەرەڕای گوشار و زەبروزەنگ، بێکاریی بەربڵاو، نەبوونی دەرەتان بۆ ئازادیی دێموکراتییەکان و گەندەڵییەکی ئاشکرا کە سەرانسەری قەوارەی دەسەڵاتی ڕێژیمی بە شێوەیەک تەنیوە کە بۆخۆیشیان ناتوانن حاشای لێ بکەن، قەیرانی کەموێنەی ئابووری، گرانیی بێسنوور و کەمبوونی کەرەسە و پێداویستییەکانی ژیان، بەهۆی ئەو گەمارۆ ئابووریانەی وا لەسەر ئێران خراون، خەڵکی وڵات بە تایبەت چینە هەژار و کەمداهاتەکانی خستوتە بارودۆخێکی یەکجار دژاوەوە. ئاشکرایە بەرپرسی هەموو ئەو نەهامەتییانە و ئەو وەزعە ئاڵۆز وشپرێوە هەر دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانن، کە بایەخێک بۆ بەرژەوەندییەکانی وڵات و خەڵک دانانێن و لە پێناوی زێدەخوازی و ئامانجی ئاژاوەگێڕانەی خۆیاندا، هەموو بنەما و ڕێوشوێنە ناسراوە سیاسی و دیپلۆماسییەکان دەخەنە ژێر پێ. ئەوان لە جیاتیی ئەوەی بیر لە ئاسایش و ئاوەدانیی وڵات، ماف و ئازادییەکان و ژیان و بەڕێچوونی هاونیشتمانان بکەنەوە و چارەسەرێک بۆ گرفتە بێئەژمارە کۆمەڵایەتییەکانی خەڵک بدۆزنەوە، بەشی هەرەزۆری داهات و سامانی وڵات خەرجی دەستێوەردانی نیزامی و سیاسی لە وڵاتانی ناوچە، ئاژاوەنانەوە و تیرۆر، بەرنامەی مووشەکی، پێکهێنانی هیلالی شیعە و ناردنەدەرەوەی شۆڕشی ئیسلامی دەکەن. دەمڕاستەکانی ئەو ڕێژیمە لەمێژە لە ڕوانگەی وڵاتانی دەرەوە وەک دڕۆزن و ڕیاکار ناسراون، متمانەیان پێ ناکرێ و لە بواری دیپلۆماسی و پێوەندییە نێونەتەوەییەکاندا تەریککەوتوو و بێزراون.

بە سەرنجدان بەو فاکتۆرە نێوخۆیی و دەرەکییانە کە بەکورتی باسمان کردن و بە لەبەرچاوگرتنی ناڕەزایەتی و دژکردەوەی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتری خەڵکی وەزالەهاتووی سەرانسەری ئێران، ئایندەیەکی ڕوون بۆ درێژەی دەسەڵاتی ئەو ڕێژیمە سەرەڕۆ و ستەمکارە چاوەڕوان ناکرێ و سەرەنجام لە ئاکامی ڕاپەڕینی خەڵکی تینووی ئازادیی ئێراندا، کۆتایی بە دەسەڵاتی نگریسی دێ. لە کۆتاییدا جارێکی دیکەش بەبۆنەی ئەو جێژنە مێژوویییەوە پیرۆزبایێتان لێ دەکەم و ژیانێکی خۆش و سالێکی پڕ دەسکەوت و تەڕی لە سەرکەوتن بۆ هەموو نەتەوەکەمان بەئاوات دەخوازم.

مستەفا مەولوودی
سکرتێڕی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان
نەورۆزی ساڵی ١٣٩٨ی هەتاوی

یەکەمین کۆڕبەندی لاوانی چوارپارچەی کوردستان لە قەڵای دێموکرات



ڕۆژی شەممە، ٢٥ی ڕەشەمە یەکەمین کۆڕبەندی لاوانی کوردستان بە ئامادەبوونی نوێنەرانی بەشێک لە ڕێکخراوەکانی لاوانی هەرچوارپارچەی کوردستان لە قەڵای دێموکرات بەڕێوەچوو. لەم کۆڕبەندەدا کە لە چوار پانێل پێکهاتبوو، هەرکام لە نوێنەرانی بەشدار لەسەر دۆخی کورد و هاوکێشە سیاسییەکانی بەشێک لە کوردستان کۆمەڵێک بابەتیان باس کرد و دواتر بە کۆدەنگییەوە بڕیارنامەی کۆڕبەندەکە پەسند کرا. وتەی کردنەوەی کۆڕبەندەکە لەلایەن خاتوو شەونم هەمزەیی، ئەندامی ڕاوێژکاری بەڕێوەبەریی یەکیەتیی لاوان پێشکێشی کرد و دواتر پێشەوا عەلیپوور، سکرتێری یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەلاتی کوردستان ئامانج لە کۆڕبەندەکەی شی کردەوە. هەر لە بڕگەکانی سەرەتای کاری کۆڕبەندەکەدا بەڕێز سمایل بازیار مێژووناس و مامۆستای زانکۆ کورتەیەک لە مێژووی دۆخی خەبات لە هەر چوار پارچەی کوردستانی پێشکەش کرد و لە دەلاقەیەکی کوردانەوە دۆخی هەر چوار بەشی کوردستانی بە پشتبەستن بە بەڵگە و فاکتە مێژوویەکان خستە ڕوو. لە پانێلی دەستپێکی کۆڕبەندەکە، ئەحمەدمحەممەد ئەمین پانێلی لاوانی ڕۆژئاوای پێشکەش کرد و تێیدا باسی لە شێوەی بەڕێوەبەریی ڕۆژئاواقا و هەروەها زەرورەتەکانی یەکبونی نەتەوەیی کرد لە بەرامبەر گرفتەکانی بەردەمیان. پاشان سیروان گەردی لە پانێلی باشووری کوردستاندا باسی گرینگیی بەشداریی گەنجان لە ناوەندی بڕیاری سیاسییدا کرد و توانای لاوانی وەک هێزی پێشەنگ خستە ڕوو. لە درێژەی کاری کۆڕبەندەکەدا ڕێباز هاشم سکرتێری یەکیەتیی لاوانی کوردستان لە نێگایەکی دیکەوە بارودۆخی کورد و لاوانی کوردی لە باشووری کوردستان خستە بەر باس و بە ڕەخنە لە بازاڕی ئازادی کار لە باشوور، تیشکی خستە سەر گرینگیی ژیانی سوسیالیستی لەم هەرێمەدا. پاشان بەڕێز سدقی قەکار، هاوسەرۆکی لاوانی "HDP" لە ئورفا کورتەیەکی لە سەر بارودۆخی باکووری کوردستان و ڕۆڵی لاوان لە شۆڕشی مانگرتن لە خواردن و هەروەها ناڕەزایەتی بە پەراوێزخرانی زیندانیانی سیاسی خستەڕوو. پانێلی کۆتایی کۆڕبەندەکەش تەرخان کرابوو بۆ پرسی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان کە لەو بەشەشدا پێشەوا عەلیپوور، سکرتێری یەکیەتیی لاوان و ئەمجەد حوسێن پەناهی، چالاکی مافی مرۆڤ لە کوردستان لەسەر هەلومەرجی سیاسی و مەدەنیی ڕۆژهەلاتی کوردستان و بەستێنەکانی خەبات بۆ تاکی ڕۆژهەلاتی بە سەرنجدان بە هەروەزە نەتەوەییەکان بۆ بەشداران دوان. لە دوابڕگەی کاری کۆڕبەندەکەدا کۆمەڵێک بڕیار پەسند کران و مانگرتنی ٢١ی خەرمانانی ڕۆژهەلاتی کوردستان وەک ڕێفراندۆمی ڕۆژهەلاتی کوردستان ناسێندرا.

کوردستان
ژمارە: ٧٤٦
٢٩ی ڕەشەمەی ١٣٩٧ _ ٢٠ی مارسی ٢٠١٩

دووانە تەبا و ناتەباکانی مێژوویەکی ٧٥ساڵە پوختەی ئەزموونەکان

(بەشی کۆتایی)



قادر وریا

لە ٤ بەشی پێشوو داکۆمەڵێک لە دووانە تەبا و ناتەباکانی مێژووی ٧٥ساڵەی حیزبی دێموکراتم باس کرد کە بریتی بوون لە:١- سەربەخۆییخوازی و خودموختاریخوازی، ٢- سەرانسەری بوون و ناوچەیی بوون، ٣- چەپ بوون و نەتەوەیی بوون، ٤- شەڕخوازبوون یا ئاشتیخوازبوون، ٥- کوردستانیبوون و ڕۆژهەڵاتیبوون، ٦- نەریتخواز (سوننەتی)بوون یا مودێرن (نوێخواز)بوون. لەم بەشەشدا کە دواییین بەشی ئەم زنجیرە وتارەیە، لە سەر یەکێکی دیکە لە دووانە تەبا و ناتەباکان هەڵوێستەیەک دەکەم:

شۆڕشگێڕوڕادیکاڵبوون، یاڕیفۆرمیستومەدەنیبوون؟

ئەو پرسەی حیزبی دیموکرات خەباتی خۆی بۆ تەرخان کردوە و ئەو ئامانج و داوایانەی ئەو حیزبە لە درێژایی مێژووی خۆیدا هەڵگریان بووە، ئەگەر سیستەمێکی دەسەڵاتدارەتیی دیموکراتیک و پابەند بە ئازادیی تێکۆشانی سیاسی لە ئێران لەسەر کار بوایە، پێویست نەدەبوو حیزب دروشمی ڕووخانی ڕێژیمەکانی ئێرانی بۆ هەڵبگرێ و بەشێوازگەلی شۆڕشگێڕانە بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی خەبات بکا. چونکە هەم حیزبەکە مافی ئازادیی تێکۆشانی سیاسیی لە نێو ئێرانیدا دەبوو، هەم خەڵکی کوردستان وەک پێکهاتەیەکی نەتەوەیی جیاوازی ئێران، دەیانتوانی لە لایەکەوە نوێنەرانی ڕاستەقینەی خۆیان بنێرنە پارڵمانی ئێران و، لە لایەکی دیکە لە ڕێگا و شێوازە قانوونی و هێمنانەکانی دیکەی خەبات بۆ وەدیهێنانی داخوازەکانی خۆیان، کەلک وەربگرن.

بەڵام هەر دوو ڕێژیمی شایەتی و کۆماری ئیسلامی، لە ڕووی چییەتی و نێوەڕۆکەوە، بەتەواوی لەگەڵ داوای مافە نەتەوەییەکانی کورد نامۆ و دژ بوون. جگە لەوەی بچووکترین بە دەنگەوەهاتنیان بەرامبەر داوای مافە نەتەوەییەکانی کورد نەبووە، بە لەشکرکێشی بۆ سەر کوردستان و شەڕ و سەرکوت و، ڕێگەنەدان بە تێکۆشانی سیاسی و شێوازە هێمنانەکانی خەبات، لە گەڵ ئەو حیزبە و خەڵکی کوردستان ڕووبەروو بوونەتەوە. ئەزموونی حیزبی دیموکرات لە دەسپێکی دوو قۆناغی گرنگ لە مێژووی خۆی و ئێراندا، شایەدی بۆ ئەم ڕاستییە دەدەن. حیزبی دیموکرات لە سەرەتای دامەزرانیدا، بە پێکهێنانی کۆماری کوردستان و کار و خزمەتەکانی ئەو کۆمارە، بە پێوەرەکانی سەردەمی خۆی نموونەیەک لە مەدەنییەت و شێوازە مەدەنی و ئاشتیخوازانەکانی بەڕێوەبەریتیی کۆمەڵ و تەعامول لە گەڵ تاران و نەتەوەی دراوسێ و لایەنەکانی دیکەی گرتەبەر. سەفەری پێشەوا قازی محەممەد لە پلەی سەرۆکی کۆماری کوردستاندا بۆ تاران، دەسپێشخەری و ئامادەیی نیشاندان بوو بۆ چارەسەری کێشە لە گەڵ تاران بە شێوەی هێمنانە و ئاشتیخوازانە. بەڵام ڕێژیمی شایەتی هەر کە خۆی گرتەوە، لەشکری بۆ کوردستان نارد و کۆماری ڕووخاند و سەرانی کۆمار و حیزبی دیموکراتی کوردستانی لە سێدارە دا و دواتریش لە سەر سەرکوتی ئەو حیزبە و تێکۆشەرانی گەلی کورد بەردەوام بوو.

بە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و هاتنە سەرکاری ڕێژیمی تازە لە ئێران، جارێکی دیکە حیزبی دیموکرات بە هێنانەگۆڕێی داواکانی خەڵکی کوردستان بە شێوەی هێمنانە، وەدەست هاتەوە. ڕێژیمی تازەش، بە هەمان شێوەی ڕێژیمی شایەتی لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا لەگەڵ خەڵکی کوردستان و هێزە سیاسییەکانی جوواڵیەوە: بە لەشکرکێشی و سەپاندنی شەڕ.

وەک لە بەشەکانی پێشوودا ئاماژەی پێکرا، پەنابردنی حیزبی دێموکرات و هێزە سیاسییەکانی دیکە و بە گشتی خەڵکی کوردستان بۆ بەرگری لە خۆیان و، بەرپەرچدانەوەی لەشکرکێشی و هێرشی نیزامیی ڕێژیم بە چەک و هیزی پێشمەرگە، لە ناچاری بووە. هەڵگرتنی دروشمی ڕووخانی ئەو ڕێژیمەش لە لایەن ئەو حیزبەوە بەرهەمی ناسینی دروستی نێوەرۆکی ئەو ڕێژیمە و نەبوونی ڕێگای هێمنانەی خەبات بۆ داخوازەکان بووە. بەڵام شانبەشانی خۆراگریی چەکدارانە و خەباتی پێشمەرگانە، حیزبی دیموکرات تەنانەت لەو ساڵانەشدا کە بەربەرەکانیی چەکدارانە، شێوەی سەرەکیی خەباتەکەی بوو، هیچ کات دروشم و سیاسەتی کەلکەوەرگرتن لە هەموو شێوەکانی خەباتی وەلا نەناوە. سروشتیە لە هەلومەرجێکدا کە خەباتی پێشمەرگانەی وەک پێشوو بۆ بەڕێوە نەچووە، پتر لە پێشوو بایەخی بە شێوەکانی دیکەی خەبات و بە تایبەتی هاندان و ڕێنوێنی خەڵک بۆ سوود وەرگرتن لە دەرفەتەکانی نێوخۆ بە مەبەستی دەربڕینی داخوازەکانی خۆیان داوە.

لە سەردەمی یەکگرتووبوونی حیزبی دیموکرات (دەیەی حەفتای هەتاوی)، دەتوانین یەکەم هەڵبژاردنی سەرانسەریی «شوڕاکانی شار و دێ» و هەروەها هەڵبژاردنی نوێنەرانی مەجلیسی شەشەم بە نموونە بێنینەوە کە حیزبی دیموکرات داوای لە خەڵک کرد لە هەڵبژاردندا بەشداری بکەن. لە دەیەی هەشتای هەتاویشدا، بانگەوازی خەڵک بۆ مانگرتنی گشتی لە ٢٢ی پووشپەر (بیرئانینی تیرۆری د.قاسملوو)، دەلیلی بڕواهەبوونی حیزب بە سوودوەرگرتن لە شێوازگەلی مەدەنیی خەبات بووە. دیارە پێشتریش و دواتریش، حیزبی دیموکرات لە هاندان و ڕێزلێگرتنی خەبات و هەوڵدانی تێکۆشەرانی بواری فەرهەنگ بە تایبەتی ئەنجومەنە فەرهەنگییەکان، دڵسۆزانی بواری خزمەتکردنی زمانی کوردی و هتد، تەنەخی نەکردوە.

دوای لەتبوون، حیزبی دیموکراتی کوردستان، هاوشان لەگەڵ زیندووکردنەوەی حزووری پێشمەرگە لە نێو خەڵکی ڕۆژهەڵات، بە ڕاشکاوییەکی زیاترەوە سیاسەتی پشتیوانی و هاندانی خەبات و تێکۆشانی چالاکانی مەدەنی لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی گرتەبەر. لەم بارەیەوە پێوەندیی خۆی لەگەڵ کەسایەتییەکان و کۆڕ و کۆمەڵە مەدەنییەکانی نیوخۆ بەرینتر کردەوە و لە ڕاگەیەنەکانی خۆیدا، بواری بۆ ئاوڕدانەوە لە تێکۆشان و بیروڕای چالاکانی نێوخۆ ڕەخساند. خەباتی مەدەنیی خەڵکی ڕۆژهەڵات کە نێوەرۆکێکی نەتەوەیی و شوناسخوازانەی هەبووە، لە هەر بەستێن و بواریکدا بووبێ، لە لایەن ئەم حیزبەوە پێشوازیی لێ کراوە و پشتی گیراوە. ئەوانەش وایان کردوە خەڵک و بە تایبەتی چالاکانی نێوخۆ، پتر بە تێکۆشانی خۆیان دڵگەرم بن. ساڵی ١٣٨٨، کاتێک دوو بەربژێری پۆستی سەرکۆماری لە ڕەوتی بانگەشەکانی هەڵبژاردنی سەرکۆماریدا، نیمچە ئاوڕێکیان لە پرسی نەتەوە بندەستەکانی ئێران دایەوە، حیزبی دێموکرات داوای لە خەڵکی کوردستان کرد ڕەنگدانەوەی پرس و داوای خۆیان لە بەرنامەی کاندیداکاندا بکەنە بناغەی بەشداری و دەنگدانیان. جاری واش بووە لە هەڵبژاردنەکانی مەجلیس و شووڕاکاندا، بە تایبەتی لەو شار و ناوچانەدا، کە کورد و تورک پێکەوە دەژین و ململانێیەکان، ڕەنگ و واتای نەتەوەیان هەبووە، یا لە نێوان مۆرەیەکی ڕێژیم و کەسێکی نزیک لە خەڵک ڕقبەرقەی هەڵبژاردن هەبووە، داوای حیزبی دێموکرات ئەوە بووە کە خەڵک لەم دەرفەتانە بۆ سەلماندنی بوونی خۆیان و خستنە ڕووی داواکانیان و تێکشکاندنی پیلان و بەرنامەی دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم، بێنە مەیدان. ئەمانە لە لایەک و لە لایەکی دیکەوە، بەرجەستەبوونەوەی وتوێژخوازی و وەبیرهێنانەوەی پەیتا پەیتای ئەو قسەیە کە پرسی کوردستان ڕێگەچارەی نیزامی نییە، نەک هەر لە دەرەوەی حیزب بەڵکوو لە نیوخۆی حیزبیشدا، پەرەی بە دروستبوونی خوێندنەوەی جیاواز لە گوتار و سیاسەتی ڕەسمی و دیاریکراوی حیزب داوە.

لەو پێوەندییەدا پێویستە کۆنگرەی حەڤدەیەم، بۆ ئەوەی ناڕوونییەکان بڕەونەوە و تێگەیشتنی وەک یەک لە سیاسەتی حیزب بێتەوە کایە، سەرلەنوێ ڕوانگە و بینینی حیزب پێناسە بکاتەوە. بەڵام شاراوە نییە کە ئەم باسە هەر کاتێک و لە هەر ئاستێکدا بکرێ و بە هەر ئاکامێک بگا، دەبێ بتوانێ وەڵامدەری کۆمەڵێک پرسیاری جەوهەری بێ، بۆ نموونە: حیزبی دێموکرات لە ماوەی ٤٠ ساڵی ڕابردوودا، بێجگە لە زیانی سیاسی و وێکەوتنی زەبری ئەمنیەتی و فیزیکی، چ دەسکەوتێکی لە سیاسەتی وتوێژخوازی هەبووە؟ دیارە وتوێژخوازی ساڵی ١٣٥٨ بەو هۆیەوە کە هەم نیازپاکیی حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستان و، هەم بایەخنەدانی ڕێژیمی تازە بە داواکانی خەڵکی کوردستانی سەلماند، گرنگیی سیاسیی خۆی هەبوو. بەڵام لە بیرمان بێ، کۆماری ئیسلامی ساڵەکانی ١٣٦٧-١٣٦٨ لەکاتێکدا لە شەڕ لە گەڵ عێراقدا تێک شکابوو و لە باری ئابووری و سوپاییشەوە زیانی گەورەی لێ درابوو، لە حاڵێکیشدا حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ئەو کات بە هێزێکی چەند هەزار کەسیی پێشمەرگەوە لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، مەیداناریی بەرامبەر ئەو ڕێژیمە دەکرد و لە باری سیاسی و دیپلۆماسییشەوە، زۆر لە ئێستای حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سەرتر بوو، وتوێژی نەک بۆ چارەسەری کێشەی کوردستان، بەڵکوو بۆ لەداوخستنی دوکتور قاسملوو و تیرۆرکردنی ئەو ڕێبەرە بوو. ئێستا چ شتێک گۆڕاوە کە پێمان وابێ سیاسەتی وتوێژخوازی ئاکامێکی باشتری دەبێ؟ ئایا ئێمە لە ڕابردوو بە هێزتر بووین؟! یا گۆڕانێک لە سیاسەت و چییەتیی ئەو ڕێژیمەدا ڕووی داوە؟! تاقمێک لە ترۆپکی دەسەڵاتی ئەو ڕێژیمەدا کە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان تەنانەت کۆڕی خومەینی و کەسێکی وەک ڕەفسەنجانی لە نێو دەبەن؛ مەجالی وەدەنگ هاتن بە موسەوی و کەڕوبی و خاتەمی نادەن؛ تەنانەت ئامادە نین لە سەر دەستی کەسانێکی بڕواپێکراو و تاقیکراوەی خۆیان، کەمترین مافەکان بە خەڵکی کوردستان بدەن؛ چ نیەتێکی خێریان لە وتوێژ لەگەڵ حیزبێکی کوردستانی بە پێشینەی خەباتێکی شۆڕشگێڕانەی خۆیناوییەوە هەیە؟ «بە فرض محاڵ» گریمان بەشێک لە داخوازەکانی ئەو حیزبەیان قبوڵ کرد کە وتوێژیان لەگەڵ کردووە یا وتوێژی لەگەڵ دەکەن. ئایا هیچ حیزبێکی ڕۆژهەڵات دەتوانێ بە تەنیا لەسەر داخوازەکانی خەڵکی کوردستان بڕیار بدا و لەگەڵ ڕێژیم ڕێک بکەوێ؟ ئاکامی شتێکی ئەوتۆ بێجگە لە ڕاوەستان بە ڕامبەر بە هێزە سیاسییەکانی دیکە و، وەستانەوە لە ڕووی خەڵکدا، چ دەبێ؟

سیاسەتی وتوێژخوازی لە هەلومەرجێکدا کە کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆ لە لەگەڵ بێ وێنەترین تووڕەیی و بیزاریی خەڵک و، لە ئاستی نیودەوڵەتییش لە گەڵ گوشار و گەمارۆی پشتشکێن بەرەوڕووە و، هیزەکانی ئۆپۆزیسیۆن خەریکن خۆیان بۆ قۆستنەوەی ئەم دەرفەتە ئامادە دەکەن، جگە لە خزمەت بە مانەوەی ئەو ڕێژیمە و هەڵبڕاندنی حیزب لە هاوخەباتی لە گەڵ هێزە سیاسییەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنی کورد و ئێرانی، چ مانا و ئاکامێکی دەبێ؟

حیزبێکی سیاسی کە ئامانجەکان و بەرنامەکەی لە چوارچێوەی ڕێژیمی دەسەلاتداردا ئیمکانی جێبەجێبوونیان نییە، دوو ڕێگای زیاتر لە بەر دەم نییە. یا سیاسەت و دروشم و بەرنامەکەی خۆی دەبێ تا ئەو ڕادەیە دابەزێنێ کە لەو ڕێژیمەدا، ئەگەری جێبەجێبوونیان هەبێ، یا هەوڵی لە سەرکار لابردنی ئەو ڕێژیمە بدا. کۆماری ئیسلامی سەلماندوویەتی کە تەنانەت ئامادەیی جێبەجێکردنی ماددەی ١٥ دەستوورەکەی خۆشی نییە؛ ماددەیەک کە ئەگەر جێبەجێش بێ، شتێکی زۆر بچووک و کەم بایەخ لەو داخوازانەیە کە نەتەوەی کورد دەیان هەزار قوربانیی بۆ داون. سروشتییە کە حیزبی دیموکرات دوای زیاتر لە ٧٠ ساڵ ئالاهەڵگربوونی پرسێکی گەورە و ئامانجێکی بەرز و خەبات و قوربانیدانی پڕ شانازی لە پێناویدا، ناتوانێ ببێ بەو هێزە سیاسییەی داخوازەکانی لە کۆماری ئیسلامیدا جێبەجێ ببن.


بەڵام دانەبەزینی حیزبی دیموکرات لە داخوازە بنەڕەتییەکانی و، بەندبوونی وەدیهاتنی ئەو داخوازانە بە نەمانی ئەو ڕێژیمە، بە مانای وەلانانی هەموو شێوەکانی خەبات جگە لە شێوە ڕادیکاڵەکان نییە. حیزبێک دەکرێ دروشمە سەرەکییەکەی گۆڕان و نەمانی ڕێژیمێک بێ، بەڵام پشتیوانی هەر جۆرە خەباتێکی خەڵک بێ کە تەنگ بەو ڕێژیمە هەڵ دەچنێ. داخوازەکان هەر چیەک بن: سیاسی، ئابووری، کەلتووری، سینفی و چینایەتی، ڕۆژانە و تاکتیکی، درێژخایەن و ستراتیژیکی، گرینگ ئەوەیە بکرێن بە بیانوو و هەوێنی لە مەیداندابوونی بەردەوامی خەڵک بۆخەبات بۆ مافەکانی خۆیان و بەرگرییان لە شوناسی نەتەوەیی خۆیان. شتێک کە دەبێ ئەسل بێ، سوود وەرگرتنی خەڵکە لە دەرفەتەکان، هەم بۆ بەهێزکردنی یەکگرتوویی و هاوپێوەندی لە نێوخۆ و، پەرەدان بە خەباتخوازی و شوناسخوازیی خۆیان، هەم بۆ گوشار دروستکردن بۆ سەر دەسەڵات و خوڵقاندنی هەلومەرجێک کە خۆیان باشتر بتوانن هەناسە بدەن.

سیاسەتی بانگەوازیی خەڵک بۆ لە مەیداندابوون و، بۆ ئەوەی لە هەموو دەرفەتێک بۆ سەلماندنی بوونی خۆیان و دەربڕینی ویست و داخوازەکانیان سوود وەر بگرن، سیاسەتێکی دروستە. بەڵام ئەوەی نادروستە خوێندنەوەیەکی هەڵەیە لە پێناسەی «سوود وەرگرتن لە دەرفەتەکان». تەم ڕەواندنەوە لەسەر ئەو سیاسەتە ئەرکێکی دیکەی کونگرەی حەڤدەیەمی حیزبە. ئەو تەمە دەبێ بڕەوێتەوە کە پێشوازی و پشتیوانی لە خەباتی مەدەنی و بزووتنەوەی مەدەنی لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە هیچ جۆر بەو مانایە نییە کە حیزبی دێموکرات بۆ خۆپیشی گوتار و سیاسەت و هەڵوێستەکانی تا ئاستی گوتار و سیاسەت و هەڵوێستی ڕێکخراوێکی مەدەنیی نیوخۆ _کە ناچارە لە چوارچێوەی یاسا و ڕێسا دیاریکراو و دیارینەکراوی کۆماری ئیسلامیدا تێکۆشانی هەبێ_ دابەبەزێنێ. ئەمەش دەبێ ڕوون ببێتەوە کە بەردەوامی لە سەر ئەو سیاسەتە بەو مانایە نییە کە لە هەموو هەڵبژاردنێک و لە هەر هەلومەرجێکدا، خەڵک بۆ بەشداری لە هەڵبژاردن و دەنگدان، هان بدرێن. ئەگەر لە هەڵبژاردنێکدا، خەڵک بە دەنگدان بە کاندیدایەک بە هۆی بەرنامە سیاسییەکەی، یا بە هۆکاری ئەتنیکی، دەتوانن پەیامێکی سیاسی بگەیەنن، لە هەڵبژاردنێکی دیکەدا، بە دەنگەدان و بایکۆتی یەکگرتووانە، دەتوانن هەڵوێست و پەیامی گەورەتر بگەیەنن. ئەمەش نابێ لە سیاسەتدارشتنی داهاتوومانداو لە بیر خۆمان بەرینەوە کە ئەزموونی هەڵبژاردنەکانی چەند دەورەی ڕابردوو دەری خست تەنانەت ئەو کاتەش کە خەڵک بە وشیاری وبە داواکاریی سیاسی و نەتەوەیی دیاریکراوەوە بەشداری لە هەڵبژاردندا دەکەن بۆ ئەوەی بە لانیکەمی مافەکانیان بگەن، سەرئەنجام هەر ناهومیدی و ڕەنج بە خەساریان بۆ دەمێنێتەوە.

پوختەی ئەزموونی ڕابردوو:

حیزبێک بە ئامانج و بەرنامەی سیاسیی شۆڕشگێڕانە و بە پێشینەی خەباتی شۆڕشگێڕییەوە، ئەگەر بەرامبەر پوتانسیەلی خەباتگێڕانەی نێو هەناوی کۆمەڵ کە لە ڕووی داواکاری و شێوازەوە «مەدەنی» و هێندێکیان ڕێفۆرمخوازانەشن، بێ تەفاوەت بێ یا دژایەتیی بکا، بۆ خۆی زەرەر دەکا. بە پێچەوانەوە پێویستە بە ئاراستەی ئەو ئامانجە گەورە و گشتی و هاوبەشانەی «حیزب» و «خەڵک «یا «حیزب» و «کۆمەڵ» پێک دەبەستنەوە، کاریگەریی لە سەر ئەو جۆرە خەبات و بزووتنەوەیە هەبێ، بێ ئەوەی هیچ کام لەو دووانە (حیزبی شۆڕشگێڕ و بزووتنەوەی مەدەنی) ڕۆڵ و جێگەی خۆیان لێ بگۆڕێ یا جێگای خۆیان گەڵ یەکتر بگۆڕنەوە. ئەگەر لە بڕگەیەکی زەمانییشدا، دروشمێک یا شێوازێک لە خەباتی حیزب، جێگای پەسندی بەشێک لە بزووتنەوە مەدەنییەکە نەبوو، یا بە پێچەوانەوە داواکارییەکی بزووتنەوە مەدەنییەکە و جۆری هەوڵدان و خەباتکردن لە پێناویدا، زۆر کەمتر و بچووکتر لە چاوەڕوانییەکانی ئەو حیزبە بوو، بە ئاسایی بزانین . چونکە سروشتییە دوو ئەکتەر بە دوو مەوقعییەتی جیاوازی سیاسی و بە دوو بوار و توانای جیاوازی خەباتکردنەوە، ناتوانن بەردەوام پێ بە پێی یەک بچنە پێش. گرنگ ئەوەیە حیزب ڕۆڵی پێشڕەوانە و ڕێنشاندەرانەی خۆی بپارێزێ و هەوڵ بدا بزووتنەوە مەدەنییەکە لە ئامانجە سەرەکییەکان و ڕێڕەوە گشتییەکەدا، لانەدا.

دیداری هەیئەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ وەزارەتی دادگوستەریی ئوتریش



ڕۆژی چوارشەممە، ١٣ی مارسی ٢٠١٩ی زایینی (٢٢ی ڕەشەمە) هەیئەتی حیزبی دیموکراتی کورستان بە سەرپەرستیی کاک خالد عەزیزی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزب لەگەڵ هەیئەتی دادگوستەری ئویریش بە بەشداری دوکتور ئەندریاس پۆلاک، بەرپرسی بەشی ئینتەرناسیونالی وەزارەتی دادگوستەری ئوتریش و؛ دوکتۆر ئێشتفان بەننەر، دادوەری گشتیی بەشی تاوانە نێونەتەوەییەکان دیداریان کرد.

لەو دانیشتنەدا کاک خالید عەزیزی بە ئاماژە بە جینایەتی تیرۆری ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری وییەن، پێتەختی ئوتریش گوتی: ئەوە سی ساڵ بە سەر تیرۆری دوکتۆر قاسملو لە شاری وییەن تێدەپەڕێ، بەڵام تا ئێستاش ئەو پەروەندەیە بە ئاکام نەگەیشتوە. ئێمە ئەو وتەی وەزیری دادگوستەری ئوتریش، دوکتۆر یۆسف مۆسەر، بە پایەی باسەکەمان دادەنێین کە دەڵێ سیاسەت تابعی قانون بێت و، داوای خۆمان لە وڵاتی ئوتریش تازە دەکەینەوە کە بەدواچوونێکی عادڵانە بۆ پەروەندەی دوکتۆر قاسملو دەست پێ بکرێتەوە و بکوژان و بڕیاردەرانی ئەو جینایەتە بدرێنە دادگا.

لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا کاک خالید باسی ئەوەی کرد کە ڕاست بوونەوەی کۆماری ئیسلامیی شیعە و پاوانخوازی و بڵاوکردنەوەی تیرۆر لە ناوچەکەدا بۆتە هۆی دژکردەوەی هێزە سوونەکانی ناوچە و پەرەئەستاندنی تیرۆر لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئوروپادا. بۆیە پێشگرتن لە دووبارە بوونەوەی جینایەتی وییەن و هەموو ئەو کردەوە تیرۆریستیانەی لە ساڵانی ڕابردوودا کۆماری ئیسلامی دەستی بۆ بردوون، لە گرەوی ئەوە دایە بەربەست بۆ کۆماری ئیسلامی دروست بکرێ و پەروەندەی هەموو ئەو قەتڵە سیاسیانە زیندوو بکرێنەوە و پێش بە نفوزی ئێران لە ناوچەکەدا بگیردرێ .

لەو دیدارەدا هەیئەتی خانەخوێ تێگەشتنی خۆیان بۆ هەست و ئێحساسی گەلی کورد دەربڕی و ڕایانگەیاند کە ئەو پەروەندەیە لە بەر ئەو ئاستەنگانەی کە کۆماری ئیسلامی ئێران دروستی کردووە بابەتێکی زۆر پڕ کێشە و ئاڵۆزە، بەڵام لەڕوانگەی سیستەمی دادگای ئوتریشەوە پەروەندەی تیرۆری د. قاسملوو هەروا کراوەیە و بکوژانی ئەم جنایەتە ئیستاش حوکمی بەدواداچوون و لێپرسینەوەیان لە سەرە.

سمیناری کاک خالید عەزیزی لە پارڵمانی ئوتریش



ڕۆژی سێشەمە، ١٢ی مارس (٢١ی ڕەشەمە) لە سەر بانگێشتی فراکسیۆنی حیزبی سۆسیال دێموکراتی ئوتریش، سمیناڕێک بە بەشداریی کۆمەڵێک لە پارڵمانتارانی ئوتریش و ڕۆژنامەنووسان و ئاکادیمسیەن بۆ کاک خالید عەزیزی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزب پێک هات.

لەم سمیناڕەدا ئاندریاز شیدە، جێگری سەرۆکی فراکسیونی حیزبی سوسیالیست لە پارڵمان باسەکەی کردەوە و دواتر کاک خالید عەزیزی باسەکەی بە ڕەخنەگرتن لە سیستمی دادی ئوتریش سەبارەت بە پەروەردەی تیرۆری دوکتور قاسملوو دەست پێکرد. دواتر لەسەر هەلومەرجی سیاسیی ئێران و کوردستان و ڕۆڵی تێکدەرانەی کۆماری ئیسلامی و مەترسییەکانی بۆ سەر ئەمنیەتی جیهانی بۆ بەشداران دوا. بەرپرسی پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزب بە ئاماژە بە خەبات و تێکۆشانی حیزبی دیموکرات و تێکۆشانی خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات، تیشکی خستە سەر ئەوە کە کە کۆماری ئیسلامی داوا ڕەواکانی خەڵکی کوردستانی ئێرانی بە مووشکبارانی سەرکردایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان وڵام دایەوە و دیسانەکەش مەترسیی ئەوە هەیە جارێکی دیکەش بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکرات وەبەر هێرش بداتەوە؛ بۆیە داوامان لە وڵاتی ئوتریش و یەکیەتیی ئوروپا ئەوەیە کە بەرامبەر بە دەستدرێژییەکانی کۆماری ئیسلامی بێ تەفاوەت نەبن.

لە بەشێکی دیکەی بەرنامەکەدا توماس شمیدینگەر، ماموستای زانکۆ بەشی زانستە سیاسییەکانی شاری قیەن باسێکی لەسەر ئێران و سیاسەتەلکانی کۆماری ئیسلامی کرد و دوابڕگەی سمیناڕەکەش بۆ بەشی پرسیار و وەڵام تەرخان کرابوو.

کوردستان
• ژمارە ٧٤٦
٢٩ی ڕەشەمەی ١٣٩٧ _ ٢٠ی مارسی ٢٠١٩

گوتار وەک هێز



حەسەن شێخانی



لەم ساڵانەی دواییدا زۆر جار دیتوومانە کە گوتار (دیسکۆرس)ی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە شێوەیەکی نادروست وێنا کراوە و، بە کۆمەڵێک گوتەی ڕووتی ڕەها لە دەرکەوت و هێزی بەرهەست و بەرجەستە ناو براوە و لەم ڕێگەوە هەوڵی چەواشەکردن و بێبڕخ کردنی دراوە. یەکەم ئەوەی کە گوتاری حیزبی دێموکراتی کوردستان هەمان گوتاری مێژوویی حیزبی دێموکراتە و هەوڵ دراوە لەگەڵ ڕۆحی سەردەم مۆتۆربە بکرێ و لە واقیعدا ئەم گوتارە مێژووییە خراوەتە نێو بەستێن و زەمینەیەکی نوێوە و بەو پێیە وێڕای پاراستنی پرەنسیپ و بنەما جەوهەرییەکانی، هەوڵی بەڕۆژکردنەوەی دراوە. دووهەم؛ ڕاستە کە هەندێک لەو باسانەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستان هێناونیە ئاراوە، بەباشی تیۆریزە نەکراون. ئەگەر گوتارێکی تۆکمە بە سەمفۆنیایەک بشوبهێنین، هەندێک جار لە سەمفۆنیای گوتاری ئەم حیزبە دەرچوون هەبووە و ئەم دەرچوونانە وەک پاڕادۆکس خۆیان نواندووە؛ هەروەها لە ڕێکخستنەوە و نۆژەنکردنەوەی گوتاری مێژوویی حیزبدا کەمایەسی هەیە و لەم بوارەدا بە کەلکوەرگرتن لە توانای ئەقڵی گشتی دەتوانرێ بەسەر ئەم کەمایەسییەدا زاڵ بین. لەم وتارەدا ئەمن ناچمە سەر گوتاری حیزبی دێموکراتی کوردستان و تەتەڵەی ناکەم و هەڵیناسەنگێنم، ئەم ڕەخنە یان دروستتر بڵێم ئەم هەڵەتێگەیشتنانەی سەرەوە دەکەمە بیانوویەک بۆ باسێکی گشتگیرتر لەسەر هاوکێشەی نێوان گوتار و هێز. پێم وایە بەشێک لەم هەڵەتێگەیشتنانە لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە گوتار بە گوتە و قسەی ڕووت یەکسان دەکرێ و لەم ڕوانگەوە گوتە و قسەش "شت" نین و حیسابیان لەسەر ناکرێ. لە پشت ئەم وێناکردن و هەوڵانە، تێنەگەیشتن لە چەمکی گوتار دەبینرێ. ئەم دیدە لە قووڵاییدا دیدێکی مادیگەرا و فیزیکالیستییە و هێز و سەرچاوەکانی هێز تەنیا لە مادە و کەرەستەی فیزیکی و مادیدا دەبینێ و پێکهاتە مەنتقی و مەعنەوی و سەمبولیک و فیکرییەکان لە دەرەوەی هێز وێنا دەکا. کێشەیەکی ئەم دیدە ئەوەیە کە ئۆبژە لە سووژە دادەبڕێ و سووژە بە ڕەنگدانەوەی ئۆبژە دەزانێ و پێوەندییەکی سەرخان و ژێرخانی لەنێوان سووژە و ئۆبژەدا وێنا دەکا و ئەوەی بە گرینگی دەزانێ ئۆبژەی ژێرخانە. لە حاڵێکدا هەم سووژە لە شکڵ بەخشین بە ئۆبژەدا بەشدارە و هەم ئۆبژە لە شکڵپێدان و ئاراستە بەخشین بە سووژەدا بەشدار و کاریگەرە. بە دەربڕینێکی ڕوونتر گوتار وەک پێکهاتەیەکی سۆبژێکتیف لە شکڵپێدان بە پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان وەک دیاردەیەکی ئۆبژێکتیڤدا بەشدارە و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانیش گوتاری گونجاوی خۆیان دەخوڵقێنن و دەستکارییان دەکەن و ئاراستەیان پێدەدەن. دروستەکەی وایە بڵێین کە سووژە و ئۆبژە لە بیاقی کۆمەڵایەتیدا لەپاڵ یەک دان و پێوەندییەکی ڕێژەیی دووڵایەنەیان هەیە و هەم پێکهاتە بەرهەستەکانی کۆمەڵایەتی چوارچێوەیەکن کە سووژە تێیدا شکڵ دەگرێ و هەم سووژەش دەیانگۆڕێ و دەستکارییان دەکا. لەم وتارەدا لەژێر تیشکی تێگەیشتنێک لە فیکری میشێل فوکۆ، بیرمەندی فەڕانسەیی، ئەو دیدە پۆزیتیویستییەی سەرەوە دەبەینە ژێر پرسیار و دەڵێین کە گوتار وەک پێکهاتەیەکی زێهنی و سۆبژێکتیڤ، لە هەمان کاتدا کە ڕەگەزەکانی لە هەناوی کۆمەڵگە وەردەگرێ و دابڕاو نییە لە کۆمەڵگە، نەخشەی ڕێکخستن و دەستکاریکردن و گۆڕینی پێکهاتە ئۆبژێکتیڤەکانی کۆمەڵگەشە. گوتار لە هەناوی خۆیدا هەڵگری خواستی سوڵتە و هێژمۆنی و بەکردەیی کردنی خەونەکانیەتی. گوتار نەتەنیا کۆمەڵە گوتەیەکی ڕەها لە هێز نییە بەڵکوو هێز، ڕەهەندێکی پێکهاتەیی و خواستی سەرەکیی گوتارە. گوتار لە دەرەوەی هێز ئەسڵەن بوونی نییە؛ گوتار هەم بەرهەمهێنراوی هێز و توانای زێهنییە و هەم بەرهەمهێنەری هێز. گوتار زنجیرەیەکی ڕێکخراوی بیرکردنەوە، ڕوانین و ڕوویکەردە کە خواست و ئیرادەیەکی دیاریکراوی لەپشتە. گوتار پاڕادایم یان چوارچێوەیەکی شرۆڤە و لێکدانەوەیە. هەر گوتارێک ئاسۆیەکی ڕوانینت پێ دەبەخشێ کە لێیەوە بڕوانیە ڕووداو و دیاردەکان. بەکورتی گوتار سیستمێکی مانایییە کە بەدوای ئامانجێکدا وێڵە و خۆی لەخۆیدا هەوڵی زاڵبوون و هێژمۆنی دەدا و لە جەوهەری خۆیدا هەڵگری خواستی هێزە. لەبەر ئەوەی کە کارکردی گوتار فۆرمبەخشین بە زێهنییەت و ئاراستەکردنی ڕەفتاری تاکەکانی کۆمەڵگەیە، هەر لە نێوەڕۆکی خۆیدا بەدوای هێزدا وێڵە و لە بنەڕەتدا گوتار لە دەرەوەی پێوەندییەکانی هێز بوونی نییە. لێرەدا وەک میشێل فوکۆ دەڵێ گوتار لە دوو بەشی سیستمی مانایی و خواستی هێز پێک دێ. واتە گوتار زێهنییەت و ڕوانین و دواجار ئاکاری تاکەکانی کۆمەڵگە لە پێناوی خواستێکی دیاریکراودا دادەڕێژێ و فۆرمی پێدەدا. بۆ نموونە گوتاری نەتەوەیی دەیەوێ لەڕێگەی ئاراستە کردنی زێهنییەت و ڕەفتاری تاکەکانی کۆمەڵگە، لەسەر بنەمای چەمکی نەتەوەیی، هێزی گەیشتن بە مافی نەتەوەیی بخوڵقێنێ. لەبەر ئەوەی کە هەر گوتارێک هەڵگری ئاسۆیەکی ڕوانینە و خواستێکی دیاریکراوی لەپشتە، ناتوانێ ئیدیعای کۆکبوونی تەواوەتی و یەکانگیری لەگەڵ واقیعیەت بکا و خۆی وەک حەقیقەتی ڕەها وێنا بکا. هیچ گوتارێکی دیاریکراو ناتوانێ ئیدیعای ئەوە بکا کە بەتەنیایی کافییە و لە بوونی ئەودا پێویست ناکا هیچ گوتارێکی دیکە هەبێ. گوتارێک هەرچەند گشتگیریش بێ لە نێوخۆیدا و لەپاڵ خۆیدا پێویستیی گوتاری دیکەش خۆ دەنوێنێ؛ چونکە هەر گوتارێک پێگە و گوشەنیگا و خواستێکی دیاریکراوی هەیە و نیازێک لە نیازەکانی کۆمەڵگە وڵام دەداتەوە و بەتەنیا ناتوانێ وڵامدەری هەموو خواست و نیازەکانی کۆمەڵگە و مرۆڤەکانی نێو ئەو کۆمەڵگەیە بێ. بۆ نموونە گوتاری نەتەوەیی هەرچەند گشتگیریش بێ بەڵام لەژێر چەتری ئەودا یان لە پاڵ ویدا، پێویستیی گوتاری دێموکراسی و ئازادیی تاک، عەدالەتی کۆمەڵایەتی، یەکسانیی نێوان ژن و پیاو و گوتاری ژینگەپارێزیش خۆ دەنوێنێ و هەرکامیان نیازێک لە نیازەکانی مرۆڤەکانی نێو کۆمەڵگە وڵام دەدەنەوە. گوتاری نەتەوەیی هەرچەند گشتگیریش بێ و لە شکڵی گوتاری ڕزگاریی خاکدا، ڕۆڵی بەستێنساز بۆ گوتارەکانی دیکە ببینێ، بەڵام هەموو نیازەکانی کۆمەڵگە وڵام ناداتەوە. گوتاری نەتەوەیی، وەک هەر گوتارێکی دیکە خواستی هێز و هێژمۆنی و گشتگیریی هەیە، بەڵام ناتوانێ ئیدیعای ڕەهابوون بکا؛ لەبەر ئەوەی کە لە پێگەیەکی دیاریکراو و تایبەتەوە، لە گۆشەنیگایەکەوە، لە جیهان و دەوروبەری ڕادەمێنێ؛ ئەمەش بە شێوەیەکی چارەهەڵنەگر ڕێ دەگرێ لەوەی کە بتوانێ لەگەڵ واقیعیەتی فرەچەشنی خواست و نیازەکانی کۆمەڵگە یەکانگیر بێ. گوتارەکان کەم و زۆر ئیدیعای حەقیقەت دەکەن بەڵام نێوەڕۆک و پێناسەی گوتار، بەم شێوەیەی لێرە خرایەڕوو، لەگەڵ ڕەهابوون نایەتەوە؛ چونکە هەرکامیان لە ئاسۆ و پێگەیەکەوە لە جیهان و دەوروبەریان ڕادەمێنن و هەر ئەمەش ڕێژەگەرایی دەسەپێنێ. گوتار دەزگایەکی چەمکییە کە ڕەنگدانەوەی ئاوێنەیی واقیع نییە، بەڵکوو خوێندنەوە و ڕیوایەتێک لە واقیع. خوێندنەوە و ڕیوایەتێک کە مەودای هەیە لەگەڵ واقیع و لێرەدایە کە لێی جیا دەبێتەوە و تا ڕادەیەک شوناسێکی جیاواز وەردەگرێ. گوتار ڕەگەز و پێکهێنەرەکانی لە واقیع وەردەگرێ بەڵام چونکە کاراکتەرێکی زێهنی و دروستکراوی هەیە، بۆیە وەک واقیعیەتی کەلامی مامەڵە دەکرێ کە هەم لە واقیعیەتی واقعی جیا دەبێتەوە و هەم شکڵیشی پێ دەدا. گوتار پێکهاتەیەکی دەرهەستی هەیە و لە ڕێگەی شکڵ پێدان و ئاراستەکردنی ڕوانین و ئاکاری کۆمەڵێک مرۆڤەوە ڕەهەندێکی بەرهەست و بەرجەستە وەردەگرێ. گوتار چەمک و دروستکراوێکی زێهنییە بەڵام ڕەگەز و دەرکەوتی مادیشی هەیە بۆیە ناکرێ گوتار تەنیا وەک شتێکی زێهنی ڕووت مامەڵە بکەین. هەڵەیە ئەگەر گوتار تەنیا بۆ بابەتێکی زێهنیی ڕووت دابەزێنین چونکە هەم پێکهێنەری مادی هەیە و هەم دەرکەوتی مادیش و هەڵەشە ئەگەر هێز تەنیا لە ڕەهەندیی مادیدا کورت بکەینەوە. ئەگەر ڕوانینێکی ڕەقامێریمان بۆ چەمکی هێز هەبێ و تەنیا لە ڕەهەندی مادی و ئامرازیدا کورتی بکەینەوە، ئەوا گوتار وەک سیستمێکی گوتە و قسەی بێکەڵک و بێبڕخ وێنا دەکەین. لەڕاستیدا کارکردی گوتار ئەوەیە کە لە ڕێگەی ئاراستەکردنی سووژەکانەوە و کاریگەری دانان لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان، فۆرمێکی دیاریکراو بە واقیعیەت دەدا. واتە واقیعیەتی کەلامی خۆی بۆ واقیعیەتی مادی وەردەگێڕێ. هەموو ئەم ئاراستەکردن و فۆرمبەخشینە دەچنە چوارچێوەی هێز و پێوەندییەکانی هێزەوە. هەر گوتارێک مادام هەوڵی ئەوە دەدا کە زێهنییەت و کەسایەتی و ڕەفتاری سووژەکان داڕێژێ و شکڵ بدا یان لە داڕشتن و فۆرمبەخشینیدا بەشدارە، بۆیە لە چییەتی و جەوهەری خۆیدا لەگەڵ هێز لێک ئاڵاوە و خواستی هێز دەیجووڵێنێ، بەڵام لە هەمان کاتدا لەبەر ئەوەی کە هەر گوتارێک ئاسۆی ڕوانین و خواستێکی دیاریکراوی لەپشتە و، لەبەر ئەوەی کە گوتار لە پێگەیەکی دەرەکیدا نییە لەگەڵ کۆمەڵگەدا، بەڵکوو پێکهێنەر و ڕەگەزەکانی بە شێوەیەکی ناڕێکخراو لە کۆمەڵگەدا بوونیان هەیە، بۆیە ناتوانێ ئیدیعای ڕەهابوون بکا. گوتار بەدوای هێز و هێژمۆنیدا وێڵە بەڵام بەهۆی جەوهەرەکەی ناتوانێ ڕەهایی وەربگرێ ئەمەش جۆرێکە لە پاڕادۆکس. گوتارەکان کاراکتەرێکی مێژوویی و سەردەمییان هەیە و دەرەمێژوو و دەرەسەردەم نین؛ هەم هەڵقوڵاوی بەستێنێکی مێژوویی دیاریکراو و هەم وڵامدانەوەی پێویستییەکانی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراون. دیارە کە دەڵێن کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو، بەو مانایە نییە کە هەموو گوتارەکان لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا قەتیس بکەین و ڕەهەندی یونیڤێرسالیان لێ وەرگرینەوە. بەهۆی تێکەڵاویی نێوان مرۆڤ و کۆمەڵگەکان و بەهۆی هەندێک هاوبەشیی نێوان مرۆڤەکان و بەتایبەت بەهۆی بەرفراوانی پێوەندییەکانی مرۆڤ لە سەردەمی زانیاریدا، ئاساییە کە گوتارێک ڕەهەندی گشتگیر وەربگرێ و لە کۆمەڵگەکانی دیکەشدا جێ بکاتەوە و پەرە بگرێ. لەڕاستیدا هەر گوتارێک لە ئاست و بیاڤێکی دیاریکراودا هەوڵی گشتگیربوون دەدا و ئەمەش لە تایبەتمەندییەکانی گوتارە و هەر ئەم گشتگیرییەش کە دەربڕینێکی دیکەی زاڵبوون و هێژمۆنیە، گوتار دەکاتە خاوەن کاراکتەرێکی هێز. واتە ناکرێ گوتار و هێز لەیەک جیا بکەینەوە. هێز لە پێگەیەکی دەرەکیدا نییە بە نیسبەت گوتار، بەڵکوو ڕەهەندی ناوەکی و خواستی بنەمایی گوتارە. بۆ ئەوەی لە گوتار وەک هێز تێبگەین پێویستە لە ئیدیۆمی "میکرۆفیزیکیی هێز"ی میشێل فوکۆ کەلک وەربگرین. فوکۆ لەجیاتی هێز لە دەستەواژەی پێوەندییەکانی هێز کەلک وەردەگرێ و خەسڵەتی دینامیک بە هێز دەبەخشێ. هێز وەک شت مامەڵە ناکا بەڵکوو لە چۆنیەتیی دابەشکردنی سەرمایەی فەرهەنگی و مادیدا و لەسەر ئەم بنەمایەش لە چۆنیەتیی ڕێکخستنی پێوەندییەکاندا دەبینێ. ئەم ڕوانینەی کە هێز لە ڕووە مادییەکەیدا کورت دەکاتەوە، بە شێوەیەکی خوازراو یان نەخوازراو، سەرمایەی فەرهەنگی، مەعنەوی و کۆمەڵایەتی و بە دەربڕینێکی گرامشیانە، هێژمۆنی، نادیدە دەگرێ و ئەمەش دیدێکی بەتەواوی پۆزیتیویستی و فیزیکالیستی و بە ئۆبژە چواندنی چەمکەکانە. نابێ لەبیرمان بچێ کە چەمکەکان بە چەمکی هێز و گوتاریشەوە، زێهنی و تیۆریکن و دروست دەکرێن و ئەگەرچی فۆرماسیۆنێکی زێهنیی ڕەگەزە واقعییەکانن، بەڵام قەت وەرگێڕانی مەفهوومیی واقعیەت نین و بمانەوێ و نەمانەوێ چەمکەکان هەرچەند مادە خاوەکانیان لە واقعیەت وەردەگرن، بەڵام دانانی گەڵاڵە و نەخشە، دەستکاریکردن، ڕێکخستن، داڕشتن و ئاراستەکردنی ئەو کەرەستە خاوانە، کاری زێهنە؛ لێرە دایە کە سووژە و ئۆبژە لێک دەئاڵێن و پێوەندی و پێکهاتەی ئەو دووانەیە کە هەم چەمکەکان دەئافرێنن و هەم واقعیەت دەخوێنەوە و شکڵیشی پێ دەدەن.

لە دەستەواژەی پێوەندییەکانی هێزدا پێناسەیەکی بەرفراوانتر بۆ چەمکی هێز دەکرێ، ڕوانینێک کە هێز لە شتێکی مادیدا کورت ناکاتەوە کە دەکرێ لە شوێنێکدا کۆببێتەوە و وەک ئامراز بەکار بێ؛ واتە ئەم پێناسەیە مەودا دەگرێ لە ڕوانینێکی ڕەقامێری کە هیچ بوونێک بۆ هێز لە دەرەوەی ڕەهەند و ئامرازە مادییەکانی هێزدا قایل نییە. ئەگەر هێز لە شوێنێکدا کۆببێتەوە، دەرەوەی ئەو شوێنە، وەک شوێنێکی بەتاڵ لە هێز وێنا دەکرێ. واتە ئێمە لەگەڵ دوو شوێن کە یەکێکیان هێزی تێدایە و ئەوی دیکەش خاڵییە لە هێز، بەرەوڕوون. ئەمەش بێجگە لە دابەشکاری و لێکجیاکردنەوەیەکی شتە مادییەکان نییە. ئەم دیدە بە دەربڕینێکی دیکە دیدێکی جەوهەرگەرایە و دیاردەکان لە خۆیاندا دەخوێنێتەوە، نەک لە پێوەندی و لە بەستێنی پێکهاتە و فەزای کۆمەڵایەتیدا. ئەگەر لە پێناسەی هێزدا لەجیاتی هێز وەک شتێکی مادی و بەرهەست، لەسەر پێوەندییەکانی هێز کلیک بکەین، ڕوانینێکی کاملتڕمان لەسەر ئەو چەمکە لا دروست دەبێ. لەبەر ئەوەی کە دەسەڵات لە شوێنێکی دیاریکراودا قەتیس ناکەین و هیچ خانە و ئاستێکی کۆمەڵایەتیی بەتاڵ لە هێز وێنا ناکەین. لە هەموو ئاستەکانی کۆمەڵگە، لە بنەماڵەوە بیگرە تا دەگاتە ئاستی دەوڵەت و بەڕێوەبەریی کۆمەڵگە، پێوەندییەکانی هێز هەیە. لە کوێدا پێوەندیی کۆمەڵایەتی هەبێ لەوێشدا جۆر و ئاستێک لە پێوەندیی هێز هەیە. لێرەدا هێز هەموو پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ڕەنگڕێژ دەکا و بەم شێوەیە هیچ پێوەندییەک نامێنێتەوە کە بەتاڵ بێ لە پێوەندیی هێز. ڕاستە کە پێوەندییەکانی هێز لەخۆڕا دروست نابن و پشتیوانی مادی و نامادییان هەیە، بەڵام ئەم ڕوانینە فوکۆییە وا دەکا کە ڕەهەندە ڕەمزی و نامادییەکانی هێز باشتر ببینین؛ ڕەهەندگەلێک کە لە چەمکی گوتاردا بەرجەستەن. لە کوێدا فۆرمبەخشین و داڕشتن و ئاراستەکردن هەبوو، لەوێدا پێوەندییەکانی هێز ئامادەیە. گوتار هێژمۆنیخوازە و خودی چەمکی هێژمۆنیش زیاتر لەوەی کە ڕوو و دەرکەوتێکی مادی هەبێ، ڕەهەند و دەرکەوتێکی نامادی و زێهنی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ ڕادەی جێکردنەوەی تێڕوانین و بۆچوونە جیاوازەکان لەنێو مێشک و دڵی تاکەکانی کۆمەڵگەدا؛ بە دەربڕینێکی وردتر دەگەڕێتەوە بۆ قەناعەت هێنان و باوەڕمەندیی تاکەکان. کە باس لە هێژمۆنی دەکەین باس لە هێزی قەناعەت دەکەین، باس لە کاریگەری و شوێندانەریی بیر و ئایدیاکان لە زێهنییەتی خەڵکدا دەکەین، باس لەوە دەکەین کە چەندە خەڵک بیروبۆچوونێکی دیاریکراویان قەبووڵە و پشتیوانیی لێدەکەن، چەندە خەڵک بە سیستمێکی مانایی ڕووداو و دیاردەکان دەخوێنێتەوە و مانا دەکاتەوە. بەهێزی ڕەوتێک لەوە دایە کە چەندە خەڵکی کۆمەڵگەیەک بە پاڕادایم و ئاسۆی ڕوانینی، خوێندنەوە بۆ ڕووداوەکان دەکەن و چەندە ئەو ڕەوتە دەتوانێ ڕەنگڕێژی زێهنییەتی خەڵک بکا و ڕەفتاریان ئاراستە بکا. لە دنیای ئەمڕۆدا و لە سەردەمی "ئای تی" و تەقینەوەی زانیاریدا کە "هێزی نەرم" هاتۆتە ئارا و زۆرترین سەرمایەگوزارییەکان لەسەر بەدەستخستنی زانیاری و شکڵ پێدانی زانیارییە، گوتار وەک هێزی نەرم شوێنێکی گرینگتر لە جارانیش وەردەگرێ. لەخۆڕا نییە کە ئەمڕۆکە ئەوەندە گرینگی بە ڕاگەیاندن و کەرەستەکانی ئاراستەبەخشین بە زانیاری و زێهنییەتی بەردەنگەکان دەدرێ. لە نێوەڕۆکی هەر گوتارێکدا سوڵتە و هێژمۆنی خۆی مەڵاس داوە و لە ڕاستیدا گوتارەکان لەگەڵ یەکتر لە ڕکابەری دان و هەرکامیان بەرژەوەندیی گرووپێک یان دەوڵەتێک نوێنەرایەتی و پشتیوانیی دەکەن. هەر گرووپ و دەوڵەتێک زانیاری و سیستمی مانایی خۆی بەرهەم دێنێ و هەر زانیاری و سیستمێکی مانایش هێزی خۆی بەرهەم دێنێ. واتە پێوەندییەکی یەکتر دروستکردن لە نێوان زانیاری و مانا و هێزدا هەیە. کەواتە گوتار وەک سیستمێکی زانیاری و مانابەخشی، دروستکەری هێزە و هێزیش لە پێوەندییەکی بەرامبەرکێدا، گوتاری خۆی بەرهەم دێنێتەوە.

***

کوردستان
• ژمارە: ٧٤٦
٢٩ی ڕەشەمەی ١٣٩٧ _ ٢٠ی مارسی ٢٠١٩

میتۆلۆژیی نەورۆز



شاڕوخ حەسەنزادە



لەم نووسینەدا حەول دەدەین «نەورۆز»، ئەو جێژنە مەزنەی زاگرۆسییەکان، چۆنیەتیی سەرهەڵدانی، دیرۆکی شەفاهی و نقیسارییەکەی لە چەند گۆشە نیگای جیاوازەوە ڕاڤە بکەین و هەڵیسەنگێنین. سەرجەم ئەو بەسەرهات و سەربوردەی ڕابردوو کە سینگ بە سینگ هاتووە و ئێستا بۆ ئێمە بە دیاری ماوەتەوە، دەبێ بە دەربیجەی میتۆلۆژییەوە چاوی لێ بکەین و شرۆڤە بکەین.

ئەفسانە(myth) حەولێکە بۆ ناساندنی ڕاستییەکانی دەوروبەر بە شێوەیەکی ئەوپەڕ سروشت (فراطبیعی). ئەوکات کە زانست و بیری مرۆڤ بەو ڕادەیە لە پێگەیشتن و تێگەیشتن نەگەیوە، ویستوویەتی بە شێوەیەکی ناسروشتی هیندێک پرسیار بۆ ئاشتیی نێوان خۆزاو و مرۆڤ بدۆزێتەوە. بوونی ئەفسانە یا میتۆلۆژی لەنێو گشت کولتوور و ژیارەکان ئاسایی بووە، تەنانەت ئێستاش لە نێو کۆمەڵگەی ئێمەدا زۆر شت وەک ئەفسانە ماوەتەوە و بەردەوام دەگوترێتەوە وەک؛ «دونیا لە سەر پشتی گا و ماسی بوو» و ...

سەرەتای دەسپێکی ئەفسانە بۆ خەون و خەیاڵی مرۆڤ دەگەڕێتەوە کە ئەوەندە چەندپاتە کراوەتەوە، بۆیان بۆتە ڕاستی و بیروخەیاڵیان پێ ئەهوەن دەبێتەوە یا ڕاستییەک بووە لە ئاکام پێ هەڵاگوتن و زەقکردنەوەی لە ڕادەبەر؛ سینگ بە سینگ بۆتە چیرۆک و نەوەی داهاتوو بەو هەمووە ئاڵوگۆڕەی کە بەسەریدا هێناوە بە کەیفی خۆی پاراوی کردووە و ئیمانی پێ هێناوە. ئەم چیرۆک و ئەفسانەبێژانە لەوپەڕی خۆماڵی و سادەیی، خۆیان سەرقاڵی ولامدانەوەی هێندێ پرسیاری زانستی کردووە، کە لە هزر و بیریاندا پەنگی خواردۆتەوە، ئەمەش بۆتە باوەڕێک لەنێو کۆمەڵگەی ئەو کاتی خۆی. نەورۆزیش یەکێ لەو جێژن و نەریتە کۆنانەیە کە بە چەندین جۆر لە لایەن مرۆقی سەردەم قسەی لەسەر کراوە. دیارە نەورۆز لە نێو بەشی هەرەزۆری گەلانی زاگرۆس و جوغرافیایەکی بەرینی ئاسیا و تەنانەت ئوروپاش سالانە یادی دەکرێتەوە، فەلسەفەی ئەو ڕۆژە لە نەستی کۆمەڵگەکاندا هەر یەک جۆرە بەلام لە چۆنیەتی و وردەکارییەکانی هێندێ جیاوازی هەیە. ئێمە لە ژێرەوە هێندێ لایەنی ئەفسانەیی و واقعی ئەم جێژنە لە بانووی ئێراندا باس دەکەین.

دوای هاتنەسەر حوکمی ئاژیدێهاک (زوحاک) زوڵم و زۆری، کۆمەڵگەی داگرت و ژیانی خەڵک کەوتە مەترسی. ناخۆشی و ڕۆژی ڕەش باڵی بەسەر وڵاتدا کێشا، خەڵک هەراسان لە زوڵم و کەڵەگایی باج و کاری زۆرەملی، لە دەست زوحاک وەئامان هاتبوون، سەرباقی خڕ ئێش و ئازارێک ڕۆژێک شەیتان و ئەهریمەنی بەدفەڕ بۆ سپاس و پێزانینی ئەو دەستەڵاتە نگریسە دێ و سەر هەر تک شانی پاشا ماچ دەکا و بەم کارە ڕێزی لێ دەنێ! دوای ماوەیەک لە شوێن جێ دەمی شەیتان برینێکی بە زام سەرهەڵ دەدا و وەک گوڵ دەپشکوێ. لە ناکاو لە هەر لاشانی ماریک دەڕوێ و داوای خواردنی مێشک و کەلله سەری بنیام دەکەن ئەویش لاو و گەنجی وڵات! ناعیلاج هەموو ڕۆژێ بە بڕیاری شا و کەمبوونەوەی ئازاری سەرشانی دەبێ دوو لاوی جوان بکوژرێن و مێشکیان دەرخواردی ماری سەرشانی کاک ئەژدیها بدەن! (لە فەرهەنگی زانستی هێماناسی کۆندا مار وەک پێناسەیەک بۆ تەندروستی و ساغی ناوی هاتووە، وەک ئێلیمانی ساخلەمیی جیهانی تەنانەت ئێرانیش، ڕەنگبێ زوحاک یا ئاژیدێهاک کەسێکی شارەزای بواری پزیشکی بووبێ!! دەکرێ سرنجێکیش بدەینە وشەی، بیمار (بێمار) بێ + مار)

ڕۆژێک لەوان ڕۆژان کەسێکی ئاسنگر پەیا دەبێ و بە هاوڕێیی هێندێ دۆست و برادەر کۆ دەبنەوە بەڵکوو بتوانن چارەیەک بکەن، وا ساخ دەبنەوە کابان و چێشتلێنەری بارەگای پاشا بۆ پێشگرتن بە کوشتن و سەر بڕینی لاوەکانیان ڕازی بکەن یا دەنا پێخۆر بکا و هەموو ڕۆژێ بزنێک یا مەڕێک سەر ببڕێ و میشکیان تێکەڵی میشکی لاوێک بکا و، ئەویش دەرخواردی ماران بدا، واتە بە جێگای هەر ڕۆژێ دوو لاو جوانێک بکوژرێتەوە و، زەرەر لە نیوەش ڕا بگەڕێتەوە هەر قازانجە!

لە سەروبەندی کەش و هەوا خۆشبوونداو کاتێ کاوە و دۆستانی خۆ بۆ شۆڕشێک پەیت دەکەن و لە خۆیان ڕادەبینن، یەکجێ بەرکۆشەی چەرمینی خۆی دەکاتە ئاڵا و بە خۆی و هاوڕێیان و ئەو ڕزگاربووانەی دەستی زوحاک بە چەکوچ و داس و خەپە و شەنە دەکەونە سەر کۆشکی شا و کاربەدەستانی و، دوای شەڕێکی خوێناوی سەردەکەون و سەری جمکی مار و پاشا وێکڕا پان دەکەنەوە. ئەو ڕۆژە دەبێتە سەرەتای ڕۆژێکی نوێ کە هاوکاتە دەگەڵ سەری سال و بەهاری خەم تاوێن، دوا بە دوای ئەم دیرۆکە هەموو سالێ خەڵکی نیشتمان ئەم ڕۆژە جێژن دەگرن و دەیکەنە چەقڵەسەما و ڕەشبەڵەک ... (تێمی ئەم بەسەرهاتە وە ڕووداوی دیرۆکی سەردەمی دەستەڵاتداریی ماننایەکان دەچێ کە لە ٨٠٠ پ.ز ڕووی داوە.) لە فەرهەنگەکان، (ضحاک) بە مانای کەسێکە کە زۆر پێدەکەنێ، دەم بە بزە، بەلام موعین پێی وایە بە گوێرەی لێکۆڵینەوەکان وا دەردەکەوێ، شەیتان زوحاکی فریو داوە بۆ ئەوەی کە باوکی خۆی مەرداس بکوژێ و خۆی لە جێی دانیشێ، دواتر ئەو ئەهریمەنە پەستە خۆی بە وێنەی لاوێکی جوان دەرهێنا و خۆی گەیاندە بارەگای شا و خۆی وەک کابان یا چێشتلێنەر ناساند هەموو ڕۆژێ حەولی دەدا زۆرترین کەلک لە گۆشتی دەعبا و بالندە وەرگرێ بەڵکوو زوحاک فێری خوێنڕشتن و خواردن و ... بێ، دواتر لە ئاکامدا خۆی دەگەیەنێتە شا و سەر شانی ماچ دەکا و ...

ئەوەی سەرەوە کە بەکورتی باس کرا هەم لە نەست و مێشکی کۆمەڵگەی نەریتیدا باو بووە هەمژی لە فەرهەنگی موعینیشدا ئاماژەی بۆ کراوە، ئەو ئەفسانە و میتۆلۆژییە، ئەمڕۆ لە مێشکی هێندێ گەلانی ناوچە وەک هێمای نەورۆژ و فەلسەفەی دەستپێکی سالێ نوێ، چەند پاتە دەبێتەوە، بەلام ئاخۆ بڵێی وابێ؟ بەپێی سەرچاوە میژوویی جێ باوەڕەکان «ئاستیاگ» یا بە یوونانی (ئیختۆویگۆ، ئیشتۆویگۆ) یەکێ لە نەوەکانی دیاکۆی مەزنە (وێدەچی چەواشەکاران ئەو خونکارە بە زوحاک یا ئاژدیهاک دەیشوبهێنن). ئەو حکوومەتە بە کۆکردنەوەی قەوم و عەشیرەتەکانی خزمیان توانیان بۆ یەکەم جار لە میژووی ئێران (بە واتای ناوچەی جوغرافیایی کۆنی ئەو سەردەم) شانشینێکی (کۆنفێدراڵی) مەزن دابمەزرێنن و حکوومەت بکەن. هوەخشتەرە کوڕی فرەوەرتیش کوڕی دیاکۆ، توانی بە لەدەوری یەک کۆکردنەوەی قولە دەستەڵاتدارەکانی ناوچە و خۆڕێکخستن و یەکیەتی، هەروەها هاوپەیمانی دەگەڵ «نەبوپلیسەر» خونکاری بابیلۆنەکان، دوای شەڕێکی قورس (٦١٢پ.ز)، سپای زلهێزی ئاشوور، ئەو هێزە لەبڕان نەهاتوو و کۆک و پوشتەیە تێک و پێک بدەن و بە نیشانەی جێژن و شایی لە گشت بەرزاییەکان ئاگریان کردەوە و تەنانەت باژێڕی نەینەوا، ناوەندی دەستەڵاتداری ئاشووریان ئاگر دا و، لە دەوری گڕی پرشنگداری ئازادی، دەست لە نێو دەست بیکەنە هەڵپەڕکێ هەتا بۆ دوامین جار ناوی ئاشوور چیتر ترس و دڵەڕاوکێ نەخاتە نێو دڵی گەلانی ناوچەکە. ئەو ڕۆژە ڕۆژی جێژن و شایی و نەورۆز بووە (ئەمە بەشێکی بۆچوونی ژینێراڵ ئیحسان نووری پاشاشە). کوڕی هۆوەخشتەرە «ئاستیاگ» دوای باوکی لەسەر تەختی شایەتی، پاڵ کەوت و خەریکی ڕابواردن و ڕێکخستنی ناوچەکان بووە. بەپێی میژوو ئەو میرێکی ڕۆحسووک و کەمتەرخەم بووە کە لە ئاکامی خەیانەتی «هارپاگ» وەزیری جێ باوەڕی بە دەستی کوورش (سایرووس) نەوەی کچێنەی، بە دیل گیرا و کۆتایی بە دەستەڵاتداری هات و حکومەتی «ئیخیمانی» (هەخامەنشی) لەسەر ژێرخانی ئەو دەوڵەتە دامەزرا. کەواتە دەمەوێ بڵێم، ئەو ئەژدیهایەی خەڵکی بەدشووم باسی دەکەن ئەو کەسە بوو کە ئاماژەمان پێکرد و هیچ پێوەندییەکی دەگەڵ ئاستیاگ، نەبووە. لێبەلێ بە ئاوێتەبوونی بۆچوونی شانامە کوردییەکان و عومەری خەیام (نەیشابووری) و هێندێ زانای کورد بزانین ئاخۆ ئەوان چۆنی باس دەکەن! بناغە و فەلسەفەی ئەم جێژنە کەونە بۆ زۆر کۆنتر لەم دیرۆکە دەگەڕێتەوە. سەردەمی جەمشید دەستەڵاتداری پێشدادییەکان، شانامەکان زۆر بە خەیاڵێکی ناسک و پتەو دەیهۆننەوە دوای پێداهەڵگوتن و ناساندنی جەمشید وەک کەسێکی زانا و تێگێشتوو کە چەندین داهێنانی وەک (چێکردنی نێزە و مەتاڵ و شێر، جلوبەرگی پەشمینەی جوان و ڕازاوە، دابەشکردنی کۆمەڵگە، بیناسازی و بۆنی عەتر و گوڵاو و مشک و عەنبەر و ...) بەگشتی گەیشتن بە گەلێک هونەر و زانست، خۆی وەک تاکەکەس لە جیهاندا دەبینێ. ئەوجار بە بیری دەگا باڵ دەربێنێ و بەرەو ئاسمان بفڕێ و، بڕیاری دا تەختێکی لە زێڕ و گەوهەر و دوڕ، بۆ چێ بکەن، ئەو دێوانەی دیل و یەخسیری بوون بەرزی کەنەوە و بیبەنە تەشقی ئاسمان بە وێنەی خۆر لە ئاسمانا دەرکەوێ، بەم ئاواتەشی گەیشت و لە ڕۆژێکدا فڕی و خەڵکی وڵات سەیریان دەکرد، جەمشید بەم کارە خۆی لە خەڵکی هەڵاوارد و وەک خوا خۆی ناساند، ئەو ڕۆژە (یەکەم ڕۆژی خاکەلێوە، فەروەردین) بوو بە جێژن و وەک ڕۆژێکی نوێ دانرا، بوو بە شایی و هەڵپەڕکێ، جەماحەت پۆل پۆل دیاربیان بۆ دەبرد و زێڕەوشانیان دەکرد، ڕێزیان لێ دەنا و خۆیان فیدا دەکرد.

وە فەڕ و شکۆ تەختەش وەراستەن
وە زەڕ و گەوهەر یانەش ئاراستەن

جە ڕۆژ نەورۆز نیشتە بان تەخت
هەر ئەو بوونە ڕوو کرد و ئەو بەخت

گێرد ئامان گەوهەرئەفشانیش کردن
سەوگەند پێ جەمشید جو ڕۆژە وردن

دوای ماوەیەک خەڵک لەم کارە نەشیاوەی جەمشید ماندوو بوون و لە کاری خۆیان پەژیوان، بەم پێیە «فەڕی ئیزەدی»یان لێ ستاندەوە و دونیا بەرەو ناخۆشی ڕۆیی.

کاری وڵات ئاڵۆز بوو ئەو هەر خەریکی حەیش و نۆش و کچانی تاس و لووس بوو و خەڵکیش خۆیان بێ شوان دیتەوە، تا وای لێهات زوحاکییەکان بە پشتیوانیی خەڵکی نیشتمانی جەمشید هێرشیان کرد و وڵاتیان داگیر کرد.

سواران ئێران گێردیان شاه جو
یەکسەر ڕوو کەردەن وە زەحاک بەد خو

ئاوەردەن کردن شای ئیران زەوین
یەک یەک و شاهیش واتەن ئافەرین

ئەوسا گێرد یاران شاد بین نی دونیا
ئەویچ تاج کەی و سەرش نیا

د. مەولوود ئیبراهیم حەسەن دەڵێ: «ئەو جێژنە واتە عەیدی نەورۆز هەمەن جێژنی (تەموز و عەشتارە) کە سوومێرییەکان پێش ئەوەی کە لە ئەشکەوتەکانی کوردستان بێنە دەر بەرەو دەشتایی خواروویی عێراق (میزۆپۆتامیا)دا بگەڕێن، ئەو جێژنەیان بەڕێوە بردووە.»

مامۆستا مەسعوود محەممەد پێی وایە: «نەورۆز جێژنێکی کەون و دێرینی باوک و باپیرانی نەتەوەی ئاریایەکانی نیشتمانی ئاریایی بووە کە بەپێی جوغرافیا ناوچەیەکی یەکجار زۆری ئاسیا و ڕۆژهەلاتی ناوینیان لەژێر حوکمدا بووە، تەنانەت ئەگە بمانەوێ باسەکە بەرفراوانتر بکەین دەتوانین باسی هیند و ئوروپا و ... بکەین.» بەڕاستی ناکرێ ئەم جێژنە پیرۆزە بەتەنیا لە گەلێک ببەستین و بیکەینە ملکی یەکێک لە نەتەوە ئاریاییەکان، ئەمە جێژنی هەموو گەلانی ئاریییە، بەڵگەش ئەمەیە هیچ تیرە و ڕەگەزێک نییە سەری سالی خۆی پێ هەوێن نەکردبێ و چاوی باستانی دێرینی پێ نەڕشتبێ ڕێی ئەفسانەکانی پێ ئاڕایش نەدابێ، چ لە فارس و کورد و ئازەری، ئەرمەن، ئەفغان، تورک، سووری، کلدانی، مەغۆل و تیرە چینییەکان و بوودا و بەرهەم و پرۆتستان، چاوگە ئوروپایی و ... ئەمانە هەرکام بە پێی دەستووری نەتەوەیی خۆیان سررنجێکی لە بارەی ڕۆژی نوێ و سەری سالی تازەوە هەیە و هەست و نەستێکی تایبەتیان تێدا پەنگاوەتەوە.

بەشێک ئەڵێن: ئەم جەژنە بەبۆنەی چوونە سەر تەختی جەمشیدەوەیە، ئەفسانەیەکی زۆری بۆ هەڵدەبەستن، بورهانی قاتع کە فەرهەنگێکی دێرینی زمانی فارسییە بە سێ چوار ڕەنگ ئەم خەیاڵە دەگێڕێتەوە، هیندێ پێیان وایە لە سەردەمی ئەستێرەپەرستەکانا تەهموورس پەیا بوو و جەمشید هات ئایینی تازەی کردەوە و ئەم ڕۆژەیان بەم بۆنەیەوە کردە جەژنی ڕۆژێکی نوێ و ناویان نا نەورۆز، پەلێک دەڵێن ئەو ڕۆژەیە کە ڕووناکی و ڕۆشنایی تێیا گەشاوە، دەستەیەک دەڵێن نا ئەو ڕۆژەیە چەرخی گەردوون تێیا وەگەڕ کەوت، بەڵام شەرەفنامەی بدلیسی گیانێکی کوردانەوەی وەبەر خستووە و بە کاوەی ئاسنگری دەبەستێتەوە کە سەری زوحاکی خوێنمژ پان دەکاتەوە. جیا لە هیندێ داب و نەریتی قیزەون کە ئێستا بۆتە خۆرە و خەریکە ئەم جێژنە خۆماڵی و دێرینە بە ئاقار و لاڕێدا بەرێ، هەر لە کۆنەوە و بەپێی ئەستێرە و فەلەکناسی و هاتنی ڕۆژ و مانگ جێژنی بۆ گیراوە. پێش هەزارەی شەشەم و پێنجەمی بەر لە زایین خەڵکی بناری زاگرۆس و نێو ڕووباران چوار پەیکەری هێشوو (خوشە، هوشەنگ لە بەندەشن)، «کەوان، ماسی یا حووت و دوو پەیکەر وەک هێمای وەرز و ساڵ دەهاتنە ئەژماردن. ٢٠٠٠ ساڵ پ.ز دوای مانگ و ئەستێرەی حەمل یا کاور لە باوەڕی ئاریاییەکان سەرەتای بەهار بووە، جوێ لە گشت ئەفسانە و حەقایەت و چیرۆک دەکرێ سەرەتای ئەم جێژنە و ڕۆژە نوێیە بگەڕێتەوە بۆ دوای چاخی سەهۆڵبەندان کە مرۆڤەکان لە ئەشکەوت و چیای ڕەوەزی بۆ دەشتایی داگەڕان دوای ئەم چاخە زەوی بەرەو گەرمبوون چوو و کانی و ڕووبار و زەریا پێک هاتن. لەوەڕگە و چیمەن و دارستان سەریان هەڵدا، دۆخی لەبار و بەپیز بۆ ئاژەڵداری و وەرزێری هاتە نێو فەرهەنگی ژین، کەم کردنەوەی ڕاو و نێچیر و گۆشت و بڕەودان و، پێویستی خواردنێکی جیاواز بۆ لەشی بنیامەکان وای کردووە بیر لە چاندن و ڕووەکی بکەنەوە. بەپێی توێژینەوەکان یەکەم تۆو و دان لە زەوییەکانی کوردستاندا چێنراوە و کشتوکاڵ لەم ئاخە دەستی پێکراوە (گوندی چەرموو لە چەمچەماڵ)، کە مرۆڤەکان فێری چاندن و دروون و هەڵقەندنەوە و ڕنین بوون، بۆیان دەرکەوت لە ڕووی وەرز و مانگ و ساڵ دوای ساردی و بەستەڵەکی زستان شنەی بای شەماڵ پەیامهێنەری وەرزێکی نوێ و ڕۆژێکی تازەیە بۆ ژیان و ڕەوتی تێکۆشان، لە کوردستانی ئێمە بە هۆی گرێدان و بەستنەوەی ئابووریی ژیان بە پیشەی وەرزێری و زەوی و باغ و مەزرا کە بوونی کۆیستان و چیا و مێرگ و بژوێن و زەوی و باخی بەڕمێن، ئەم دیاردە ئابووریە بەهێز دەکا؛ هەر لە زۆر کۆنەوە پێشتر ئەو کات مەڕ دەزا و ڕەپستە سەریان دەدەڕەوشاوە و جارێ کەرویشکەی مابوو بە مانای هاتنی ڕۆژێکی نوێ بووە جا ئەوسا دوای پشوو دانێکی زۆر لە وەرزی زستان بەو شەوە درێژانەی دوای چلەی بچووک لە مانگی ڕەشەمە خۆیان بۆ وەرزێکی نوێ و بۆ چالاکی نواندن لەمەڕ بژیوی ژیان و ...، بە کردنەوەی ئاور و خۆ ڕازاندنەوە بە جلی نوێ و سەردان و ڕەشبەڵەک و هێلکەشکێنە و دمبڵی کاوە و حەلاوە مەلاوە لەو پەڕی شادی و خۆشی بە ئاشتی و برایەتی لە دەوری یەک کۆ دەبوونەوە و بەرەو پیری وەرزی کار و تێکۆشان دەچوون.

*** (دەقی تەواوی بابەتەکە لە ڕۆژنامەی کوردستان پاریزراوە)**

دیرۆکی خۆڕاگری

(لە دیکۆمێنتەکانی ئەنجوومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان)

بەندی دوژمن و وانەکانی «تووژەڵی» و «شارۆڕانی»



ڕێباز ئازەرپوور

ئەمن ناوم ڕێباز ئازەرپوورە و لەدایکبووی ١ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی لە شاری مەهابادم. لە هەڕەتی لاوەتیدا بوومە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان و لە ڕێکەوتی ٤ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٧٨ی هەتاویدا بە تاوانی! هاوکاری لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نێوان چوارچرا و مەیدانی ئارد لە شاری مەهاباد لەلایەن هێزەکانی ئیتلاعات و شەخسی ئیلهامی «لێکۆڵەری تایبەت بە سیاسییە کوردەکان» قۆڵبەست کرام.
ئەمن دوای گیرانم ماوەی ٣ مانگ لە زیندانی ئینفرادیی ئیتلاعاتی مەهاباد بووم و، هەروەها ماوەی ١٥ مانگیش لە گرتووخانەی مەهاباد بەند کرام و دوو مانگیش بۆ گرتووخانەی ناوەندیی تەورێز دوور خرامەوە.
دوای قۆناغی لێکۆڵینەوە لە ئیدارەی ئیتلاعات، سەرەتا لە لایەن لقی ٤ی دادگای شۆڕش بە بەڕێوەبەریی دادوەر «هیدایەتی» سزای ٤ ساڵ زیندانم بەسەردا سەپا و پاش دەربڕینی ناڕەزایەتی، ٢ ساڵیان لە حوکمەکەم کەم کردەوە.
ئێمە کۆمەڵێک لە لاوانی شاری مەهاباد، لە بۆنە نەتەوەییە جۆراوجۆرەکاندا بە هاوڕێیەتی لەگەڵ کەسایەتییەکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر بەناوی «ب.گ» لە بڵاوکردنەوەی تراکت و وێنەی ڕێبەرانی شەهیدمان لە کۆڵان و گەڕەکەکانی شاردا ڕۆڵێکی بەرچاومان هەبوو و، هاوکات لە بەڕێوەبردن و سازماندانی ڕێپێوانەکانیشدا، لە شەقامە سەرەکییەکانی شار، بانگەشەمان بۆ ڕێپێوان و خۆپیشان دانەکان دەکرد. وا بوو کە ئێوارێی ڕۆژی ٤ی ڕێبەندانی ١٣٧٨ کاتێ دەچووم بۆ لای هاوڕێیەکی حیزبی، لە نێوان چوارچرا و مەیدانی ئارد، لە لایەن هێزەکانی ئیتلاعاتی مەهاباد، قۆڵپێچ کرام و بەرەو «بازداشتگای ئیتلاعات» ڕاگوێزرام.
لە گرتنگەی ئیتلاعات هەتا نیزیک دوو حەوتوو کەسێک لێی نەپرسیم و دوایە هەر بە لیباسی ژێرەوە بردیانم بۆ حەوشەی ئیتلاعات و ماوەی ٥ سەعات لە نێو بەفردا ڕایانگرتم و پاشان ئاوی گەرمیان بە لاق و لەشمدا کرد و بە چاو بەستراوی بەرەو ژووری لێکۆڵینەوەیان بردم. ماوەی ٣ مانگ بۆ وەرگرتنی ئیعترافی، ئەوەی بمبەن بۆ لێپێچینەوە لە دادگا، بە شێوەی جۆراوجۆری فیزیکی و ڕۆحی ئازار و ئەشکەنجە دەدرام. زۆر جارانیش لە ژووری لێکۆڵینەوە بە بێڕێزی کردن و وتنی هەندێک قسە کە لە جەرگی مرۆڤ کاری دەکرد، لە باری ڕۆحییەوە ئەشکەنجە دەگەیشتمە ئەو پەڕی ناخۆشی و ڕەنج کێشانەوە.
وەک باسم کرد پاش سێ مانگ ڕاگرتنم لە زیندانی ئیدارەی ئیتلاعات درام بە گرتووخانەی ناوەندیی مەهاباد. گرتووخانەکە لە ٦ بەند پێک هاتبوو، بەندی یەک هەتا چوار تایبەت بە پیاوان بوو و، بەندێکیش بۆ لاوان و یەکی دیش بۆ ژنان تەرخان کرابوو.
بەندییە سیاسییەکان زۆرینەیان لە نێو بەندی ٣ و لەوێشدا لە کووپەی ٣ و ٤ بوون.
کاتەکان زیاتر بە خوێندنەوەی کتێب ئەگەر لە کتێبخانەی زیندان کتێبێکی لێ با و وەگیر کەوتبا بۆ خوێندنەوە، تێ دەپەڕین و ئەگینا بە سازکردنی کاری دەستی، کاتەکانمان تێدەپەڕاند.
بەندییە سیاسییەکان بەبۆنەی بڕوای سیاسییان جێگای ڕێز بوون و هەندێ جاریش خەڵک بە فەخرەوە لەگەڵیان دادەنیشتن و شانازییان بە بەندییە سیاسییەکانەوە دەکرد. دەمەوێ بڵێم بەندییە سیاسییەکان هێمای مرۆڤایەتی بوون لە گرتووخانەدا و زۆر جارانیش ئەو بەندییە سیاسییانە کەیخودایەتیان بۆ بەندییەکانی تری گرتووخانە دەکرد و، کێشە و گرفتەکانیان بۆ چارەسەر دەکردن و هەر بەهۆی ئەو ئاکارە ڕێکوپێکانەیان بوو کە جێگە و پێگەیان لەنێو بەندییەکانی دیکەدا زۆر لە ئاستێکی بەرزدا بوو. جەوەکە جۆرێک بوو بەرپرسان نەیاندەوێرا خۆ لە قەرەی بەندییە سیاسییەکان بدەن، لەبەر ئەوەی هەر جارێک بە سەردان هاتبان یان نەماندەدواندن یا گەر قسەشمان کردبا ئەوە باسی بێعەدالەتی دەزگای قەزایی ڕێژیممان دەکرد.
بەرپرسی ئەو کاتی گرتووخانەی ناوەندیی مەهاباد «محەممەد زادە» بوو کە سەر بە ئیتلاعاتی سپا بوو و تا بڵێی کەسێکی دژە کورد بوو. بەپێی یاسای بەندیخانەکان؛ بەرپرسان دەبوو هەر چەند مانگ جارێک هاتبانە نێو بەندەکان و لە نیزیکەوە لەتەک بەندییەکان چاوپێکەوتنیان کردبا. هەر بەو پێیە نیوەڕۆیەک بەرپرسی گرتووخانەی مەهاباد «محەممەدزادە» و بەرپرسی پێڕاگەیشتن بە بەندییەکان «کووسەلوو» و چەند بەرپرسێکی تر لە پارێزگای ورمێوە هاتبوون و ڕێیان لە بەندی سیاسییەکان کەوت. ئەو کات یەکێک لەو بەرپرسانە لە بەندییەکی سیاسی، بەناوی کاک «ک.خ» پرسی؛ ئێوە لە سەر چی گیراون و تاوانتان چییە؟ کاک «ک.خ» ڕووی لە بەرپرسەکە کرد و چاوی لە چاوانی بڕی و بە بوێرییەکی زۆرەوە گوتی لە سەر ویست و داخوازییە ڕەواکانی نەتەوەکەمان گیراوین و بەندیی سیاسین! ئەو بەرپرسە گوتی بۆ مەگەر ئێمە بەندیی سیاسیمان هەیە؟ کاک «ک.خ» لە وڵامدا فەرمووی بەڵێ، ئەگەر نیتانە ئەدی نیزیک ٥٠ بەندیی سیاسی لێرە چ دەکەن؟ ئەو بەرپرسە گوتی: ئێوە سیاسی نین و ئێوە موحاربن و دەبێ بە تووندترین شێوەش سزا بدرێن!
دوای ئەوە دەمەقاڵە و مشتومڕێک لە نێوانیاندا هاتە ئاراوە و هەموو بەندییە سیاسییەکان پشتی کاک «ک.خ» گرت و ئەوەش بوو بەهۆی وەی کە ئەو بەرپرسانە نەیەنەوە نێو بەندییە سیاسییەکان و جار نا جارێک بەرپرسی پێڕاگەیشتن بە بەندییەکانی نێو گرتووخانە، «کووسەلوو» دەهاتە نێو بەند کە ئەویش بە پارێزەوە چاوی لێ دەکردین و هەمیشەش لە ئاستمان سەری نەوی دەکرد.
ئەو تەبایی و ڕەبابییەی نێوانمان کە لەسەر داوای شەهید کەریم تووژەڵی و کاک محەممەد شارۆڕانی و کاک «م.ق» بوو، کارێکی کردبوو کە بنەماڵەکانمان هەموو پێکەوە هاموشۆی گەرمیان هەبێ و هەمووشمانیان بە چاوێک، چاو لێ دەکرد.
یەکێک لە ناخۆشترین بیرەوەرییەکانم، ڕۆژێک بوو کە لە ساڵۆنی چاوپێکەوتندا شەهید کەریم تووژەڵی لە کاتی لە باوەشکردنی بنەماڵەکەی لە دەست و لاق کەوت، هۆکارەکەشی ئەوە بوو کە دەرزییەکیان لێدابوو، کە هەر چەند مانگ جارێک لە دەست و لاق دەکەوت و پێشیان گوتبوو گەر ئێعدامیش نەکرێی ئەو دەرزییە بە تێپەڕینی کات، دەتکوژێ! هەرچەند شەهید کەریم تووژەڵی زۆر لەوە خۆڕاگرتر بوو کە ئێمە بیرمان لێ دەکردەوە و، گەر زانیباشی ئێمە بە جۆرێک دڵگرانین لەو دۆخەی تێی داین، وەک کادرێکی بەوەجی دێموکرات بەو پەڕی ورەبەخشینەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکردین و، دڵی دەدانینەوە.
کەم نەبوون ئەو قارەمانانەی لە گرتووخانەشدا کاری ڕێکخستن و خۆ سازماندانیان فێر دەکردین کە دیارە لێرەدا ناتوانم ناوی هەموو ئەو سەروەرانە بێنم.
لە کۆتاییدا و لەدوای ١٦ مانگ لە گرتووخانەی مەهاباد لە ڕێگەی یاساییەوە ئازاد بووم و دوای زیندانیش بۆ دریژەدان بە خەباتی ڕەوای گەلەکەم، ژیان و بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتیم هەڵبژارد. دەبێ بڵێم ژیانێکی نوێمان دەست پێ کردەوە.

«دادپەروەری» و «دەزگای داد»ی ئێران



عومەر باڵەکی



لەو کاتەوە کە مرۆڤ ژیانی بەکۆمەڵی هەڵبژاردوە بە دوای یەکسانی و دادپەروەریدا وێڵە، بە واتایەکی دیکە کاتێک کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتی دروست بوون، بە هۆکاری جۆراوجۆر تاوان و تاوانکاریش سەری هەڵدا و لایەنی زیان وێکەوتوو بە دوای قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی خۆیاندا بوون. هەربۆیە دادوەر و دادگاکان لە شکڵ و وێنەی جۆراوجۆر و لە شوێنە جیاوازەکانی گۆی زەوی کە مرۆڤی تێدا ژیابێ، سەریان هەڵدا و بە تێپەڕبوونی کات و پێشکەوتنی مرۆڤایەتی لە هەموو بوارەکانی ژیاندا سیستمی دادوەری و دادگاکان ئالۆگۆڕیان بەسەردا هات و، زیاتر و زیاتر کەوتوونەتە خزمەتی خەڵکی خۆیان. لە سەردەمی ئێستاشدا و لە وڵاتانی پێشکەوتووی دنیا کە بە سیستمی دێموکراسی بەڕێوە دەچن قانوون هەم لە خزمەتی خەڵکی دایە و، هەم لە لایەن خەڵکەوە ڕێز لە قانوون و دادوەر و دادگا دەگیرێ. ئەوەش هەروا بە خۆڕایی و بە ئاسانی دروست نەبووە، بەڵکوو لە ڕەوتی مێژوودا خەڵکانی ئەو وڵاتانە گەیشتوونە ئەو تێگەیشتنە کە بۆ نەزمی کۆمەڵگەیان کە لەوێدا حەق بەحەقدار بگا و هیچ کەس و لایەنێک لە هەر پۆست و پلەیەکی نیزامی و سیاسیدا نەتوانێ زوڵم لە خەڵک بکا؛ بۆ ئەو مەبەستە پێویستیان بە ڕێکەوتنێکی کۆمەڵایەتی لە نێو خۆیاندا هەیە کە ئەویش لە قانوونە نووسراوەکاندا خۆی نواندووە.
هەر وەکی باس کرا لەو وڵاتانەی کە بەشێوەی دێموکراتیک ئیدارە دەکرێن و، دستاودەستی دەسەڵاتیان تێدایە هەرکاتێک کێشە و ناکۆکییەک بکەوێتە نێوان لایەنە سیاسییەکان کە لە سەر وەدەستخستنی دەسەڵات کێبەرکێیانە، پەنا دەبەنە بەر دەزگای قەزایی وڵاتەکەیان و بڕیاری دەزگای دادیش بۆ لایەنەکان پەسەند و جێگای ڕێزە. بەڵام لە ئەو وڵاتانەی کە بە سیستمی نادێموکراتیک بەڕێوە دەچن و دەنگی خەڵک هیچ کاریگەرییەکی لە سەر کار و کردەوەکانی دەسەڵات نییە، دەزگای قەزایی لە خزمەتی دەسەڵاتداران دایە و، هەموو قانوونەکان وا دادەڕێژرێن کە بەرژەوەندیی دەسەڵاتداران بپارێزن و ئێران یەک لەو وڵاتانە و کۆماری ئیسلامییش یەکێک لەو ڕێژیمانەیە. دەزگای قەزایی ئەم ڕێژیمە تەنیا لە خزمەت بەرژەوەندییەکانی نیزامی سیاسی دایە و، لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا هەر بە پاساوی قانوونەکانیان! بەرهەڵستی جیابیرانی خۆیان بوونەتەوە و لێیان داون. کاتێک باس لە دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی دەکرێ دەبینین، دەزگای دادیش هەر وەک نیزامە سیاسییەکە بابەتێکی هاڵوزە. لە لایەک لە تەنیشت دەوڵەت و مەجلیس ئەویش وەک دەزگایەکی سەربەخۆ پێناسە دەکرێ و سەرۆکەکەی لە لایەن ڕێبەری کۆماری ئیسلامی و بۆ ماوەی پێنج ساڵ دەستنیشان دەکرێ؛ بەڵام کە دەکەوێتە خانەی جێبەجێکردنەوە، ناڕێکی و ناهاوسەنگییەکان دەردەکەون. بۆ نمونە لە دەزگای بەڕێوەبەری (دەوڵەت) دا وەزیری داد هەیە، بەڵام سەلاحییەتی دیاریکردن و پێشنیارکردنی بە مەجلیس بۆ پێدانی دەنگی متمانە بە سەرۆکی دەزگای دادە. بەپێی ئەسڵی ١٦٠ی قانوونی بنەڕەتیی ئێران وەزیری داد ڕابیتی نێوان دەزگاکانی داد و بەڕێوەبەری و قانوون دانانە و، لە ڕاستیدا چ بە کردار و چ بە قانوون وەزیری داد هیچ دەسەڵاتێکی نییە؛ بەڵام بە جێگای سەرۆکی دەزگای داد دەبێ لە مەجلیسدا وڵامدەر بێ! ئەوەی لەو پێشەکییەدا باسمان کرد بۆ ئەو مەبەستە بوو کە وێنایەکی هەر چەندە کورتیش بێ لە دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی بکەین. بەتایبەتی کە ئەو ڕۆژانە بەهۆی دیاریکردنی ئیبراهیم ڕەیسی لە لایەن ڕێبەری کۆماری ئیسلامییەوە بۆ سەرۆکایەتیی دەزگای داد؛ ئەو بابەتە بۆتە ڕۆژەقی میدیاکان. لەبەر ئەوەی کە ئیبراهیم ڕەیسی کەسێکی بکوژە و ڕۆڵی سەرەکیی هەبووە لە کوشتار و ئیعدامەکانی ساڵی ٦٧ی هەتاوی و، تەنانەت باس لەو دانپێدانانەی ناوبروا و هاوکارانی دەکەن کە لە لای مونتەزیری کردوویانە. هەروەها باس لەوە دەکرێ کە ئەوان دەسەڵاتیان نەبووە و تەنیا حوکمی ڕێبەریان جێبەجێ کردووە. هەر بۆیە دەتوانین بڵێین ئیبراهیم ڕەیسی هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ سەرۆکەکانی دیکەی دەزگای داد کە پێش لە وی بەرپرسیارەتیی ئەو دەزگایەیان لە ئەستۆ بووە. چونکە سیستمی کۆماری ئیسلامی وا داڕێژراوە کە هەموو قانوونەکان لە بەرژەوەندی و پاراستنی ئەو نیزامەدا بێ. ئەگەر بڕوانینە قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە سەرچاوەی هەموو قانوونەکانی ئەو نیزامەیە بەڕوونی بۆمان دەردەکەوێ کە، قانوونەکانی ئەو سیستمە سیاسییە لە چوارچێوەی ڕێکەوتنێکی کۆمەڵایەتی لە نێو چین وتوێژەکانی کۆمەڵگەی ئێران و دەسەڵاتدا نەنووسراوە بەڵکوو قانوونداناران، قانوونەکانیان لە بەرژەوندیی ئیدۆلۆژییەکی تایبەتدا نووسیوە کە لە هیچ بڕگەیەکی زەمانیدا ناتوانرێ بە قازانجی خەڵک ئالۆگۆڕیان بەسەردا بێ. لە وڵاتانی پێشکەوتوو قانوون لە خزمەت بەرژەوەندییەکانی خەڵک وکۆمەڵگە دایە، هەر بۆیە خەڵکیش ڕێز لە قانوون و بەڕێوەبەرانی قانوون دەگرن. بەڵام لە ئێراندا قانوون بەجێی ئەوەی لە خزمەتی خەڵکدا بێ، بۆتە مۆتەکەی گیان و ژیانی خەڵک. وە چونکی قانوون لە خزمەت خەڵکدا نییە، خەڵکیش لە بەرامبەردا ڕێز لە قانوون ناگرن و لەو سۆنگەیەشە کە ڕۆژ بە ڕۆژ تاوان و تاوانکاری لە ئێراندا ڕوو لە زیاد بوونە. کاری دادوەری، هەر لە ناوەکەیەوە دیارە کە کارێکی دژوار و گران و لە چ لە بواری زانستی قانوون و چ لە ڕووی ویژدان و هەستی ئینسانییەوە هەستیارە. زۆربەی ئەو کەسانەی ئەو بەشە لە خوێندن لە زانستگا هەڵدەبژێرن ئاواتی ئەوەیان لە سەر دایە کە لەو ڕێگایەوە بەرگری لە مافەکانی تاک و کۆی کۆمەڵگە بکەن و لە ڕێگای مادە و بڕگەکانی قانوونەوە حەق بە حەقدار بگەیەنن و، لە هەمان کاتدا پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی باش بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن. لە هەموو دنیادا بەتایبەتی لەو وڵاتانەی کە قانوون تێیاندا سەروەرە دادوەرەکان پلەی جیاوازیان هەیە و لەسەر بنەمای بەڵگەکانی خوێندن و پێشینەی کار وچالاکی لێکۆڵینەوە لە بواری قانوونییەوە شوێن و ڕادەی پلەی بەرپرسایەتییان بۆ دیاری دەکرێ. بەڵام ئەگەر لەو گۆشەنیگایەوە بڕوانینە مێژووی چل ساڵەی کۆماری ئیسلامی، بەڕێوەبەرانی دەزگای قەزایی ئەو سیستمە؛ بەپێی قانوونی بنەڕەتیی ئێران، ئەسڵی (٥٧) لە لایەن ڕێبەری کۆماری ئیسلامییەوە لە نێو کەسانێکدا دەستنیشان دەکرێن کە لە هیچ زانستگەیەک کە زانستی قانوونی تێدا بخوێندرێ دەرسیان نەخوێندووە، بەڵکوو تەنیا لە حەوزەکانی دینی کە زانستی ئایینی ومەزهەبی تێدا دەخوێندرێ پێ گەیشتوون. بەڵام ئەو زانستەی ئەوان لە سەردەمی ئێستادا کە سەردەمی پێشکەوتنی زانستی جۆراوجۆرە و دەیان ناکۆکی و کێشە لە نێو دەوڵەتەکان لە لایەک و لە لایەکی دیکەوە لە نێو تاکەکانی کۆمەڵگە و تاک و دەسەڵات لەسەر بەرژەوەندییەکان و زەرەرمەندبوونی لێ دەکەوێتەوە، دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی دەبێ چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە بەڵام بە کردار دەبینین دەزگای قەزایی لە تەواوەتی خۆیدا گەلێ جار دادەمێنێ و ئەوە ڕێبەرە کە بە حوکمی حکوومەتی و لە بەرژەوەندیی نیزام و دەسەڵاتداریی خۆیدا، کێشەکان یەکلا دەکاتەوە. چونکە هەروەکی گوترا قانوونەکان لەسەر بنەمای ئیدۆلۆژیی مەزهەبی داڕێژراون و بەڕێوەبەریی دەزگای قەزایی وەک لووتکەی دەسەڵاتی دادوەری نائاشنایە لەگەڵ پێداویستییەکانی کۆمەڵگە و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە سەردەمی ئێستادا. دیاریکردنی ئیبراهیمی ڕەیسی هەر وەکی پێشتر باسمان کرد چ جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لەگەڵ کەسانی پێش خۆی تەنیا ئەوە نەبێ، کە ئەگەر بە پێوەرە جیهانییەکانی پاراستنی مافی مرۆڤ بیپێوین. ناوبراو هەر لە سەرەتای کاری دادوەریی خۆیدا کەسێکی شیاوی ئەو پۆستە نەبووە، چونکە کاتێک بۆ یەکەم جار پۆستی قەزاوەتی پێ سپێردراوە تەمەنی ٢٠ساڵ بووە و، تەنیا خوێندنی حەوزەویی دینی هەبووە کە هەم تەمەنەکە بۆ ئەوە نابێ کاری قەزاوەت و دادوەری پێی بسپێڕی و هەم نائاشنا بە قانوونەکانی وڵات بووە. هەر بۆیە لە ماوەی تەمەنی خۆیدا کە لە پۆستی جۆراوجۆری دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی کاری کردوە، بەپێی دانپێدانانی خۆی بە تایبەتی لە جەریانی ئیعدامەکانی ساڵی ٦٧ فەرمانی سەرەوەی خۆی جێبەجێ کردووە، نەک دادپەروەری؛ چونکە بەشێکی زۆری ئەوانەی لەو ساڵەدا ئیعدام کراون پێشتر حوکمی زیندانیان بۆ برابۆوە و، لە هەموو دنیادا وا باوە ئەو کەسەی لە دادگایەک حوکم دەدرێ و حوکمەکەی یەکلا دەبێتەوە جارێکی دیکە حوکمێکی دیکەی بەسەردا جێبەجێ ناکرێ. هەر بۆیە دەتوانین بڵێین ئیبراهیم ڕەیسی و هاوەدەستەکانی جینایەتکارن، هەروەکی ئایەتوڵڵا مونتەزیری لە دانیشتن لەگەڵیان پێیان دەڵێ لە داهاتوودا ئێوە بەناوی جینایەتکارانی مێژوو دەناسرێن و باستان دەکرێ. بۆیە دەستنیشانکردنی ڕەیسی هەروەک هاوکارانی پێشووی خۆی بۆ ئیسلاح و چاکسازیی نیزامی قەزایی ئێران نییە، بەڵکوو بۆ زیاتر بە ئەمنیەتی کردنی نێوخۆی ئێران و بۆ چاوترسێن کردنی زیاتری خەڵکی ئێرانە. لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین دادپەروەری هەر مانایەکی هەبێ و بە هەر جۆر و لەژێر هەر ئیدە و ڕوانگەیەکەوە تەفسیر بکرێ دیسان لەگەڵ جینایەت یەک ناگرێتەوە و؛ دیاریکردنی جینایەتکار بە سەرۆکی دەزگای داد مانای وایە تاوانلێکراو مافخوراوە و لە سووچی زیندانە.

***

کوردستان
ژمارە: ٧٤٦
٢٩ی ڕەشەمەی ١٣٩٧ _ ٢٠ی مارسی ٢٠١٩



دیمانە: ئازاد مستۆفی

فەراز فیرووزی:

دانانی ڕەییسی لە لایەن خامنەییەوە بەمانای بەکەم زانینی شعووری گشتیی خەڵکە



ئەو هەواڵەی کە ئەم ڕۆژانە زیاتر سەرنجی عەدالەتخوازانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا دوو حوکمی سەیروسەمەرە بوو کە یەکیان دانانی ئیبراهیم ڕەییسی بۆ سەرۆکایەتیی دەزگای دادی ئێران لەلایەن خامنەییەوە و، ئەوی تریان سەپاندنی حوکمی دوازدە ساڵ زیندان بەسەر پارێزەر نەسرین ستوودەدا بوو. بۆیە دەڵێم دوو حوکمی سەیروسەمەرە چونکە هەر لە پڕوپاگەندەی خولی دەیەمی سەرکۆماریی ئێران بوو کە حەسەن ڕۆحانی بە ڕووی ڕەییسی هێنایەوە کە دەستی لە گەندەڵیی ئابووریدا هەبووە و تەنانەت دژبەرانی ڕەییسی نازناوی قازیی مەرگیان بەو دابوو. ئەمە چۆنە لە دەسەڵاتێکدا کە خۆی بە نوێنەری خوا لەسەر عەرز و «ولی امر مسلمین جهان» ئەزانێ، کەسێکی گەندەڵ و قاتڵ بەپێی حوکمی ویلایەتی فەقیهـ ئەبێتە سەرۆکی دەزگای داد و پارێزەرێک کە کاری داکۆکی کردن لە مافی خەڵکە دەخرێتە زیندانەوە؟ بۆ زانیاریی ورد و دروست لە پێکهاتەی دەزگای داد لە ئێران ڕووی ئەم دیمانەیە لە کاک فەراز فیروزییە. ناوبراو کارناسیی باڵای یاسای لە زانکۆی عەلاممەی تاران وەرگرتووە و ئێستە خوێندکاریی دوکتورای یاسایە لە ئاڵمان.

فەراز فیروزی کە ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی لە شاری سنە لەدایک بووە، سەرەتا لەسەر چۆنیەتیی هەڵبژاردنی سەرۆکی دەزگای داد بەپێی قانوونی بنەڕەتیی ئێراندا دەڵێ: «پێش ئەوەی بمەوێ وڵامت بدەمەوە بەپێویستی دەزانم بەکورتی لە بارەی چوارچێوە و هەیکەلی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ خوێنەرانی ڕۆژنامەی کوردستان بدوێم. ئاشکرایە دوای دامەزرانی مەجلیسی خبیرەگان کە لە ڕاستیدا بنەماکەی بەپێی پێوەرگەلی دێموکراتیک نییە و بوون و هەڵبژاردنی ئەندامەکانی هەر لەخۆیدا جێی پرسیارە و لە سەرەتای دامەزراندنی ئەم مەجلیسەش لەبیرمانە کە هەرچەند شەهید دوکتور عەبدوڕەحمان قاسملوو دەنگی هێنابۆوە، لەبەر مەترسیی گیانیی نەیتوانی بەشدار بێ و خومەینی چاوەڕێی دەکرد کە دوکتور گەیشتە تاران نەهێڵێ بگەڕێتەوە. ئەو مەجلیسە کە لە دۆخێکی توندی سەرەتای شۆڕشدا دەستووری ئێرانی دارشت. پێشنووسێکی دەستوور کە دوکتور ناسر کاتووزیان و چەند مامۆستایەکی بەرزی زانکۆ نووسیبوویان؛ وەلانرا و بەبێ لێکۆڵینەوەی ورد لە بنەماگەلی سەرەکیی یاسایی ئەو پێشنووسەی کە ئایەتوڵڵا محەممەد بێهێشتی دەیویست، پەسەند کرا. بەڕای من خراپترین ئەسڵی دەستوور کە دەیتوانی پاش بزووتنەوەی مەشرووتەخوازی و بەرامبەر وەستانی «مەشرووتە» و «مەشرووعە» بەیەکەوە هەیانبێ، ئەسڵی چواری دەستووری ئێستای ئێرانە. ئەم ئەسڵە سەرچاوە و دایکی یاساگەلی نۆرمالّی ئێرانە. لەم ئەسڵەدا سەرچاوەی سەرەکیی قانوونی بنەڕەتی، فیقهی ئیسلامیی دیاری کراوە کە ئەمە بووەتە هۆی ژێر ڕکێفخستنی هەموو بەشەکانی تری قانوونی بنەڕەتی. واتە بەپێی ئەم ئەسڵە سەرچاوە و دایکی یاساگەلی بەپێچەوانەی ئەسڵی چواری دەستوور بێ. هەروەها پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێ کە مەبەست لە فیقهی ئیسلامی، فیقهی ئیمامییەیە. واتە ئەگەر پارلمان پەسەندکراوێک بۆ «مەجلیسی خبیرەگان» ئەنێرێ، بەپێی فیقهی ئیمامییە خوێندنەوەی بۆ دەکرێ. پاش سەرنجدان بە ئەسڵی چواری دەستوور، دەبینین کە زۆر ئایدۆلۆژیک و ئیسلامییە. لە بواری قانوونی گشتیشەوە کە لە خۆیدا لە دەستووری ڕۆژاواییەوە وەرگیراوە و هەرچەند هەندێ لە فەقیهانی ئەم دواییە باسی قانوونی گشتیی دەکەن بەڵام ناتوانرێ لەگەڵ دەستووری وڵاتانی ئوروواپایی بەتایبەت فەرانسە بەراورد بکرێ. بەکورتی لەگەڵ دەستووریکی ئایدۆلۆژی لەسەر بنەمای فیقهی ئیمامییە بەرەوڕووین. بەم پێشەکییەوە کە باسم کرد دەتوانین وردتر باسی دانانی سەرۆکی دەزگای داد بکەین. ئەسڵی ١٥٦ و ١٥٧ی دەستووری ئێران باسی پێکهێنانی دەزگای داد و چۆنیەتیی دانانی سەرۆکی ئەو دەزگایەیە. لە ئەسڵی ١٥٦دا دەبینین کە دەزگای داد، بێجگە لە پێڕاگەیشتنە دادوەرییەکان، خۆی بە زامنی مافی تاکەکەسی و ئازادییە مەشرووعەکان دەزانێ. بە کورتە ئاوڕێک لە ڕەوتی کردەوەیی دادوەریی دەزگای دادی ئێران، کە لەسەر بنەمای فیقهی ئیمامییە و شیکردنەوەی فەقیهانی شووڕای «خبیرەگان «ـە، بۆمان دەردەکەوێ کە تەنیا زامنی پاراستنی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بووە کە بەپێی فیقهی ئیمامییە لە «اوجب واجبات «ـە. واتە بەرژەوەندیی کۆماری ئیسلامی بەپێی فتوایەکی بەناوبانگی خومەینی کە خۆیان پێی دەڵێن «احکام ثانویه»، پاراستنی کۆماری ئیسلامی تەنانەت لە «واجباتی دین»یش واجبترە. بەسەرنجدان و زانین و ڕوونکردنەوەی کورت و پێویست لەمەڕ ئەسڵی ١٥٦ی دەستوور بەم ئەنجامە دەگەین کە ئەو ئامانجانەی باس کرا، نەپێکرا بێجگە لەو «ماده واحده»ی کە لە سەردەمی سەرۆکایەتیی ئایەتوڵڵا مەحموودی هاشمیی شاهڕوودی دەربارەی مافی شارۆمەندی پەسەند کرا؛ بەڵام ئەویش نەچووە بواری جێبەجێکردنەوە. لە ئەسڵی ١٥٧ی دەستووردا هاتووە کە سەرۆکی دەزگای داد دەبێ ئەم پێنج تایبەتمەندییەی هەبێ: ئیجتیهاد، عەدالەت، ئاگاداری لە ڕەوتی دادوەری، مودیر و مودەبیریش بێ و، لەدوای ئەم تایبەتمەندییانە ئەو کات ویلایەتی فەقیهـ حوکمەکەی بدا. دیارە دەکرێ زۆر لەسەر ئەم تایبەتمەندییانە قسە بکرێ بەڵام من زیاتر هەوڵ ئەدەم لە بواری یاساییەوە بابەتەکە شی بکەمەوە. «اجتهاد» لە پاش ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی بەوە کورت کرایەوە کە خاوەنەکەی بتوانێ «استنباط» لە فیقهی ئیسلامی لە بابەتە جۆراوجۆرەکاندا بکا، بەڵام «عەدالەت» چەمکێکی ئینتزاعیی هەیە و هیچ جۆرە پێوەرێک لەبەر دەستدا نییە کە بتوانرێ عادڵبوون یان نەبوونی کەسەکە هەڵبسەنگێنێ. خاڵی گرینگ لەم پێنج تایبەتمەندییەی بۆ سەرۆکی دەزگای داد دانراوە ئەوەیە کە سەرۆکی دەزگای داد، شارەزا و پسپۆڕ بێ لە سیستم و ڕەوتی دادگا و دادوەریی، کە دانەری ئەم یاسایە لەم بەشە هەرە گرینگەدا هاتووە کەمترین ئاستی پسپۆڕی بۆ تایبەتمەندیی سەرۆکی دەزگای داد داناوە، ئەویش واتە «ئاگاداریی لە کاروباری قەزایی». ئەم چەمکە کەمترین ئاستی پسپۆڕییە بۆ کەسێک لە پێگەی سەرۆکی دەزگای داد کە دەیەوێ لە ئێرانێکی پتر لە ٨٠ میلیۆنی و فرەنەتەوەییدا عەدالەت و یەکسانی هەبێ. ئەم چەمکە لە ڕاستیدا چەمکەکانی تری داڕشتیوە و سیستمێکی دادوەریی بێلایەن و سەربەخۆ خەوشدار دەکا. ئاستی ئەم ئاگادارییونە هەتا چەند دەتوانێ ببێ و زۆر پرسیاری تر کە بێ وڵامن. بەپێی ڕەوالێک کە سەرۆکەکانی دەزگای داد لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا هەیانبووە کەمتر دەرچووی زانکۆی یاسا بوون و خوێندنی ئاکادیمییان بووە بەڵکوو پتر خوێندنی فیقهییان بووە. **فەراز فیروزی کە خوێندنی کارناسی و کارناسیی باڵا و مافی مرۆڤی لە زانکۆی عەللامە تەباتەبایی تاران بە پلەی یەکەوە دریژە داوە و دواتر بووەتە پارێزەری «سازمان بازرسی کل کشور»، «باشگاه ورزشی شهرداری سنندج»، «مدیر گروه حقوق دانشگاه پیام نور سنندج»، «مدیر حقوقی اتاق بازرگانی سنندج»، لەسەر ناساندنی ئیبراهیم ڕەییسی و چۆنیەتیی دانانی بە سەرۆکایەتیی دەزگای داد، پێمان دەڵێ:** «لەبارەی ڕەییسی بەپێی ئەو سیفێییەی باس کراوە لە بەکالۆریۆسەوە هەتا دوکتورا لە زانکۆی موتەهەری بووە بەڵام کاتێ دەڕوانیتە ئەو چەند بەرپرسیارێتییەی هاوکات بەیەکەوە هەیبووە بێگومان زەحمەتە توانییبێتی بخوێنێ. لە پاش قەتڵوعامی زیندانییانی سیاسیی ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی چەند کاتی هەبووە کە دادستانی تاران بێ و «بازرس کل کشور» بێ و ... دوکتورای یاساش بخوێنێ و نامەی دوکتوراش بنووسێ؟ من ڕەییسیم لە نێزیکەوە دەناسی هیچ باوەڕی بە ڕێکخستن و تەشریفاتی دادوەری نییە. لە کۆلێژی یاسا خوێندکار نەبووە و لەو باوەڕە دایە «تەشریفاتی دادڕەسی» شتێکی بێکەڵکە. **لە وەڵامی ئەو پرسیارەی ئەدی چۆن کەسێکی وا لە لایەن ڕێبەری کۆماری ئیسلامییەوە بە سەرۆکی دەزگای دادی وڵاتێک دادەنرێ، دەڵێ:** بێگومان ئەمە پرسیارێکی بەجێیە کە چۆن دەکرێ کەسێک دەستی لە قەتڵ و کوشتاری زیندانییانی سیاسیدا بووبێ و تۆمەتبار بێ بە جنایەت دژی مرۆڤایەتی، بەڵام بە سەرۆکی دەزگای داد دیاری دەکرێ. ئەمە پرسیارێکی گەورەیە بۆ یاساناسان و لێکۆڵەرانی ئەم بواره. دانانی ڕەییسی لەلایەن خامنەییەوە بەمانای بەکەم زانینی شعووری گشتیی خەڵکە. ڕەییسی هیچکات بەرپرسی هۆبەیەکی دادوەریی وەئەستۆ نەبووە و هەر لە سەرەتاوە حوکمی قازیی شەرعی دەسەڵاتی هەبووە. ئەو لە سەرەتای شۆڕشی ئێران ئەندامی دەستەی چوار کەسیی دانی حوکمی ئێعدام بووە.

فیروزی کە ئێستا لە شاری هامبوورگی ئاڵمان دەژی و خوێندکاری دوکتورایە، لە دریژەدا دەربارەی سیستمی دادوەریی ستاندارد دەڵێ: سیستمی دادوەریی ستاندارد بە یاسای گونجاو و ڕێکخستنی ئیداری و دادوەری و پارێزەریی دەناسرێتەوە کە ئەم تایبەتمەندییانە لە سیستمی دادوەریی ئێراندا بوونیان نییە.

ئەو لە کۆتاییدا لەسەر ڕۆڵ و پێگەی پارێزەر لە ئێراندا گوتی: گرنگترین بنەمای هەر دەزگایەکی داد دوو بەشی دادوەریی و پارێزەرییە کە دەبێ هەردووکیان «مصونیت «یان هەبێ، کە لە ئێرانی پاش شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی مافی سەربەخۆیی کارکردن لە پارێزەر زەوت کرا. لە ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی شووڕای شۆڕش پەسندی کرد کە پێنج کەس لە پارێزەرانی دەسنیشانکراو لەژێر سەرپەرستیی شۆڕای ئەوکاتی سەرپەرستیی دادگوستەری، سەندیکای پارێزەران تەسفییە بکەن و ئەو ڕوانگەیە زاڵ بوو کە وەکوو کارمەندێ بڕوانێتە پارێزەر و هەرکات پێیان خۆش بوو ئەو مافەی لێ بستێنێتەوە. واتە لێسەندنەوەی سەربەخۆیی لە پارێزەر و خاڵی جێی سەرنج لەم کارەساتە ئەوەیە کە بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی دوو حیزبی نێهزەتی ئازادی و جیبهەی مللی، لە شۆڕای شۆڕشدا بوون و بەم هەنگاوەیان سەربەخۆیی سەندیکای پارێزەرانیان بردە ژێر پرسیارەوە. ئەم بەرتەسککردنەوە درێژەی کێشا و لە ساڵی ١٣٧٠ی هەتاوی ئەمجارەیان لە تیمێکی سێ کەسی، دوو پارێزەر و دادوەرێ لەلایەن دەسەڵاتەوە ڕاسپێران کە بەناوی چاکسازی لە سەندیکای پارێزەران، پاکتاوێکی تریان دەست پێکرد. ساڵی ١٣٧٦ی هەتاوی یاسای وەرگرتنی مۆڵەتی پارێزەری باسی کۆمیسیۆنێک دەکا، کە ئەندامانی لە هەر پارێزگایەک بریتین لە سەرۆکی دادگوستەری، سەرۆکی سەندیکای پارێزەران و سەرۆکی هۆبەی یەکی دادگەی شۆڕش. ئەمانە ئەژماری پارێزەران و تاقیکردنەوەی گشتیی دیاریی دەکەن هەروەها ئەم سێ کەسەن کە دیاریی دەکەن ئەو کەسەی وا خوێندنی ئاکادیمی یاسای تەواو کردووە و داوای مۆڵەتی پارێزەریی دەکا چەند و هەتا چ ڕادەیەک باوەڕمەند بە کۆماری ئیسلامیی ئێران و ویلایەتی فەقیهە. کە خۆتان بڕوانینە پێکهاتەکە بەتایبەت سەرۆکی دادگای شۆڕش کە خودی ئەم دادگایە بوونی لە بواری یاساییەوە جێی پرسیارە؛ زۆر شتمان بۆ ڕوون دەبێتەوە. کەمایەسیی هەرە بەرچاو و گرنگ لە دەستووری ئێراندا نەبوونی دادگەی دەستووره بۆ چاودێری بەسەر ئیجرای دەستووردا. لە دەستووری ئێراندا جێی مافی مرۆڤ بەتاڵە. ئەوەی کە بۆچی عەلی خامنەیی ویلایەتی فەقیهی ئێران، ئیبراهیمی ڕەییسی وەک سەرۆکی دەزگای داد دادەنێ، ڕێک بەو مانایەیە کە لە سەرەتای دامەزراندنی کۆماری ئەسلامیی ئێرانەوە ئەم حکوومەتە ناتەبایە لەگەڵ ڕەچاوکردنی پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ. کاتێ بەوردی وتەکانی ئیبراهیم ڕەییسی لە کۆبوونەوەی گشتی بۆ دەسبەکاربوونی لە سەرۆکایەتیی دەزگای داد دەبیستی بێگومان بەو ئاکامە دەگەی کە ئاسۆیەکی پڕ لە ڕۆژانی تۆندوتیژی بۆ عەدالەت و دادوەری لە ئێران لە پێش دایە، چونکە ناوبراو ڕایدەگەیەنێ بنەمای دەزگای داد فەرمان و حوکمەکانی ویلایەتی فەقیهی ئایەتوڵڵا خامنەیی و؛ دوکتورینی خامنەییش بەها نەدانە بە مافەکانی مرۆڤ.

کۆمەڵکوژی

سام یارسان

کاتێک کە باسی قەڵاچۆکردنی مرۆڤەکان دێتە گۆڕێ، دەچینەوە بیرویادی تاڵی ژینۆسایدو و کوشتاری دڵتەزێنی گەلان، بۆ نموونە وەبیر ئەنفالی کوردان بەدەستی ڕێژیمی بەعس، هۆلۆکاستی جوولەکەکان لەلایەن نازییەکانی ئاڵمان، کۆمەڵکوژیی ئەرمەنییەکان لە ئیمپراتۆری عوسمانلی، یا قەتڵوعامی «هۆتوەکان» بە دەست توتسییەکانی ڕواندا دەکەوینەوە. ڕووداو گەلێک بەوپەڕی چەختیگەری و بێبەزەیی بەشێک لە کۆمەڵگە یان دەستەلات، بەرامبەر گەلێک، ڕەچەڵەک یا لایەنگرانی ئایینێک ڕوو دەدا. کردەوەیەک تەنانەت لەنێو ئاژەڵانی درەندەش نابینرێ، تەنانەت لە شەڕدا کە شانۆیەکی پڕ لە تۆندوتیژیی ڕەوشتی بەدی مرۆڤە و دوولایەن بە تۆندی و بە کەرەسەی جیاوازیی کوشتن هەڵدەکوتنە سەر یەک، ئەم کردەوەیە نابینین، هەر بەڕاستی شێواز و گرێبەستێکی نەنووسراو هەیە کە نیزامییەکان لە ڕەوشی سروشتیدا خۆیان لە کوشتن و ئەشکەنجەی خەڵکی ئاسایی و دیلی شەڕ دەبوێرن، لەحاڵێکدا لە ژینۆسایدەکان سەرجەم چین و توێژی کۆمەڵگە هەر لە ژن و مێر، پیر و لاو بەتایبەت منداڵان کە بە دواڕۆژی ئەو گەلە دەناسرێن لەو دیاردە گلاوە قوتار نابن، بەڕپرسانی ئەو جنایەتانە تەواوی بیر و هەستیان لەنێوبردن و بڕینی یەکجارەکی ئەو کۆمەڵگەیەیە کە مەبەستیانە، لە زۆربەی هەرە زۆری ئەو ڕووداوانەدا خەڵکی بێتاوان هیچ شانسێکیان بۆ بەرگری لەخۆ نییە. ئەو کردەوەیە هەرچەند قیزەونە بەڵام مەخابن لە مێژوودا لە لایەن کەسانی بەدڕەوشت و چەختەوە زۆرمان بینیوە. هیوادارین بەهۆی پێوەندییەکانی خێرای ئەمڕۆ و لێڕسینەوەکانی جیهانیی ئەو دیاردە نەشیاوە ڕوو لە کەمی بکا، ئەگەرچی بەداخەوە ئێستاش لە وڵاتانی سووریە، یەمەن، میانمار و چین و ... بە شێوازی ڕەنگبێ ئەهوەنتر و جیاوازتر دەبینرێ و وەک ئەنفالەکەی ئێمە نەچێ.

لەم وتارەدا هەوڵ دراوە باس لەوە بکرێ کە هەرچەندە ئەو شێوازەی لەنێوبردنی مرۆڤەکان لە کەمی داوە بەڵام بە شێوەی نوێتر و لەبەرگێکی تر ئێستاش لە زۆر شوێنی ئەم گەردوونە دەبینرێ و ئەو جۆرەی کە دەبێ سرنجی بدرێتێ، نییە. بۆ ڕوون کردنەوەی زیاتر باس لە میناکێک بکەین خراپ نییە، هەتا دووسەد-سێسەد ساڵی پێشوو؛ پێخوست کردنی مافی ڕەوای مرۆڤ لە هەموو جیهان بە ڕوانینی کۆیلەداری بووە تەنانەت لە نێو ئەو گەلانەی بە ڕوالەت پێشکەوتووتر بوونە ئەو دیاردەیە دەبینرا، جۆرێک چەوساندنەوە و کارلێکێشانی مرۆڤ وەدەست مرۆڤێک کە خۆی بە خاوەنی هەموو شتێکی دەزانی و بە زمانی قامچی و داخکردن و سووکایەتی بە هاوڕەگەزی خۆی دەکرد، جۆرێک لە چەختیگەری تەنانەت لەلایەن دەستەلاتدارانەوە بە یاسایی کرابوو و هاواری مافخوازی ئەو کەسانەش بە تۆندترین شێوە بەڕپەرچ دەدراوە، بەڵام بەهۆی گەشە و بەرزبوونەوەی ئاستی وشیاریی گەلان و ڕابوونی بێوچانی ئەو خەڵکە وەزاڵە هاتووە هێدی هێدی ئەم شێوازە گۆڕدرا، بەڵام بە مۆدێلێکی تر و بە ڕوالەت مرۆڤانەتر لە چوارچێوەی چەوساندنەوەی گەلان خۆیا بوو، بۆ شێوەیەک ماوەیەکی زۆری خایاند کە ئەو گەلانە هەستیان پێکرد هەرچەند پەتی کۆیلەتییان پچڕاندووە بەڵام بە جۆرێکی تر خەریکە زوڵمیان لێدەکرێ و دەچەوسێنەوە، جا لێرەدا دیسان پێویست بوو جارێکی تر هاواری سەندنەوەی ماف بەرز بکرێتەوە و بە دوای ویست و داخوازییەکانی خۆیاندا تێبکۆشن و شۆڕش سەر هەڵبدا. لەمەڕ کۆمەڵکوژیش ئاش هەمەن ئاشە ئەگەرچی بە شێوەیەکی ڕۆتین زۆرێک لە دەستەلاتەکان ئەو کردەوەیە مەحکووم دەکەن و بە ئاشکرا دەستی بۆ نابەن، بەڵام ژێرخانێکی تریان بۆ داکوتاوە کە ئاکامەکەی هەمەن کوشتاری گەلان و ڕەگەزەکانە. لەو شێوە پلانە کە پاساوەکەی زۆرتر لەسەر بیر و باوەڕی ئایینی، نیشتمان پەروەری، یەکیەتیی نەتەوەیی و ... هەڵچنراوە، خەڵک چەواشە دەکەن کە بەدوای نەریت و کولتووری خۆیاندا نەچن و ئەگە بەریەک کەوتنێکیش هەبێ بە تاوانی جۆراوجۆر زۆر بە تۆندی وڵامی دەدرێتەوە و یا کەسەکە لە سەرجەم مافی ڕەوای خۆی بێبەش دەکرێ و هەڵیدەپەسێرن. وێنەی بەرچاوی ئەم کردەوەیە پێشگرتن بە ئاخاوتن و پەروەردەی زمانی دایکە، ڕێزگرتن لە بیر و باوەڕ و زۆرێک لە ئایین و کۆمەڵێک لەو بنەمایانە دەتوانین ببینینەوە و باسی بکەین، لەو خاڵانە کەس یا کەسانێک کە بەرگری دەکەن و داوای ئەو مافانە دەکەن، بانگ دەکرێن، دەگیرێن تەنانەت بەندیخانە و پەتی سێدارەش چاوەڕوانیان دەبێ، جا ئەگە ئەوهاش نەبێ لە هەموو مافەکانی کۆمەڵگە و ئیش و کار و ژیان بێبەش دەبن تەنانەت کارتێکەری لە ئاوەدانی و پێڕاگەیشتنی ناوچەی نیشتەجێ بوونیش دەکا یا دەنا بە هێوری پەراوێز دەخرێن و ئەوجار بەو پاساوە کە ئەمانە بێکەڵک و بەزەرەن بۆ کۆمەڵگە تووشی خۆکۆژیی دەروونی دەبن و مەوتەن و زێدی خۆیان جێدەهێڵن، بۆ دواڕۆژی ماڵ و منداڵیان بە ناچار بەرەو هەندەران کۆچ دەکەن، ڕێک وەک ئەو کۆمەڵکوژییانەی کە ئاکامەکەی مەیدان چۆڵکردنی ئەتنیکێک یا کۆمەڵگەیەکە و هەڵاتنیان بۆ شوێنێکی دەرەوەی خۆیانە بۆ پاراستنی ماڵ و کەسی خۆیان، لە خراپترین ڕەوشدا لەوەها شێوازێک، کەسەکە دەشکێنن، وردی دەکەن تەنانەت ئەگە خۆڕاگرییش بکا بەناچار لەبەر منداڵ و دواڕۆژی نادیاری بنەماڵە، بەو پەڕی خەمەوە مەیدان بۆ جیلی داهاتووی چۆڵ دەکا و پەسەندی دەکا، بەم شێوەیە بە شێوازێکی ئارام و خزۆک نەوەی داهاتوو بە دابڕانێکی کولتووری لە وەچەی پێش خۆی دەگا و بە یارمەتیی سیستەمی پەروەردە و ڕاهێنان و دانی هیندێ ئیمتیاز کە هەر هی خۆیەتی و نە هیچ تشتێکی تر، جیلێک پەروەردە دەکا کە بە کردەوە و فیزیکی نایکوژێ بەڵام شوناس و هەوێتی خۆی لێ دەستێنێتەوە و بەبێدەنگی و بێبەهاڵ لەنێو ئەو ئەتنیکە خوازراوەی خۆیان قاڵ دەبێتەوە و بۆ هەتاهەتایە لەنێو دەچێ و ڕایدەماڵێ، ئاکامەکەی ڕێک هەر وەک پێشوویە بەڵام بەو جیاوازییەی کە باسمان کرد بەبێدەنگی بە کردەوە ئاسیمیلە دەبێ و لەنێو دەچێ، ڕەنگبێ زۆر خراپتریش بێ، لەم دۆخەدا قەرا نییە دەستەلاتداران دەستیان بە خوێنی کەس سوور بێ و دنیاش لێیان وەجواب بێ کە بۆچی ئەو خەڵکە دەکوژی، بەم شێوازە خەڵک لە بازنەی کۆمەڵگەی خۆیان وەدەر دەنێن. جا ئەمە ڕێک ئەو ڕووداوەیە کە ئێستا لە وڵاتی ئێران ڕوو دەدا و ڕۆژانە ئەو قاڵکردنەوەیە دەبینین و لە ڕاستی بێدەنگین.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە پاساوی سەیروسەمەرە بەشێوەی سیستماتیک و بەرنامە بۆ داڕێژراو باوەڕی بە ناسنامەی قەومی و ئایینی ئەو تاکانە نییە کە لە خۆیان نین، ئەو دژبەرانە بەشێوەی جۆراوجۆر لەنێو دەبەن یا دەنا بە ناچاری تەرکە وڵات دەبن، یا دەنا ئەوانەی دەنگیان لێوە نایێ و لە ڕاست ئەو ژینۆسایدە بێدەنگ و کڕن، دەبێ بەو شوناسەی بۆیان داتاشراوە بە نیوە مرۆڤی ژینی ژێر دەستی بەسەر بەرن، ئەو مرۆڤەش کە دەمێنێتەوە کەسێکی چەوساوە و سەرکوتکراوە کە هیچ لە هەوێتی خۆی نازانێ و گوێڕایەڵی سیستم دەبێ و هەتاهەتایە بە کۆیلەیی ژیان بەسەر دەبا. هەڵبەت دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێ لەو شێوازە کۆمەڵکوژی-یە ئەوە تەنیا مەبەست ئەتنیکێک یا ڕەگەزێک نییە کە دەکەوێتە بەر شاڵاوی لەنێوچوون بەڵکوو لەنێو بنەماڵە و تاکەکانیش کاریگەری دەبێ و دواتر هەموو ئەو گەلانەی تریش بەو شێوازە دەچەوسێنەوە و بەڵام هێزی بڕیاردانیان نامێنی و تەسلیمی ویست و ئیرادەی پیلانی قەومی بالادەست دەبێ دواتر ئەو قەومە چەوسێنەرەش لە ئاکام دەبێتە بازنەیەکی چەند سەد کەسی و ئەوە ئەو چەند کەسەن بەسەر تەواوی ئەو گەلانەدا زاڵ دەبن؛ بۆیە پێویستیمان بە یەکگرتوویی و یەکڕیزی و تەبایی سەرجەم گەلانی ئێران هەیە بۆ بەگژداچوونەوەی ئەو کۆمەڵکوژییە سیاسی، فەرهەنگی و زمانییە.

کوردستان
• ژمارە ٧٤٦
٢٩ی ڕەشەمەی ١٣٩٧ _ ٢٠ی مارسی ٢٠١٩

سەردانی هەیئەتی حیزب لە وەزارەتی دەرەوە، دەفتەری سەرۆک وەزیران و حیزبی نیئۆزی ئوتریش



ڕۆژی چوارشەممە، ٢٢ی ڕەشەممە ١٣ی مارسی ٢٠١٩ هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی کاک خالید عەزیزی، ئەندامی ڕێبەری و بەرپرسی پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزب و هاوڕێیەتی کاک خدر هەمزە نژاد و دکتور عەلی مازووجی دیداریکیان لەگەڵ دوکتور توماس نادیر، بەرپرسی بەشی ڕۆژهەڵاتی نێوەراستی وەزارەتی دەرەوەی ئوتریش و ئاندریاز ڕیندڵ، نوێنەرەکەی پێک هێنا و دواتر لەگەڵ دوکتور شنیتسێر و نوێنەری خاتوو ئنیس ئتەڵ، بەرپرسی سیاسەتی ئەمنیەتی ئوروپا و ڕۆژهەڵاتی نێوراست لە دەفتەری سەرۆک وەزیران کۆبوونەوە.

کاک خالید عەزیزی لەو دیدارەدا بارودۆخی نالەباری ئێران بەهۆی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی و پرسی بەردەوامیی پێشێلکرانی مافی مرۆف، گرتن و ئیعدامەکان و بەتایبەت سیاسەتی سەرکوت و هەڵاواردنی کورد لە ئێرانی بەهۆی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ کاربەدەستانی ئوتریشی هێنایە بەرباس. لەو دانیشتنەدا کاک خالید عەزیزی ڕەخنەی لە ئاکامی پەروەندەی تیرۆری دوکتور قاسملوو لە ڤییەن گرت کە دواتر دوکتور توماس نادر تیشکی خستە سەر ئەوەی کە لە ڕوانگەی ئەوانیشەوە پەروەندەی تیرۆری دوکتور قاسملوو دانەخراوە.

ڕۆژی پێنجشەممە، ٢٣ی ڕەشەمەش ئەم هەیئەتەی نوێنەرایەتیی حیزب دیداریکیان لەگەڵ شتیفانی کریزپەر، بەرپرسی پێوەندییەکانی دەرەوە و کاروباری مافی مرۆقی حیزبی ئوتریشی تازە و یەکیەتیی لیبراڵ پێک هێنا. لەو دیدارەدا بەڕێز خالید عەزیزی باسێکی لەسەر هەلومەرجی نێوخۆیی ئێران و سیاسەتی پاوانخوازیی و تیرۆر و دەستێوەردەرانەی کۆماری ئیسلامی کرد و تیرۆری دکتور عەبدوڕەحمان قاسملوو و هاوڕێیانی لە ڤییەن بیر هێنایەوە.

خاتوو شتیفانی کریزپەریش لەم دیدارەدا وێڕای بەخێرهێنانی گەرمی وەفدی میوان، بێزاریی خۆی لە کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران دەربڕی و پێی لەسەر پشتگیریی قایمی خۆیان لەمافی ژنان و ویست و داخوازییەکانی گەلی کورد داگرت.

لەم دیدارەدا دوو لایەن باسیان لە زەروورەتی پێکهێنانی کارگرووپێک کرد بۆ بەدواداچوونی پەروەندەی تیرۆری دکتور قاسملوو و هاوڕێیانی لە ڤییەن.

خالید عەزیزی: دەبێ پارسەنگی کورد لە ئێرانی داهاتوودا دیار بێ



ڕۆژی چوارشەممە ١٤ی مارس (٢٣ی ڕەشەمە) کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی ئوتریش، سمیناڕێکی بە بەشداریی نوێنەرانی چەندین حیزب و ڕێکخراوی سیاسی، کوردانی دانیشتووی ئوتریش و کۆمەڵێکی بەرچاو لە ئەندام، دۆست و لایەنگرانی حیزب لەم وڵاتە بۆ بەڕێز خالید عەزیزی، ئەندامی ڕێبەری و بەرپرسی پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزب پێک هێنا.

ئەم سمیناڕە بە وتەی بەخێرهێنانی کاک عەلی مازووچی، بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لە ئوتریش دەستی پێکرد و دواتر کاک خالید عەزیزی باسەکەی بەوە دەست پێکرد کە ناوی ئوتریش و ڤییەن بیرهێنانەوەی تراژیدیایەکی زۆر تاڵە، ئەویش تیرۆرکردنی دوکتۆر قاسملو و هاوڕێیانیەتی کە نیزیک بە ٣٠ ساڵ پێش ئێستا لە شاری ڤییەن، بە دەستی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران تیرۆر کران و تیرۆریستەکان نەک دادگایی نەکران، بەڵکوو هەتا فڕۆکەخانەش ئیسکۆرت کران و بەرەو ئێرانیان ناردنەوە.

کاک خالید عەزیزی دواتر لەسەر بارودۆخی ئێستای ئێران و سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە پێناو دریژکردنەوەی تەمەنی بە دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانی دراوسێ و ئاژاوەخوڵقێنی لە جیهاندا بۆ بەشداران دوا.

بەرپرسی پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزب پاشان هاتە سەر پەڕش و بڵاوی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران و لەودا ڕەخنەی لەو نەیارانەی کۆماری ئیسلامی گرت کە ناتوانن بە یەکەوە ئەدرەسێکی بەهێز دروست بکەن بۆ ئەوەی دنیای دەرەوە بتوانێ حیسابێکیان لە سەر بکا و وەک ئەڵتێرناتیڤێکی کۆماری ئیسلامی ببیندرێن. بەڕێزیان لە دریژەی ئەو باسەدا بە بایەخەوە باسی لە کار و چالاکییەکانی ئەم دواییانەی «ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران» کرد و گوتی: ئەو ناوەندە هەنگاوێکی زۆر بەجێیە و هیوادارم هەمو هێزەکانی کوردی ئێرانی بە هەمو توانایانەوە بۆ بەهێزکردنی هەوڵ بدەن، چونکی تەنیا بە یەکگرتویی دەتوانین ببینە ئەدرەسێک و پارسەنگیی کورد لە تەرازووی کێشەکانی ناوچەدا و بە تایبەتی لە ئێراندا لە دوای کۆماری ئیسلامی بەهێز نیشان بدەین.

ڕابوونی کورد

(پرسێکی لەکیس چوو)



فارین ئەفەیرز/هێنری جەی بارکی
و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور

بەشی یەکەم

سەرۆک کۆماری وڵاتە یەکگرتووەکان دۆناڵد ترامپ لە دواییین ڕۆژەکانی ٢٠١٨ دا گوتی، "ئێمە ماوەیەکی دوور و درێژە لە سووریيە دەجەنگێین، ئێستا کاتی هاتووە کە هێزەکانمان بگەڕێنینەوە ماڵێ." داوای سەرسوڕ هێنەری سەرۆک کۆمار بۆ گەڕانەوەی خێرای هێزی نزیکەی ٢٠٠٠ کەسی وڵاتە یەکگرتووەکان لە سووریيە بووە هۆی ڕەخنەی بەربڵاو لە لایەن ئەندامانی دامەزراوەی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان. بەڵام ئەوە بۆ هاوبەشی سەرەکیی وڵاتە یەکگرتووەکان لە شەڕ دژی داعش، واتە کوردەکانی سووریيە سەرسوڕمانێکی گەورەتر بوو. چەند حەوتوو پێش ڕاگەیاندنەکە، سەرۆک کۆماری تورکیە، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان هەڕەشەی داگیرکردنی باکووری سووریيەی، کە لە ژێر کۆنترۆڵی جەنگاوەرانی کوردە، کردبوو. تەنیا شتێک کە پێشی بە ناوبراو گرتبوو، حزووری هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان بوو و پاشەکشەی ئەوان دەبێتە هۆی بە تەنیا مانەوەی لە ڕاددەبەدەری کوردان. کوردێکی سووریيە گوتی، "ئەگەر [ئامریکاییەکان] بڕۆن، ئێمە ئەوان وەک خائین نفرین دەکەین." وردەکارییەکانی کشانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە سووریيە ئێستاش ناڕوونە. بەڵام واشینگتۆن لە کۆتاییدا هەر بڕیارێک بدا، لیدوانەکەی ترامپ وەرسووڕانێکی بێ بەزەییانەی بەرامبەر بە کوردانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست نیشان دا. نێوەڕاستی ٢٠١٧ کاتی ڕێنسانسی کوردان بوو. کوردەکانی سووریيە هاوپەیمانی تەنیا زلهێزی جیهان بوون و دەوری سەرەکییان لە شکستدانی داعش لە مەیدانی جەنگدا هەبوو و پێتەختی ئەو گروپە واتە ڕەققەیان گرتەوە. هێزەکانی پاراستنی گەل (هەپەگە)، جەنگاوەرانی کوردی سووریيە، کۆنترۆڵی پانتاییەکی بەرچاوی سووریيەیان بەدەستەوە گرت و وێدەچوو دەوری بەرچاو لە دانووستانەکانی کۆتاییهێنان بە شەڕی نێوخۆیی وڵات بگێڕن. کوردەکانی تورکیە، ئەگەرچی لە ماڵێ گەمارۆ دراون، شانازییان بە دەستکەوتەکانی هاوپەیمانیانیان لە سووریيە کە گەلێک لێیان نزیکن دەکرد. لە عێراق، حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە لوتکەی دەسەڵاتی خۆیدا بوو و ئامادەکاریی بۆ ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی لە سێپتەمبەری ٢٠١٧ دەکرد. لە کۆتایی ٢٠١٨، بەشێکی زۆر لە کوردان بێهیوا ببوون. دوای ئەوەی کە زۆربەی هەرە زۆری کوردەکانی عێراق لە ڕیفراندۆمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەنگیان بە سەربەخۆیی دا، دەوڵەتی عێراق بە پشتیوانی ئێران و تورکیە، کوردستانی داگیر کرد و کۆنترۆڵی نزیکەی ٤٠ لە سەدی ڕووبەری ئەوێی گرتە دەست. بە شەوێک حکومەتی هەرێم نەتەنیا نیوەی خاکی خۆی بەڵکو بەشێکی زۆری دەسەڵاتی ناونەتەوەییشی لەدەست دا. کوردەکانی تورکیە، سەرەڕای وەدەستهێنانی کورسییەکانی پارلمان لە هەڵبژاردنی ژووەنی ٢٠١٨، خۆیان لە بەرامبەر هێرشە بێبەزەییانەکەی ئەردۆغان و دەوڵەتەکەی لە تەواوی ماوەی ساڵدا ڕاگرتبوو، لە ناویاندا دەستپێکردنەوەی هێرشی سەربازیی دژی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە). لە سووریيە، تورکیە لە مانگی مارسی ٢٠١٨ شاری عەفرینی داگیر کرد کە بەدەست کوردان بوو و بووە هۆی ئاوارە بوونی یەپەگە و ٢٠٠٠٠٠ کوردی ئەوێ. پاشان، لە مانگی دێسەمبەر، کوردەکانی سووریيە پێیان زانی کە پارێزەرە ئامریکاییەکانیان لەوانەیە بە تەواوی پشتیان تێ بکەن. بەڵام ئەو نسکۆیانە بە پێچەوانەی ڕەوتێکی گەورە و بەربڵاون، ڕەوتێک کە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە چەند ساڵی داهاتوو دا شکڵ دەدا. لە سەرانسەری ناوچەکە، کوردەکان هێزی باوەڕ بەخۆبوونیان بەهێز دەبێ، داوای ئەو مافانە دەکەن کە زۆر دەمێکە حاشایان لێ کراوە، و لە هەمو گرینگتر، لەوبەری سنووورەکانەوە و لە تاراوگە هاوکاریی یەکتر دەکەن. تا ڕاددەیەک کە لە مێژوودا وێنەی نەبووە، کوردەکانی چوار پارچەی کوردستان، لە ئێران، عێراق، سووریيە و تورکیە، کوردەکان ڕێگای بوونە یەک نەتەوەیان گرتوتە بەر. ئێستاش بەربەستی مەزن لەسەر ڕێگای یەکبوون ماون، لەناویاندا جیایی زمان و بوونی لانیکم دوو دەوڵەتی بەهێز، ئێران و تورکیە، بە بەرژەوەندییەکی هاوبەش کە پێش بە هەر چەشنە شێوازێکی پانکوردیسم بگرن. لەگەڵ ئەوەشدا ڕووداوەکانی ئەو دواییانە پرۆسەی دروستبوونی وڵاتی کوردی دەستی پێکردووە، کە لە دریژخایەندا، دژوار دەبێ پێشی پێ بگیرێت. ئەگەر قەت دەوڵەتێکی سەربەخۆی یەکگرتوو پێک نەیە، وەختەبەر هاتنی نەتەوەیی کوردان دەستی پێکردووە. دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەوانەیە لە ڕابوونی کوردان بترسن، بەڵام دەسەڵاتی وەستاندنی ئەویان نییە.

پرسێکی لەکیس چوو

ئێستا نزیکەی ٣٠ میلیۆن کورد لە کوردستانی گەورەدا دەژین، ناوچەیەکی یەکگرتوو لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیە، باکووری ڕۆژئاوای ئێران، باکووری عێراق و باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریيە. لە ماوەی چەند سەدە هۆزە کوردەکان لەگەڵ ئیمپراتورییە عەرەب، فارس و تورکەکان کاریگەریی دوولایەنەیان هەبووە، هەندێک جار هاوکارییان کردووە و هەندێک جار دژی ئەوان سەرهەڵدانیان وەڕێ خستووە. ناسیۆنالیزمی مودێرنی کورد، ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ تێکچوونی ئیمپراتوریی عوسمانی دوای شەڕی یەکەمی جیهانیی. لە ڕێککەوتنامەی ١٩٢٠ی سێڤەر، کە لە نێوان هاوپەیمانان و عوسمانی شکستخواردوو واژۆ کرا، باسی ڕیفراندۆمێکی سەربەخۆ لەو ناوچانەی خاکی تورکیەی مودێرن کە زۆرینەی دانیشتووانی کوردن کرابوو. بەڵام، دوای شەڕی سەربەخۆیی تورکیە، دەوڵەتی نوێی تورکیە دووبارە لەگەڵ هاوپەیمانان دانووستانی کرد. ئاکامی ئەو ڕێککەوتنی لوزان لە ١٩٢٣ بوو، کە زامنی دەسەڵاتی تورکیە بەسەر ئەو ناوچەوە بوو کە ئەگەری ئەوەی هەبوو کە ببێتە کوردستانێکی سەربەخۆ. بەڵام داوای سەربەخۆیی کوردان، لەنێو نەچوو. بە درێژایی سەدەی بیستەم، سەرهەڵدانەکانی کوردان، کە زۆر جار بە پشتیوانیی دەوڵەتی نەیار بوو، تەقریبەن لە هەموو ئەو وڵاتانەی کە ڕێژەیەکی بەرچاوی کورد لێیان دەژین هاتنە ئاراوە. تورکیە سەرهەڵدانی کوردانی لە ١٩٢٥، ١٩٣٠ و ١٩٣٧ سەرکوت کردن. پاشان لە هەشتاکان پەکەکە سەرهەڵدانێکی نوێی لە تورکیە دەست پێکرد کە ئێستاش درێژەی هەیە. لە ئێران، لە ١٩٤٦ کوردەکان بە پشتیوانی یەکیەتی سۆڤییەت یەکەم دەوڵەتی ڕاستەقینەی کوریيان دامەزراند، کۆماری سەربەخۆی مەهاباد، کە ماوەی ساڵێک و دوای ئەوەی کە مۆسکۆ پشتی بەردان تێکچوو. کوردەکانی عێراق پەیتا پەیتا دژی دەوڵەتی ناوەندی ڕاپەڕیون. بە پشتیوانیی شای ئێران، دوو شەڕیان لەگەڵ بەغدا کردووە، یەکیان لە شەستەکان و ئەوی دیکە لە حەفتاکانی زایینی، کە لە ١٩٧٥ دوای ئەوەی کە شا ڕێککەوتنێکی لەگەڵ کەسایەتی بەهێزی عێراق سەددام حوسێن واژۆ کرد و پشتی لە کوردان کرد، شکستی هێنا. ئەو جوواڵانەوانە بەو مانایە بوون کە هەرکام لەو چوار وڵاتە کە خاوەنی حەشیمەتێکی زۆری کوردانن، سەرکوتی ناسیونالیزمی کورد بەشێکی سەرەکیی ئامانجی سیاسیی ئەوان بووە. کۆماری نوێی تورکیە لە سەردەمی سەرۆک کۆمار کەمال ئاتاتورک، بەکارهێنانی زمانی کوردی لە ١٩٢٣ قەدەغە کرد و وردە وردە دەسەڵاتێکی بێ بەزەییانەی بەسەر ناوچە کوردییەکاندا سەپاند، گوندەکانی سووتاند، خەڵکی گواستەوە و ملک و ماڵی ئەوانی داگیر کرد. (ئەگەرچی هەواڵگریی وڵاتە یەکگرتووەکان هەمیشە دڵنیا بووە کە تورکیە دەتوانێ بەرەوڕووی ئالنگارییەکانی کوردان ببێتەوە، سی ئای ئەی لە ١٩٧١ لە ڕاپۆرتێکدا دانی بەوە دانا کە سیاسەتەکانی تورکیە، بە تایبەتی ئەوانی کە پێش بە بەکارهێنانی زمانی کوردی دەگرێ، سەرچاوەی ناڕەزایەتییەکانی کوردان بووە). ئێران بە هەمان شێوە لە ١٩٣٠ زاراوەکانی کوردیی قەدەغە کرد. لە سووریيە، دەوڵەتی ناوەندی نە تەنیا پێشی بە فێرکردن و خوێندن بە زمانی کوردی گرت بەڵکو ملکداریی کوردانیشی سنووردار کرد. و لە سەرەتاکانی شەستەکانی زایینی، دیمەشق مافی شارۆمەندیی لە دەیان هەزار کوردی سووریيە ئەستاندەوە، و ئەوانی وەک بێ دەوڵەت ناساند. لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ناوچە کوردییەکان لە بواری ئابووریيەوە پاشگۆ و پەراوێز خران. لە بەرامبەر ئەو سەرکوتەدا، کوردەکان توانیویانە خۆ بپارێزن و تەنانەت پێناسەی خۆیان پشتاوپشت بەهێز کردووە. وەک نووسەری کورد حەمید بوزئەرسەلان باسی کردووە، کوردەکان وەک کەمینە لە لایەن دەوڵەتەکانی ئێران، عێراق، سووریيە و تورکیە ڕەفتاریان لەگەڵدا کراوە، بەڵام ئەوان خۆیان وەک کەمینە نابینن. ئەوان لە وڵاتی خۆیان کوردستان زۆرینەن، کە تەنیا بەهۆی ڕووداوێکی مێژووی جوگرافیایی خراونە سەر دەوڵەتانی جیاواز. و ئەوە سیستەمی دەوڵەتداریی مودێرنی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە، کە بە درێژایی مێژوو، بەربەست بووە دژی خولیای نەتەوەیی کوردان. ڕاپۆرتێکی هەواڵگریی سی ئای ئەی لە ١٩٦٠ دەڵێ کە کوردەکانی ئێران و عێراق هەموو بنەماکانی پێویست بۆ خۆبەڕێوەبەری، هێزی سەربازی، ڕێبەری و ئەگەری پشتیوانی کەرەستەیی لە لایەن دەسەڵاتێکی دەرەکیی، یەکیەتی سۆڤییەتیان، هەیە. لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە: "تەنیا سەقامگیریی پێوانەیی دەوڵەت [واتە دەوڵەتانی ئێران و عێراق. و.] ڕێگری جیاییخوازیی بەکردەوەی کوردانە."

دوو هەنگاو بۆ پێشەوە، هەنگاوێک بۆ دواوە

بەشی زۆری سەدەی بیستەم، تەنیا ڕێگای مومکین بۆ خودموختاری (یا سەربەخۆیی) کورد، هەرەسهێنانی دەوڵەت بوو و بە کردەوە، ئەوە دەقاودەق هەمان شتە کە لە دوو دەیەی ڕابردوودا قەوماوە. ئەگەر کوردەکان ئێستا تروسکەیەکی هیوایان لە عێراق و سووریيە هەیە، هۆیەکەی هەرەسهێنانی دەسەڵاتی بەغدا و دیمەشقە. بە تایبەتی، هێرشی وڵاتە یەکگرتووەکان، پشتیوانی ئەو بۆ کوردان سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە. ئەو نیشانی دا کە کوردەکان دەتوانن خۆیان بەڕێوەبەرن و دانپێدانانی نێونەتەوەیی بۆخۆیان مسۆگەر بکەن. ئەو هەروەها شێوەی پەیوەندییەکانی کوردانی لەگەڵ وڵاتانی دیکە گۆڕی. ئەگەرچی تورکیە بەپێی نەریت دژی داخوازیی خۆبەڕێوەبەریی کوردان بووە، دەوڵەتی تورکیە لە ماوەی دەسەڵاتداریی ئەردۆغاندا بڕیاری دا کە بەرەوڕووی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەبێتەوە بەڵکو لەجیاتان پەیوەندی سیاسی و ئابووریی لەگەڵ ساز بکا. کوردستانی عێراق کە دەستی بە دنیای ئازاد ڕانەدەگیشت پێویستی بە کانالێکی سیاسی و بازرگانی، بە تایبەتی هەناردە کردنی نەوت، هەبوو و ئانکارا خۆشحاڵ بوو کە شتێکی ئەوتۆی بۆ دەستەبەر بکا. لە ٢٠١٠، تورکیە لە هەولێر پێتەختی هەرێم کونسولگەریی کردەوە، لە ٢٠١٢ حکومەتی هەرێمی کوردستان و تورکیە ڕێککەوتنێکیان بۆ دروستکردنی هێڵی گواستنەوەی نەوت لە کوردستانی عێراقەوە بۆ مەدیتەرانە واژۆ کرد. لە ٢٠١٨، ڕۆژانە نزیکەی ٤٠٠٠٠٠ بەرمیل نەوت لە هەرێمی کوردستانەوە دەگاتە بەندەری جیهان. ئانکارا هێڵێکی ژیانی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستەبەر کردووە، و دەرفەتی بەهێز کردنی پێگەی خۆی لە عێراق بۆ ڕەخساندووە. بۆ ماوەیەک، ئەردۆغان لە نێوخۆ کەڵکی لەو هاوکارییە وەردەگرت، کە کوردەکانی نزیک لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، مەسعود بارزانی، لە هەڵبژاردنەکانی تورکیە دەستیان کرد بە دەنگدان بە حیزبی ئەرۆغان. دڵنیا لە دروستکاریی کوردان، ئەردۆغان لە ٢٠٠٩ پرۆسەی ئاشتی لەگەڵ پەکەکە دەست پێکرد. بەڵام زوو، هەڵوێستێکی بێ ئەنقەستی وڵاتە یەکگرتووەکان پێگەی کوردانی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست گۆڕی. لە ٢٠١٤، بەڕێوەبەرایەتی ئۆباما دەستی کرد بە هەڵمەتێکی بۆمباران بۆ پێشگرتن لە داگیرکرانی کۆبانی، شارێکی کوردستانی سووریيە لە نزیک سنووری تورکیە، لە لایەن داعش. لەو کاتیدا، داعش تازە هێرشی کردبوو سەر باکووری عێراق و سووریيە و دەستی بە سەر ڕووبەرێکی بەرچاودا گرتبوو، لە ناویاندا دووهەم شاری مەزنی عێراق، موسڵ. بڕیاری واشینگتۆن بۆ پاراستنی کۆبانی بەرەوڕووی ناڕەزایەتی ناشیرینی ئەردۆغان بۆوە، چونکە ئەوە بە واتای پشتیوانیی ڕاستەوخۆی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ یەپەگە بوو، کە پەیوەندیی نزیکی لەگەڵ پەکەکەی تورکیە هەبوو. هاوپەیمانیی وڵاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ یەپەگە سەرکەوتنی مەیدانی جەنگی بەدواوە بوو، و سەرکەوتنی کوردان لە کۆبانی بووە خاڵی وەرچەرخان لە شەڕ دژی داعش. بەڵام ئەو سەرکەوتنە وەک زەنگی مەترسیی بوو بۆ ئانکارا. بۆ ئەردۆغان، هاوپەیمانیی ئامریکا و یەپەگە وەک نوێنگەی گۆڕانی گەمەکە لە ناوچە بوو.

ل١٠

کوردستان
• ژمارە: ٧٤٦
٢٩ی ڕەشەمەی ١٣٩٧ _ ٢٠ی مارسی ٢٠١٩


گەڕانەوەیەک بۆ چەمکی سۆسیالیزم

دریژەی ڕووخانی سۆسیالیزمی بەڕاستی ئارایی

(٨-٦)



د. کامران ئەمین ئاوە



[یەکیەتیی سۆڤییەت بە هەموو دەستکەوت و باری ئەرێنی و نەرێنییەکانیەوە لە بێدەنگییەکی سەیر و بێوێنەی خەڵکی ئەم وڵاتەدا بە مێژوو سپێردرا، بەڵام بێگومان ئەزموونەکانی ئەرێنی و نەرێنی ئەم وڵاتە و هاوپەیمانەکانی لە خۆرهەڵاتی ئوروپا وانەیەکە بۆ هەنگاوەکانی دادێی سۆسیالیستەکان و ئازادیخوازانی چەپی جیهان]

پاش مردنی ستالین، کۆنگرەی ٢٠ی حیزبی کۆمۆنیست تیشکی خستە سەر کێشە ئابووری و سیاسییەکان و ڕەخنەی توندی لە ستالین و سیاسەتەکانی ئەو کاتە گرت و بەرنامەی» گەشەسەندنی خێرای مەسرەف (بەکارهێنان)ی سۆسیالیزمی پێشکەوتوو»ی پەسەند کرد. چاکسازی لە بواری سەنعەتی و کشتوکاڵ و خێراکردنەوەی ڕەوتی پێشکەوتنی زانستی و فەنی بوو بە بەشێک لە بەرنامەکانی داهاتووی حیزب. لە کۆنگرەکەدا تەواوی نەهامەتییەکان لە چوارچێوەی ڕەخنەگرتن لە ستالیندا قەتیس مایەوە و خەسارناسیی پێویست بۆ دیتنەوەی سەرچاوە بنەڕەتییەکانی کێشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی، تێکەڵبوونی سنووری کاری حیزبی و دەوڵەتی، هەروەها سەرهەڵدان و پەرەسەندنی بۆرۆکراسیی نێوحیزبی نەکرا. مانەوە و چارەسەرنەکرانی ئەم کێشانەش کاریگەریی نەرێنیی خۆی لە سەر ڕووداوەکانی دادێی حیزب و کۆمەڵگە هەبوو.

بەرنامەی «گەشەکردنی خێرای مەسرەف» لەسەرەتادا هاواهەنگی لەگەڵ ڕادەی چوونەسەرەوەی بەرهەمهێنان لە بواری مەسرەفدا نەبوو. زیادکردنی مووچە نەیتوانی ببێتە هۆی بردنەسەرەوەی ئاستی چاکبژیویی کۆمەڵایەتیی خەڵکی زەحمەتکێش و تەنیا چوونەسەرەوەی میزانی پاشەکەوتکردنی بێکەلکی پارەی لێ کەوتەوە. ئەم مەسەلەیە نەک هەر نەبوو بە پاڵنەری ئەرێنی بۆ کاری زۆرتر و باشتری زەحمەتکێشان، بەڵکوو ڕێخۆشکەری پەرەسەندنی بازاڕی ڕەش بۆ شتومەکە مەسرەفییەکانی ئارایی، گەندەڵی و بەرتیلخۆریی دەمودەزگا دەوڵەتییەکان و بە تایبەتی بەرپرسانی بەشینەوەی شتومەکە مەسرەفییەکان بوو. داهاتی بەستراوە بە چالاکیی نابەرهەمهێنەر بەخێرایی زیادی کرد و بوو بە هۆی پەرەسەندنی چینە مشەخۆرەکانی نێو کۆمەڵگە و دەمودەزگا دەوڵەتییەکان، کە لە دەرەوەی بنەواشەکانی سۆسیالیستی زێدەمووچەیان لە ڕێگای بەرتیل وەرگرتن و پارتیبازی مسۆگەر دەکرد.

لەمەش زیانبارتر سیاسەتی هاوتەرازکردنی ئاستی مووچەکان لە کۆمەڵگە بوو. ئەم هاوتەرازکردنە لەگەڵ هەوڵی پێکهێنانی پاڵنەری مادی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێناندا تەبایی نەبوو و کاریگەریی نەرێنیی خۆی لەنێو خەڵکی هەبوو. ئەم خاڵانەی کە باس کران پەیتا پەیتا بنەمای قەیرانێکی قوواڵی ئابووری و کۆمەڵایەتییان ساز کرد.

سەرەڕای تەواوی ئەم کەمایەسییانەش، دەسکەوتەکانی بەرنامەی گەشەکردنی خێرای مەسرەف بە تایبەتی لە بواری زانستی، نیزامی و سەنعەتی، هەروەها بردنەسەرەوەی ئاستی خۆشبژیویی خەڵک بە بەراورد لەگەڵ وڵاتە سەرمایەدارییەکانی ئەو کاتە لە ئاستێکی بەرزدا بوو. ناردنی یەکەمین سەتەلایتی فەزایی [سپۆتنیک] بۆ ئاسمان لە ئۆکتۆبری ١٩٥٧ توانایی ئەم وڵاتەی لە بواری زانست و تەکنیک پیشان دا. دەستکەوتەکانی بەرنامەی گەشەکردنی خێرای مەسرەف و دەوامی ئەم سیاسەتە و خۆشبینیی لە ڕادەبەدەر و دوور لە ڕاستیی ڕێبەرایەتیی حیزبی کۆمۆنیست بوو بە هۆی قوواڵتربوونی قەیرانە ئابووری و سیاسییەکان.

یەکەمین نیشانەی ئەم ناڕاستبینییە لە کۆنگرەی ٢١ی حیزب لە ساڵی ١٩٥٩ سەری هەڵدا. کۆنگرە، پێشکەوتەکانی کۆمەڵگەی سۆسیالیستیی پاش شۆڕشی ئۆکتوبر بە بەراورد لەگەڵ وڵاتە سەرمایەدارییەکانی ئەو کاتەی گەلێک بەرز نرخاند و، گەیشتە ئەو ئاکامەی کە سۆسیالیزم لە یەکیەتیی سۆڤییەت بەیەکجاری سەرکەوتووە.

لە کۆنگرەی ٢٢ لە ئۆکتۆبری ١٩٦١ باس لە هەنگاونان بەرەو دامەزراندنی بینای کۆمۆنیزم هاتە گۆڕێ، هەروەها کۆمیتەی ناوەندی ڕاسپێردرا کە هێز و توانای حیزب و گەل بۆ پێکهێنانی بنەما مادییەکانی کۆمۆنیزم بخاتە گەڕ. ئەم بەرنامەیە لە ڕاستییەکانی ژیان و وەزعییەتی ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی سۆڤییەت دوور بوو. لە باری ئابوورییەوە بەرنامەی «سۆسیالیزمی پێشکەوتوو» کە لەسەر بنەمای «گەشەکردنی خێرای مەسرەف» و دەستپێکی قۆناغی بینای کۆمۆنیزم داڕێژرابوو، بوو بە هۆی گۆڕانکاری لە بەرنامەداڕشتنی ئابووری. لەم بەرنامەیەدا زۆرتر پێداگری لە بردنەسەرەوەی مووچە و ئاستی خۆشبژیویی مادیی گەل کرابوو؛ هەتا بردنەسەرەوەی بەرهەمهێنان.

ڕاگەیاندنی دوەڵەتی تەواوگەلی و حاشاکردن لە هەبوونی چین و توێژی جیاواز وەکوو کرێکار، وەرزێر و ڕووناکبیر، لەبەرچاو نەگرتنی ئەو ڕاستییە کە جیاوازیی شار و دێ و کاری جەستەیی و فیکری و تەواوی بەستێنەکانی بنەمایی بۆ دستپێکی کۆمۆنیزم جارێ چارەسەر نەکراون، بوو بە هۆی سیاسەتێک کە سنووری نێوان کاری حیزب و دەوڵەتی زۆرتر تێک دا، بۆرۆکراسی پەرەی زۆرتری گرت و بەرژەوەندیی چینی کرێکار و زەحمەتکێشان کەوتنە ژێر سێبەری بەرژەوەندیی دامودەزگا دەوڵەتییەکان و، خەڵک و دەستەڵاتی زۆرتر لەیەک دوور کردەوە.

ئەم ڕەوتە، کە لە کاتی هاتنە سەرکاری خرۆشچۆڤەوە دەستی پێکردبوو هەتا مردنی لیۆنید بریژنێڤ لە ساڵی ١٩٨٢ دریژەی هەبوو. پێویستە ئاماژە بەم خاڵەش بکرێ کە هەتا لەسەرکار لابرانی خرۆشچۆڤ لە ساڵی ١٩٦٤ سێ ڕەوت لە حیزبی کۆمۆنیستدا پێکهاتبوو

* گرووپێکی حیزبیی دژبە ستالین کە خوازیاری ڕزگارکردنی هەرچی زۆرتری کۆمەڵگە لە کۆنترۆڵی دەوڵەت بوو.

* ڕەوتێکی نێوستالینی کە سیاسەتەکانی خرۆشچۆڤی وەکوو هۆی لاوازکردنی مەترسیداری دەوڵەت ئیدانە دەکرد و خوازیاری وەگەڕخستنی سەرلەنوێی سیاسەتەکانی ستالین بوو.

* گرووپێکی پارێزکار بە ڕێبەریی بریژنێڤ کە گۆڕانکارییەکی سەرەکیی زیاتر لەوەی هەبوو، نەدەویست. زۆرینەی پارێزکاران بە سەرۆکایەتیی بریژنێڤ وێڕای سازان لەگەڵ نێوستالینەکان بۆ ماوەی دوو دەیە، دەستەڵاتداریی سۆڤیەت بوون.

کێشە و ململانێی ئەم ڕەوتانە بە چەشنی جۆراوجۆر تا کۆتایی حکوومەتی سۆسیالیستی هەر دریژەی بوو. لەم دەورەیەدا بزووتنەوەی چاکسازی بەزەحمەت خۆیەکی نیشان دەدا تاوەکوو لە ساڵی ١٩٨٥ پاش مردنی ئاندرۆپۆڤ و بە دەستەڵات گەیشتنی گۆرباچۆڤ ڕەوتی پریسترۆیکا دەستی پێکرد.

سەرەڕای سیاسەتە ناکارامەکانی خرۆشچۆڤ و خۆپاراستنی بریژنێڤ لەوەی خۆ لە کێشەکانی وڵات بدا، ئابووریی سۆڤییەت ڕووی لە گەشەکردن بوو. لە نێوان ساڵانی ١٩٥٠ و ١٩٧٥ پێوەری بەرهەمهێنانی سەنعەتی لە سۆڤییەت بەپێی ئاماری خۆیان هەتا ٩.٨٥ و بەپێی ئاماری سی ئای ئەی (CIA) هەتا ٦.٧٧ کەرەت زیادی کردبوو. ئەمە لە حاڵێکدا بوو کە ئەم پێوەرە (نیشانەیە) لە ئەمریکا ٢.٦٢ بوو. لە دەیەی ١٩٨٠ یەکیەتیی سۆڤییەت سەدا ٧.٢ی شتومەکەکانی سەنعەتی جیهانی بەرهەم دەهێنا، بەم حاڵەش لە کۆتایی دەیەی ١٩٧٠ و دەستپێکی دەیەی ١٩٨٠ نیشانەکانی قەیران بەهۆی کێشەکانی سیاسەتدانان، بەتایبەتی گواستنەوەی سەرمایەگوزاری لە سەنعەتە گەورەکانەوە بۆ شتومەکی مەسرەفی، هاوتەرازکردنی مووچەکان، سەرنجنەدان بە مەسەلەی بەرنامەڕێژی و پاڵنەری، ڕۆژ بە ڕۆژ ئاشکراتر دەبوو. لە نێوان ساڵانی ١٩٨٢_١٩٧٩ بەرهەمهێنانی شتومەکی سەنعەتی هەتا سەدا ٤٠ دابەزی و ڕادەی بەرهەمەکانی کشتوکاڵ تەنانەت نەگەیشتە ڕادەی ساڵی ١٩٧٨یش و ... لە ساڵانی کۆتایی حکوومەتی بریژنێڤ گەلێک کێشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی، هەروەها سیاسی و ئایدۆلۆژیک لەسەر یەک کەڵەکە کرابوون.

لە سەرەتای دەیەی هەشتا ڕێبەرایەتیی حیزب لە هەوڵی دیتنەوەی نەخشەڕێگایەک بۆ چارەسەرکردنی ئەم قەیرانە بوو، یۆری ئاندرۆپۆڤ سکرتێری تازەی حیزب ١٠ ڕۆژ پاش کۆچی دوایی بریژنێڤ، بە ڕاشکاوی وێڕای هەڵسەنگاندن و ڕەخنەگرتنی جیدی لە سیاسەتەکانی پێشووی حیزب، پێشنیارەکانی خۆی بۆ چاکسازی لە تەواوی بوارەکانی نێوخۆیی و دەرەکی ئاراستەی حیزب کرد. دەورانی ١٥ مانگەی ڕێبەریی ئاندرۆپۆڤ هەرچەندکەم بوو، بەڵام لە باری چۆنیەتییەوە گەلێک بەنرخ و ڕێخۆشکەری ڕەوتی چاکسازی بوو. ئاندرۆپۆڤ لە ڕاستیدا یەکەمین کەسایەتیی سیاسی بوو کە توانی ئەو نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەی کە هۆی لاوازکردن و گۆڕانی قەوارەی سۆسیالیستی و بەربەستێک بۆ پێشکەوتن لە بواری ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی بوو، دیاری بکا و هەنگاوە سەرەتاییەکان بۆ لەنێو بردنی گەندەڵی بە تایبەت لە ئاستی ڕێبەرایەتیی حیزب و دەوڵەتدا هەڵێنێ.

ئاندرۆپۆڤ سیاسەتی هاوتەرازکردنی مووچەکانی وەکوو یەکێک لە هۆیەکانی کێشەی کۆمەڵایەتی پێناسە کرد و پێداگریی لەسەر ئەم خاڵە کرد کە پێویستە ئاستی خۆشبژیویی خەڵک بەپێی میزانی کاریان بێ. ئەو هەر چەشنە گۆڕانکارییەکی کتوپڕ و خێرای لە ڕەوتی ئەنجامدانی بەشینەوەی کۆمۆنیستیدا ئیدانە کرد و چوونەسەرەوەی ئاستی مەسرەفی خەڵکی بەبێ بردنەسەرەوەی ڕاندمانی کار، وەک لادان لە بنەماکانی سۆسیالیزم لە قەڵەم دا. ئاندرۆپۆڤ باسی لە پێشێلکردنی دێموکراسیی شۆڕایی و پێداویستی باشترکردنی دێموکراسی کرد و لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە سۆسیالیزم نەیتوانیوە تەواوی ناکۆکی و جیاوازییەکانی کۆمەڵگە لەنێو ببا. سیاسەتەکانی ئاندرۆپۆڤ بوو بە پێکهێنەری بنەمای سیاسەتی حیزب و دوو ساڵ پاش مردنی، لە کۆنگرەی ٢٧ [ساڵی ١٩٨٦] دا، ناوی پرسترۆیکای بەخۆیەوە گرت. بەرنامەی ٥ ساڵەی پەسەندکراوی کۆنگرەی ٢٧ لەسەر چەند دروشمی سەرەکی داڕێژرا:

* ناکۆجێیی کردنی بەرنامەدانانی ئابووری
* مۆدێرنیزەکردنی ڕەوتی بەرهەمهێنان
* پێکهێنان و پاڵنەری مادی بۆ بردنەسەرەوەی ڕاندمانی کار
* پەرەپێدان بە دێموکراسی سۆسیالیستی لە ئاستی کۆمەڵگەدا

لە پێناوی ئەم ئامانجانەدا ئاڵوگۆڕی جیدی لەبواری جۆرواجۆردا کرا: بەشێکی زۆر لە بەرنامەڕێژییەکانی دەوڵەت درا بە بنکە ئابوورییەکان، بەڕێوەبەرانی کارخانەکان ئیتر بە دەنگدانی کرێکاران هەڵدەبژێردران، لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە ئاشکرا باسی کێشە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە دەکرا. ڕەوتی خێراکردنی مۆدێرنیزاسیۆنی ئابووری_ پیشەیی بۆ باشترکردنی ئاستی خۆشبژیویی خەڵک دەستی پێکرد.

بەڵام سەرەڕای تەواوی ئەم کارانە ئیتر زۆر درەنگ بوو، ئەم چاکسازییە بە دێرهاتێکی ٣٠ ساڵەوە دەستی پێ کردبوو، گەندەڵی و بۆرۆکراسی تەواوی پێکهاتەی حیزب و دەوڵەتی لەخۆ گرتبوو و بەشێکی زۆر لە دەستەڵاتداران بەرژەوەندیان ئیتر نەک لە ڕەوتی چاکسازی، بەڵکوو لە فەوتانی سیستمی سۆسیالیزمی بەڕاستی ئاراییدا بوو.

ئەم ئامانجە پاش ململانێی دوو هێڵی سەرەکی لە نێو حیزب، پاش کوودەتای نمایشی ئاگۆستی ١٩٩١ لەبەرژەوەندیی خوازیارانی گۆڕینی سیستمی سۆڤییەتدا شکایەوە. یەکیەتیی سۆڤییەت بە هەموو دەستکەوت و باری ئەرێنی و نەرێنییەکانیەوە لە بێدەنگییەکی سەیر و بێوێنەی خەڵکی ئەم وڵاتەدا بە مێژوو سپێردرا، بەڵام بێگومان ئەزموونەکانی ئەرێنی و نەرێنی ئەم وڵاتە و هاوپەیمانەکانی لە خۆرهەڵاتی ئوروپا وانەیەکە بۆ هەنگاوەکانی دادێی سۆسیالیستەکان و ئازادیخوازانی چەپی جیهان. ئەگەر ئیمە سۆسیالیزم وەکوو بزووتنەوەیەکی دێموکراتیک لەبەرچاو بگرین، دەبێ ئەم ڕاستییەش ببینین کە هیچ خەباتێک بەبێ هەوراز و نشێو، سەرکەوتن و تێکشکان نابێ. تەنیا پێویستە ئیمە لە ڕابردوودا نەمێنینەوە و هەنگاوەکانمان بەپێی ئاڵوگۆڕەکانی کۆمەڵگەی جیهانی و نێوخۆیی هەڵگرینەوە و بە خوێندنەوەیەکی تازە بەرەوپیری داهاتوو بچین.

ئەو بەهارەی دێ لە ڕێژیمی ئاخوندان پاییزە

سامڕەند عەتری

وێدەچێ ئەو بەهارەی بەڕێوەیە بۆ ڕێژیمی ئاخوندەکانی تاران، نەک بۆنی بەهاری لێ نایە، بگرە لێیان وەپاییز بگەڕێ. حەسەن ڕۆحانی دەڵێ، دوو جار بە عەلی خامنەیی گوتووە ڕێژیمەکەیان تووشی جەنگی ئابووری بووە و جەنگیش فەرماندەری مەیدانیی دەوێ، بۆیە داوای لێ کردووە کە خامنەیی، خۆی فەرماندەریی ئەو جەنگە وەئەستۆ بگرێ. دەشڵێ، ڕێبەرەکەیان پەژراندوویەتی کە کەوتوونەتە شەڕی ئابووریيەوە، بەڵام گوتوویەتی دەبێ فەرماندەریی شەڕی ئابووری لە ئەستۆی سەرۆککۆمار بێ.

ڕیفۆرمخوازانی ڕێژیمیش کە زیاتر لە ٢٠ ساڵە بە دروشمی بەتاڵوەهەتاڵ خەڵکی ئێرانیان سەرقاڵ کردووە و بوونەتە هۆی درێژبوونەوەی تەمەنی ئەو ڕێژیمە تێرۆریستە، لێرەوەلەوێ خەریکی دانپێدانانن، کە ئیدی فیڵ و تەڵەکەی ڕیفۆرمخوازییش کەلکی نەماوە. هەر بۆیەش محەممەد خاتەمی، سەرۆکی ڕەوتی ڕیفۆرمخوازانی ڕێژیم لە دیداری لەگەڵ فراکسیۆنی ئومێدی «مەجلیسی شووڕای ئیسلامی»دا دەڵێ: «ئیدی پێی وانییە لە هەڵبژاردنەکاندا خەڵک بە دەنگیانەوە بێ.» بەڵام سەعید حەججاریان، کە ڕۆژگارێک بە مێشکی بیرمەندی ڕیفۆرمخوازانی ڕێژیم دادەنرا، دەڵێ: «ڕێژیم کە گەیشتە بنبەست، مل بۆ داخوازییە نێودەوڵەتییەکان کەچ دەکا.» ئەم قسەیەی حەججاریان، قسەیەکی توێکڵدارە و دەرکەیە بۆ ئەوەی کە خامنەییش ڕۆژێک وەکوو خومەینی جامی ژەهرەکە بە بینیەوە دەنێ.

هەرچەند هێشتا دەمقڕەی نێوان زەریف، وەزیری کاروباری دەرەوەی ڕێژیم و هێزی قودسی سپای تیرۆریستیی پاسداران نەبڕاوەتەوە و جێگری قاسم سولەیمانی، فەرماندەری هێزی قودسی سپا بە هەواڵدەریی ئیسنای گوتووە، کە سوپای قودس بوو بەشار ئەسەدی هێنا بۆ ئێران و ‹‹ئەوانەی دەبوو ئاگایان لەم سەفەرە بێ، ئاگایان لێ بوو ... ئەوانەی دەشبوو لێی بێئاگا بن، ئاگایان لێ نەبوو.›› بەڵام وێدەچێ سەرانی ڕێژیم لە فکری ئەوەدا بن کە بە نیزیکبوونەوە لەو بەهارەی دێ تاکوو ڕادەیەک وا نیشان بدەن لە نێوخۆدا بەرەو یەکگرتوویی هەنگاو دەنێن و، ئەوەش بەتایبەت لە تەشەرەکەی سەعید حەججاریاندا هەڵدەوێنجرێ.


سەربارەی ئەو بارودۆخە نێوخۆییەی ڕێژیم، ئەو بەهارەی دێ، هێندێک ڕووداو لەگەڵ خۆی دێنێ، کە لەدەرەوەی ئیرادەی ئەو ڕێژیمەن و، حەتمەن بەهارێکی لە ئاخوندان پاییز دادێنن.

ئاخر لە سەرەتای ئەو بەهارەدا ئیتر کۆتایی بەو مۆڵەتە دێ کە ئەمریکا بە چەند وڵاتێکی دابوو بۆوەی کۆتایی بە هەر چەشنە هاوردەکردنێکی نەوتی ئێران بێنن، دەنا ڕووبەڕووی سزای ئابووریی ئەمریکا دەبنەوە و، لە ئەنجامی ئەوەشدا بە شێوەیەکی یەکگرتوو لە لایەن ئەمریکا و ئوروپا و هەموو وڵاتانی دنیاوە وشکایی بە داهاتی نەوت و وەدەستکەوتنی پارەی دەرەکی (دۆلار) بۆ ڕێژیمی تاران دێ و، وەک شارەزایان دەڵێن: «داهاتی دۆلاری ڕێژیم دەبێتە سفر.» لێرەدا بۆیە ئوروپاشمان ڕەگەڵ خست، چونکە سەرباری ئەوەی کە ڕێژیم تا ئێستا دڵی بەوە خۆش کردووە کە گۆیا ئوروپا میکانیزمێکی لە چەشنی نەوت لە بەرامبەر خۆراکدا دادەنێ و هەر نەبێ ئەوە هێندێک پێداویستیی ڕێژیم دابین دەکا، کەچی لە بەهارەکەی بۆ ئاخوندان پاییزدا لە ئوروپاش هەڵبژاردنی پەرلەمان بەڕێوە دەچێ و، شارەزایانیش پێیان وایە هەڵبژاردنی ئەم جارەی پەرلەمانی ئوروپا لە کەشێکی جیاوازدا دەکرێ و، ئەگەری زۆرە نوێنەرانی لایەنە نیشتمانی_نەتەوەییەکانی ئوروپا جێی نوێنەرانی لایەنە جیهانیخوازەکان بگرنەوە و ئیدی کەسانی وەکوو موگەرینی لە ناوەندی بڕیاری ئوروپادا نەمێنن. ئەمەش مانای وایە کە ڕێژیم چاوی ڕەشی لەو میکانیزمە ئابروووبەرەیەی ئوروپاش کاڵ دەبێتەوە و، چەند جارێکیش لە خامنەیی بیستراوە کە بە دەوڵەتەکەی ڕۆحانی دەڵێ دڵ بە ئوروپا خۆش مەکەن، دیارە مەبەستی خامنەیی ئوروپای پاش هەڵبژاردنی بەهاری لە ئاخوندان پاییزە.

هەمووی ئەوانەش بە جێی خۆیان، هەر لەو بەهارەدا کۆتایی بەو مۆڵەتە سێ مانگەیەش دێ کە FATF بۆ دوایین جار بە ڕێژیمی تارانی داوە تا بڕیار بدا لەسەر ئەوەی کە ئاخۆ بەڵگەی بە ئەندامبوونی لە FATFدا دەپەژڕێنرێنێ، یان نا. خۆ ئەگەر ڕێژیم بە ئەندامبوون لەو گرووپە دارایيە جیهانییەدا بپەژڕێنێ، مانای وایە کە دەست لە هەموو چەشنە پشتیوانییەکی دارایی و سەربازیی میلیشیا تێرۆریستە شیعەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، واتە حووسییەکانی یەمەن و حیزبوڵڵای لوبنان و حەشدی شیعەی عێراق هەڵدەگرێ. کە ئەم کارەش بۆ ڕێژیم خواردنەوەی ژەهری هەلایەلە، بۆیە تەقریبەن بە ناومکین دێتە بەربیر، چونکە ڕێژیمی ئاخوندەکان لەوەتای هەیە بەوە درێژە بە مانەوەی خۆی دەدا کە گۆیا دوژمنێکی دەرەکی دەیەوێ ئێران خاپوور بکا، بۆیە ڕێژیم لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران هێزی بەرگری داناوە و ‹›میحوەری بەرگری‹‹ی دامەزراندووە. هەر بەوەش درێژەی بە چەوساندنەوەی گەلانی ئێران لە نێوخۆی وڵاتەکە داوە.

ڕێژیم هەرچییەک بکا، ئەو بەهارەدێ و ئەو ڕووداوانەش ڕوو دەدەن، بۆیە ئەو بەهارە، بەهارێکی لە ڕێژیمی ئاخوندەکان و لە تێرۆریستە تائیفەگەراکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پاییزە.

کوردستان
• ژمارە ٧٤٦
٢٩ی ڕەشەمەی ١٣٩٧ _ ٢٠ی مارسی ٢٠١٩



هەڵبژاردنی شانۆ و شۆڕش

هێزی گیارِەنگ و دیاریی ٢٥ی گەلاوێژیان

برایم چووکەڵی

ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان، مەشخەڵدارانی ڕێگای سوری خەبات، وەدیهێنەرانی ئازادیی نیشتمان، زەحمەتکێشانی کوردستان، دڵسۆزان و پشتیوانانی ڕاستەقینەی هەژاران، شۆڕشگێرانی گۆرەپانی خەبات و خۆڕاگرین کە بۆ دەستەبەرکردنی ماف و ئازادی بێوچان تێ دەکۆشن، بێئەوەی چاوەڕوانی هیچ دەستخۆشییەک بن خوێن و گیانیان دەبەخشن، هەر لەم کاتە مزگێنیی ئازادی بۆ نەتەوەیەکی بەشخوراو بەدیاری دێنن. ئەو کەسانە کە بۆ نەتەوەیەک گیانیان دەبەخشن پاش مردنیش ناویان لەنێو دڵی گەلەکەیاندا هەر زیندوو دەمێنێتەوە و ڕیبازیان بە ئامانجە بەرزەکانیان هەروا پڕ ڕێبوارە.

هیچ هیزێک و کەندوکۆسپێک ناتوانێ پێش بە هەڵچوونی خەباتکاران بگرێ میژوو نیشانی داوە کە خەلکی کوردستان ئالای خەباتی بە شکاوەی ڕاگرتوە و بە دریژایی میژووش دژی داگیرکەران و کۆنەپەرەستی بەربەرەکانی کردووە و لە توپ و تانک، لە موشەک و فڕۆکە، لە هێزی زۆر و بۆری داگیرکەر سڵی نەکردوە و بە دوژمنیان سەلماندوە تا کوردێک بمێنێ، کوردستان، ئالاکەی هەر شەکاوەیە و ئاگری نەورۆزی هەر گەشاوە دەبێ.

کۆماری ئیسلامی لەگەڵ هاتنەسەرکار و بەهێزکردنی دەسەڵاتەکەی پشتی لە هەموو دروشمەکانی شۆڕش کرد و لەشکەری هێنایە کوردستان و هیچ ڕێگەیەکی بۆ خەڵکی کوردستان نەهێشتەوە و ناچار بە بەرگریی چەکداریی کردن. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەیزانی کورد مافی نەتەوەیی و کولتووری و مرۆیی خۆی دەوێ، بەڵام نەیبیست و لە ڕێگای نیزامی و زەبروزەنگەوە وڵامی ئەو داوایەی دایەوە. خەڵکی کوردستانیش بە ئیمان بە ڕەوابوونی ماف و داواکانیان دەستیان بەر نەداوە و بەناچاری پەنایان بردە بەر دیفاعی چەکدارانە بۆ ئەوەی مان و مەوجودییەتی خۆیان بپارێزن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانیش وەک پێشەنگ و ئاڵاهەڵگری ئەو خەباتە ڕەوایە ڕۆڵەکانی ئەو گەلەی لە ڕیزی خۆیدا کۆ کردەوە و زۆر ئازایانە بەرەنگاری دوژمنی خوێنمژ بۆوە. لەگەڵ ئەوەی بەشی هەرە زۆری ڕۆژەکانی ساڵ هێزی پێشمەرگەی دێموکرات حەماسەی تیدا خوڵقاندوە و فیداکاری کردوە و زەبری لە دوژمن وەشاندوە، بەڵام هەمیشە مانگی گەلاوێژ بۆ تێکۆشەران و قارەمانانی حیزبی دێموکرات جێگایەکی تایبەتی بووە. چونکی لەو مانگەدا بە لەدایکبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستان نوختە گۆرانێکی گرینگ لە مێژووی گەلی کورددا ڕووی داوە و، هەر بۆیەش ڕۆڵەکانی گەلی کورد لە جەنگەی خەباتی چەکداریدا بۆ یاد کردنەوەی ئەو ڕۆژە لەبیر نەکراوە و ڕێزگرتن لە ڕۆژی ٢٥ی گلاوێژدا لە زۆربەی هێزەکانی حیزبی دێموکرات وەک جێژنانەی ٢٥ی گەلاوێژ عەمەلیاتێکی گەورەیان دژی هێزەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەڕێوە دەبرد و بە ئاهەنگی «سەرنج بدەن» وەک دیاری پێشکەش بە خەڵکی کوردستانیان دەکرد.

هەروەک ئاماژەی پێکرا لە ڕۆژانی ٢٠ی گەلاوێژ تا ڕۆژی لەدایکبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستان هێزەکانی حیزب لە بیری عەمەلیاتێکی گەورەدا بوون. ئەگەرچی هێزەکانی ڕێژیم لەو سەرو بەندەدا هەمیشە دەکەوتنە حاڵەتی ئامادەباشی و وریایی خۆیان دەپاراست، بەڵام سەرەڕای ئەوەش هێزی پێشمەرگە زەفەریان پێ دەبردن و زەبری خۆیان لێ دەدان.


ڕۆژی ٢١ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٦ قارەمانەکانی هێز «گیارِەنگ» بۆ ئەوەی ئەوان بن سەرقافڵەی مزگێنیدەر بن و جێژنانەی ئەم ساڵە بۆ خەڵکی کوردستان بدەن؛ بەپێی گەڵاڵەیەکی ڕێکوپێکی داڕێژراو عەمەلیاتێکی گەورەیان کرد کە دەبێ بە وانە بگوترێتەوە. ئەزموونی تیکۆشانی ئەو قارەمانانە دەری خست کە گەڵاڵەی عەمەلیات، جۆری عەمەلیات، شوێنی عەمەلیات، کاتی عەمەلیات و جێبەجێکردنەکەی بۆ ئەوان سەرکەوتنێکی گەورە و دەسکەوتێکی پربایەخ هەم لەباری سیاسی و هەم لەباری نیزامییە بوو؛ چونکی بەرنامەی عەمەلیاتە بەجۆرێک داڕێژرابوو کە لە چەند شوویەنەوە زەبر لە دوژمن بدرێ. با بێینە سەر باسی عەمەلیاتەکە:

دەستەیەک پێشمەرگە لە نێوان ئاواییەکانی «گڕژاڵ» تا گوندی «میراوێ» بە دریژایی نزیک بیست کیلومیتر کەمینیان بۆ دوژمن دانایەوە. ئەم پۆلە هەڵۆیە بە نێو لێرەواری سەردەشتدا خۆیان لە جادە نزیک کردەوە و بۆ دوژمنی کۆنەپەرستی لە کەمیندا مانەوە. کاتژمێری یەکی دوانیوەڕۆ چەند ماشینی دوژمن کە لە گوندی میراوێ ڕا دەهاتن، هێستا چەند میتر تێنەپەڕیبوون کەوتنە کەمین و بەشی زۆری سەرنشینەکانیان کوژران و کەمیان توانیان ڕابکەن و خۆیان بە ئاواییدا بکەن. دەستەیەکی دیکە لەتێکۆشەرانی دێموکرات بە پێی گەڵاڵەی دیاریکراو و بۆ ئەوەی هێزەکانی دوژمن نەتوانن لە مولگەکەیانەوە شوێنی پێشمەرگەکان ئاوربارانبکەن، هێرشیان کردە سەر پایەگای «عەلیاباد» و ماوەی دوو سەعات ئاوربارانیان کرد. پێشمەرگەکان لەو ماوەیەدا زیاتر لە ٢٠ ماشێنی دوژمنیان سوتاند، هەروەها دەستەیەکی دیکە لەو قارەمانانە کاتژمێر دووی دوانیوەڕۆ لە نێوان ئاواییەکانی «بریتە»و «نەبیئاوا» تویوتایەکی دوژمنیان خستە کەمینەوە و ماشینەکەیان لێک هەڵتەکاند. پاشان هێزی یارمەتیدەری دوژمن ڕووبەڕووی بوونەوە و پاش کاتژمێرێک شەڕ ناچور بە پاشەکشەیان بوون.

بە بیستنی دەنگی تەقە لە هەموو شوێنەکانی نزیک جادەی سەردەشت، ستوونێکی دوژمن بۆ کۆنترۆڵی جادە لە گوندی گڕژاڵ ڕا دەستی بە پێشڕەوی کرد، بەڵام هێشتا کیلومیترێک نەهاتبوونە پێشێ کە کەوتنە کەمینی دەستەیەکی دیکەی هێزی قارەمانی گیارِەنگ و چەند ماشێنیان لێ سووتێندرا. هەر لەجەریانی ئەو عەمەلیاتە گەورەیەدا تیمی پشتیوانانی هێزی پێشمەرگە تەواوی پایەگاکانی ناوچەیان کە شەڕی لێ دەکرا ئاور باران کرد و ڕێگایان نەدا هێزی عەمەلیاتیی پێشمەرگە فشاری لەسەر بێ.

سەرئەنجام پاش چەند سەعات شەڕ و بەربەرەکانی قارەمانانە هێزی پێشمەرگە توانی زیاتر لە ٩٠ کەس لە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بکوژێ و ژمارەیەک لەوان بەدیل بگرێ و هەروەها بەدەیان قەبزە چەک و چۆڵیش دوژمنیش دەسکەوتی هێزی پێشمەرگە بوون و، زیاتر لە بیست ماشینی دوژمن ئاگریان تێبەر درا و لێک بڵاو بوون.

گرینگیی عەمەلیاتێکی ئەوتۆ لەچەند بارەوە جێی ڕوانینە. یەکەم: فەرماندەهی هێزی پێشمەرگە توانی گەڵاڵەیەکی ئەوتۆ داڕێژێ کە بە دریژایی چەندین کیلومیتر هێزی پێشمەرگەی لێ حەشار بدا بێئەوەی دوژمن هەست بە بوونیان بکا هەتا کاتی بەڕێوەبردنی کاتی عەمەلیات. دووهەم: ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەمیشە تەبلیغاتی دەکرد کە هێزی پێشمەرگەیان لە ناوچە بنەبڕ کردووە و ئەوەش لەکاتێکیشدا جارِ دەدرا کە چەندین پایەگای دوژمن لەسەر جادەی سەردەشت_پیرانشار لە هێزی دوژمن ئاخندرابوون. سێهەم: ساغ و سڵامەتی هێزی پێشمەرگە لایەنێکی پربایەخی دیکەی ئەو سەرکەوتنە بوو کە دوژمنی تاساند. بەمجۆرە بوو هێزی گیارِەنگی سەردەشتی سەرسەوز مزگێنی سەرکەوتنێکی گەورەی لە ڕۆژی لەدایکبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بە ناوی خۆی تۆمار کرد.



سمایل شەڕەفی

حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕێبەری بزووتنەوەی شوناسخوازیی نەتەوەیی



حیزبی دێموکراتی کوردستان بە پاشخانێکی دەوڵەمەند لە دروستکردنی دەسەڵاتی کوردی و کەسایەتیی ئینسانی کورد لە چوارچێوەی پرسی شوناسخوازیی نەتەوەیی بووە و، بە دریژایی تەمەنی ڕێ لە خەبات و تێکۆشانی خۆیشی بەردەوام کراوەتە، ئامانجی پیلان و خەونی ڕەشی دەسەڵاتی ناوەندگەرای ئێرانی. ئەم حیزبە کە بە یەکەم حیزبی مودێرنی کوردی ناو دەبرێ و داهێنەری گوتاری "نەتەوەیی_ دێموکراتیکی" بزووتنەوەی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستانە، بە شێوازی جۆراوجۆر لە لایەن دەسەڵاتەکانی دژ بە کوردی تارانەوە، هەوڵی خەوشدارکردنی ڕەسااڵت و کوێرکردنەوەی ڕێبازەکەی دراوە. حیزبی دێموکراتی کوردستان کە دامەزرێنەری کۆماری کوردستان و داهێنەری هێما و سیمبوولە نەتەوەییەکانی تا ئێستای بزووتنەوەی سیاسیی خەڵکی کوردستان، وەک؛ ئاڵای کوردستان، پێشمەرگە و سروودی نەتەوەیی و سەروەریی نەتەوەیی لە فۆرمی دەسەڵاتێکی وەک "کۆماری کوردستان"دا بووە، بە "هەڵوەشاوە" ڕاگەیاندنی! لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، چوار دەیەیە گەورەترین و قورسترین پیلانەکانی لە سەر جێبەجێ دەکرێ. ئەم حیزبە جیا لە ڕووخانی کۆمار و لەسێدارەدانی پێشەوای سەرکۆمار لە سەردەمی پاشایەتیدا، دوو سکرتێری (شەهیدان د. قاسملوو و د. شەرەفکەندی) بە پیلانی کۆماری ئیسلامی ئێران تێرۆر کراون، بە دەیان کەس لە ئەندامانی ڕێبەریی ئەم حیزبە لە لایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی هەر دوو ڕێژیمەوە گیانیان لێ ئەستێنداوە و بە سەدان تێکۆشەری دیکەی بە پیلانی ئەم ڕێژیمەی کۆماری ئیسلامییە تێرۆر کراون. حیزبی دێموکراتی کوردستان دوای هەموو ئەم پیلانگێڕییانەی کە بە مەبەستی لەنێوبردن، لاوازبوون و هەرەسپێهێنانی کراون، لە گەڵ ئەوەیکە نزیک بە حەفتا ساڵی تەمەنی _ڕێبەرایەتییەکەی_ لە دەرەوەی ژینگەی سیاسیی و مەیدانی ئەسڵیی خەباتی خۆی کە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە تێپەڕاندووە، ئێستایش خاوەنی بەهێزترین پێگەی جەماوەرییە و سیاسەت و هەڵوێستەکانی کاریگەریی و شوێنەواری ڕاستەوخۆیان لە سەر ڕەفتاری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان هەیە. ئەمە تەنیا ئیدیعا نییە، بەڵکوو حەقیقەتێکی ڕوون و ئاشکرایە و بە وردبوونەوە لە ڕووداوەکانی چەند ساڵی ڕابردوو، بە خوێندنەوەی شێواو و نێوەڕۆکی ڕەفتاری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە هەموو ئاست و بەستێنەکاندا و لە هەمووی گرینگتر، بە وەردانەوەی ئەو سیاسەت و پیلانانەی کە تەنیا لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی دواییدا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بە شێوازی جۆراوجۆر بە مەبەستی زەربەوەشاندن لە حیزبە گرتوویەتە پێش و درێژەی پێ داون، دەیسەلمێنێ کە ئەم ئیدیعایانە چەندە لەجێی خۆیاندا بوون. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ماوەی زیاتر لە ١٠ ساڵی ڕابردوودا و بە خوێندنەوەیەکی واقعبینانە لە دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی زاڵ بە سەر کوردستان و هەلومەرجی گشتیی ئێران و هەڵوێست و سیاسەتەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، بە گرتنە پێشی گوتارێکی تا ڕادەیەک جیاواز و گونجاو لەگەڵ ئەم دۆخە، هەوڵی داوە لە سەر بنەمای "فرەڕەهەندبوونی خەبات" و "کەلکوەرگرتن لە دەرفەتەکان"، خەباتی شوناسخوازانەی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ئاقارێکی گشتگیر و جەماوەریدا ببا. بۆیە هاوکات لەگەڵ بەرەوپێشبردنی ڕەهەندی سیاسی و گرینگیدان بە حزووری پێشمەرگانە لە نێوخۆی وڵات، بە ڕێزگرتن لە هەوڵ و تێکۆشانی چالاکان لە نێوخۆی وڵات لە جموجۆڵە ئەدەبی، فەرهەنگی، ژینگەپارێزی و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە چوار بەستێنی خەباتی مەدەنیدا، فرەییەک لە خەباتی نەتەوەیی و نیشتمانیدا وێنا بکا. لەم پێوەندییەدا ڕوانین و هەڵوێستەکانی حیزبی دێموکرات وەک چاوەڕوان دەکرا، کاریگەری و شوێنەواری ڕاستەوخۆی لە سەر ڕەفتاری خەڵک بەشێوەیەکی بەرچاو و هەستپێکراو داناوە. پەرەسەندنی جموجۆڵی چالاکانی نێوخۆی وڵات، گشتگیربوون و بە جەماوەریبوونی ئەم چالاکییەکانە و هەستکردنی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە زەروورەتی یەکڕیزی و یەکگرتوویی، هەوڵدان بۆ کەلکوەرگرتن لە هەر دەرفەتێکی مومکین بە مەبەستی هێنانەگۆڕێی ویست و داخوازییەکان و لە هەمووی گرینگتر خۆڕێکخستنی کۆمەڵگە و گەشەسەندنی کۆمەڵگەی مەدەنی بە وەدەستهێنانی متمانەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە، بەشێک لە ئامانج و دوورنمای گوتاری حیزبی دێموکراتی کوردستان بوون. بەخۆشیەوە دۆخی خەبات و بزووتنەوەی مافخوازانەی نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەموو ئەم تایبەتمەندیانەی لە خۆیدا کۆکردۆتەوە و وەک بەشێکی بنەڕەتی لە پرسە گەورە نەتەوەییەکە خەریکە ڕێگایەکی دروست دەپێوێ. بەرزبوونەوەی ئاستی شعووری نەتەوەیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، تێکۆشان و ڕەفتاری ئەم کۆمەڵگەیەی بە پێناسەیەکی ڕوونی "شوناسخوازی"یەوە بیچم داوە. بۆیە ئەوەی ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگوزەرێ، هەمان ئەو بۆچوون و هەڵوێستانەیە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانیان پێ دەناسرێتەوە. بزووتنەوەی مافخوازانەی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان سەرەڕای بوونی هەمیشەیی سیاسەتی دژیگەلیانەی نیزامی سیاسیی تاران کە بۆ لەنێوبردن و لانیکەم لاوازکردنی، چوار دەیەیە سیستماتیک و بە شێوەی جۆراوجۆر خستوویەتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەمڕۆ لە قۆناغێکی تایبەتدا هەروەک ڕابردوو لە ژێر هێژموونی ڕەوتێکی نەتەوەیی و دێموکراتیک دایە کە ئەویش حیزبی دێموکراتی کوردستانە. بەواتایەکی تر، حیزبی دێموکراتی کورستان ئێستایش ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی شوناسخوازانەی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکا و هەروەک شەهیدی ڕێبەر، دوکتور قاسملوو وتوویەتی: "حیزبی دێموکرات کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە گەورەترین هێز و پشتیوانی خۆی دەزانێ و گەلی کوردیش حیزبی دێموکرات بە ڕێبەر و ڕێنیشاندەری خۆیان دەزانن." هەر وەک پێشتر ئاماژەمان پێ کرد، ئەم تەعبیرە لە ڕۆڵ و پێگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەر خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕەفتاری کۆمەڵگە، هەر تەنیا ئیدیعایەک نییە، بەڵکوو دەکرێ بە بەڵگە و هەر لە ڕووی سیاسەت و پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە بەرانبەر بەم حیزبە ئەم واقعیەتە بسەلمێندرێ. بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە هیچ پێویست بە هەڵدانەوەی مێژووی چاردەیە پڕ لە جینایەت و تیرۆری کۆماری ئیسلامی بەرانبەر بە حیزبی دێموکرات ناکا؛ بەڵکوو تەنیا ئاماژە بە دوو کردەوەی تیرۆریستیی ئەم ڕێژیم بۆ سەر حیزبی دێموکرات لە باشووری کوردستان لە ماوەی تەنیا دوو ساڵی ڕابردوودا دەکەین: یەکەم، تەقینەوەکەی شەوی یەلدای ساڵی ١٣٩٥ی هەتاوی کە ڕێوڕەسمی تایبەت بە یادکردنەوەی شەوی لەدایکبوونی شەهید دوکتور قاسملووی تێدا کرابووە ئامانج و لەم کردوە تیرۆریستییەدا پێنج کادر و پێشمەرگەی حیزب و دوو پێشمەرگەی سەر بە هێزەکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستان شەهید بوون و، دووهەم، هێرشی مووشەکیی بۆسەر کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە قەلای دێموکرات لە ١٧ی خەرمانانی ئەمساڵ (١٣٩٧) بوو کە لە ئاکامدا ٦ کەس لە ئەندامانی ڕێبەریی حیزب و ١٠ کادر و پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات گیانیان لە دەست دا و بە دەیان کەسی دیکەش بریندار بوون. ئەم دوو هێرشە بۆ سەر حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە نەوعی خۆیاندا بێوێنە بوون، هەڵگری کۆمەڵێک پەیامی گرینگی سیاسی بوون کە گرینگترینیان پێوەندی بە پێگەی ئەم حیزبە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەرزیی ئاستی ڕۆڵ و کاریگەریی خوێندنەوە، هەڵوێست و سیاسەتەکانی ئەم حیزبەوە هەیە. هەر دوای هێرشی مووشەکیی ڕێژیم بۆ سەر کۆبوونەوەی ڕێبەریی ئەم حیزبە لە قەلای دێموکرات، لە بەرنامەیەکی تایبەتیی دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی ئێراندا، یەکێک لە بەرپرسانی ئەمنیەتیی ئەم ڕێژیمە وێڕای دانان بە بەرپوەبردنی ئەم هێرشە بۆ سەر حیزب لە لایەن سپای پاسدارانی ڕێژیمەکەیەوە، ڕاشکاوانە ڕایگەیاند کە ئامانجی سەرەکیی ئەوان، لەنێوبردنی ڕێبەریی حیزب و کۆتاییهێنان بە حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە. ئەم ڕیسواییە گەورە و ئاشکرایەی ڕێژیم، پێنج ڕۆژ دواتر و لە ٢١ی خەرمانان بە مانگرتنێکی گشتیی و جەماوەریی خەڵکی کوردستان وڵامی شیاوی خۆی وەرگرتەوە. خەڵکی کوردستان لە ٢١ی خەرمانانەوە و بە هەڵوێستێکی جەماوەری لە شکڵی مانگرتنێکی گشتییەدا وێڕای مەحکوومکردنی ئەم کردوە تیرۆریستییە، خاوەنداریی خۆیان لە حیزبی دێموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی مافخوازانەی نەوەیی خۆیان ڕاگەیاند و ئەو ڕاستییەیان بۆ جارێکی دیکە لە ئاستێکی بەرینی جەماوەریدا سەرلماندەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ڕێبەر و ڕێنیشاندەری بزووتنەوەی شوناسخوازانەی نەتەوەیی و دێموکراتیکی خۆیان دەزانن.

درێژەی

ڕابوونی کورد...

ئەوەی کە سەرۆک کۆماری تورکیە لە هەموو شتێک زۆرتر لێی دەترسا سەرهەڵدانی حکومەتێکی دیکەی هەرێمی کوردستان بوو، ئەوجار لە سووریە. هەرچی بێ، حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆخۆی بەرهەمی دەستێوەردانی وڵاتە یەکگرتووەکان بوو کە بووە هۆی شەڕی نێوخۆ و تێکشکانی دەسەڵاتی ناوەندیی لە بەغدا، کە لە کۆتاییدا سیستەمی فیدڕاڵی لە عێراقی لێکەوتەوە کە حکومەتی هورێمی کوردستان بەشێکە لەو سیستەمە. سووریە کە هەر ئێستا تووشی شەڕی ناوخۆ بووە، ئانکارا پێی وابوو کە واشینگتۆن خەریکی دووپات کردنەوەی هەمان کارە کە لە عێراق کردی، ئەویش گۆڕینی سووریە بۆ دەوڵەتێکی فیدڕاڵیی کە لەوێدا کوردەکان مافی خۆبەڕێوەبەرییان هەبێ. ئەردۆغان نەیدەتوانی سیستەمی فیدڕاڵی لە دوو وڵاتی جیراندا تەحەممول بکا، بە تایبەتی بۆ کوردەکانی سووریە، کە زۆر لە پەکەکە نزیکن. لە ٢٠١٤، ئەردۆغان دەستی لە دانووستان لەگەڵ پەکەکە هەڵگرت و سیاسەتی ناکۆکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ کوردانی تورکیە و سووریە دەست پێکرد. ئەو بەتەمای ئەستاندنەوەی ڕەوایی لە سەرجەم چالاکیی سیاسی کوردان لە ڕێگای گرێدانی ئەو بە پەکەکەوە بوو، و ڕێژەیەکی بەرچاو لە چالاکان و سیاسییانی کوردی دەستبەسەر کرد. بەڵام ئەگەر وڵاتە یەکگرتووەکان بە شێوەی نەخوازراو بووە هۆی تێکچوونی پەیوەندییەکانی کورد-تورک، سیاسەتی ئامریکا لە عێراق و سووریە، بە گشتی، بۆتە هۆی ئاستێکی دەگمەن لە ڕەوایی نێونەتەوەیی بۆ کوردان. فەڕانسە، بریتانیا و وڵاتە یەکگرتووەکان پەیوەندییە سیاسییەکانیان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان پەرە پێداوە و لە بواری ئابووری و لایەنی دیکە پشتیوانییان لێ کردووە. و کوردەکانی سووریە، کە پێشدا لە لایەن دونیای دەرەوە پاشگوێ خرابوون، توانیویانە ویجهەی ناونەتەوەیی خۆیان بە هۆی دەوری ئەوان لە شەڕ دژی داعش، بەرز بکەنەوە. ئەو دەرفەتانە تەنیا لە لایەن خاوەن هێزە ڕۆژئاواییەکانەوە نەبووە. لە ڕەشنووسی یاسای بنەڕەتیی نوێی سووریە، کە لە ٢٠١٧ لە تووێی پرۆسەی ئاشتی ئاستانا پێشنیار کرا، ڕووسیە پێشنیاری دوو سازشی گرینگ بۆ کوردانی کردووە: وەلانانی وشەی "عەڕەبی" لە ناوی کۆماری سووریە و دروستکردنی "ناوچەیەکی کولتوری خۆبەڕێوەبەر" لە باکووری ڕۆژهەڵاتی وڵات، کە لەویدا منداڵ دەتوانن بە کوردی و عەڕەبی بخوێنن. ئەو سازشانە لە لایەن دیمەشق ڕەت کراونەوە، و هیچ گەرانتییەک بۆ دەستەبەر بوونیان نییە. بەڵام باسکردنیان لە پێشنیاری ڕووسیەدا نیشان دەدا کە سەرەڕای دۆخی نالەبارِی کوردانی سووریە، هێزە دەرەکییەکان دەستیان کردووە بە ئیعتراف کردن بە بوونی ئەوان وەک هێزێکی سەربەخۆ کە دەبێ حیسابیان بۆ بکەن.

کوردستان
• ژمارە: ٧٤٦
٢٩ی ڕەشەمەی ١٣٩٧ _ ٢٠ی مارسی ٢٠١٩

دیمەنێک لە سارم و میرقاز تا دیاری ناسر و مائمالْ



حەسەن ئەهوەن



بەرەبەیانیی ڕۆژێکی یەکەم مانگی وەرزی بەهاری ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی بوو. پێش ئەوەی خۆر باڵی ڕووناکی بەسەر زەویدا بکێشێ، ئاگادار بووین کە بەسەر بەرزاییەکانی ناوچەکەمان سارم و میرقازدا[١] جموجۆڵێکی گوماناوی و نامۆ دیارە. بەخێرایی خۆمان تووندوتۆڵ کرد و ڕەخت و فیشەکدانمان لە خۆ بەست و چەک لە شان بەرەو بەرزاییەکان هەنگاوەکانمان خێراتر کرد. هێشتا زۆر لە ئاوایی دوور نەکەوتبووینەوە کە کەوتینە بەر ڕەهێڵەی تیری دوژمن. دەرکەوت کە هاتوونە سەرمان. دەبوا بۆ خۆڕێکخستن و تەدبیری پێویست گەڕابانەوە ئاوایی و بنکە، هەر واشمان کرد. دوو پۆل پێشمەرگەی ئەودیوی بنکەکەی ئێمە لە بەرەنگاری دەگەڵ هێزی زۆری دوژمندا بوون. لە لایەن ئێمەوە، کە وەک بنکەی فەرماندەری بوو، چەند دەستە پێشمەرگە بۆ چەند لا بەڕێ کران. تەقە هەر دەهات و توندتر و نیزیکتر دەبۆوە. زۆری نەخایاند بۆمان دەرکەوت، دەگەڵ هێرشێکی بەربڵاوی هەزاران کەسی لە هێزی داگیرکەری دوژمن بە پشتیوانیی تۆپخانە و هێزی هەوایی و هەموو کەرەسەیەکی سووک و قورس، بەرەوڕووین. ڕۆژێکی زۆر سەخت و دژوارمان لەبەر بوو. کات تێنەدەپەڕی، بەشێک لە هاوڕێیانمان لێ دابڕابوون. ئامرازی پێوەندیمان لاواز بوو. کاتی دەمەوئێڵی ئێوارێ، بەرەو بەرزاییەکانی چەکوچ و مائوک هەڵکشاین و چاوەڕوانی یەکگرتنەوەی هاوڕێیانمان لەو بەرزاییە بووین. لە ماوەی بەربەرەکانیی ئەو ڕۆژە دوور و درێژەدا، چوار پێشمەرگە، چوار لاوی دڵ پڕ لە ئاوات و خۆزگە، گیانیان لە پێناوی ویست و ئامانجەکانیاندا بەخت کرد. لە کاتی شەو دەمێک بوو تێپەڕیبوو، هەتا دەگەڵ باقی هاوڕێیانی هەڵبڕاو و ئەوانی بۆ قۆڵەکانی دیکە بەڕێ کرابوون یەکمان گرتەوە. بڕیار درا بەرەو ناوچەی مەنگورایەتی[٢] بڕۆین. بە دەراوی کامەمێ و بە ڕێگای دۆڵی ئافانێدا بەرەو گاگەشێ. شەوەزەنگێکی بە بارانەی وردەوە، کە چاو هەتەری نەدەکرد. ڕێچکەمان بەستبوو دەست بە پشتێنی یەکتر. هەر بە ماوەی چەند کاتژمێر، پشوودانێکی بەقەدەر سیغارکێشانێکمان هەبوو. هەرچەند زۆر هیلاک و برسی بووین، بەو حاڵەش، وەنەوزمان دەدا و بەو کاتە کەمەش، دەخەو دەکەوتین. تاریک و ڕوونی بەیانی، لە ئاواییەک بۆ پشوودان لامان دا. دابەش بووین. تا ئێوارێی ئەو ڕۆژە، لە حەسانەوەدا بووین. دوایەش بەرەو گاگەش. ئەمەگناسی و بەدەنگ و هانا هاتن و خۆشەویستی و قورسایی باری شۆڕش کە بە زۆری لەسەر شان و ئەرکی خەڵکی ئاواییەکانی کوردستان بووە، هەرگیز نابێ فەرامۆش بکرێ. گەیشتینە گاگەشێ و گوندەکانی دەوروبەر. هەر زوو بنکەکان دامەزرانەوە. ئەوکاتی هەڕەتی لاوەتیم بوو، دەگەڵ ئەوەی دڵم بە پێشمەرگایەتی و شۆڕش بە هەموو چەرمەسەرییەکیەوە خۆش بوو، دڵیشم لە لای کچێکی بوو کە هەرچەند ڕۆژ بەر لەو هێرشە بەربڵاوە، نامە و وێنەیەکیم لە مەهابادەوە بە دەست گەیشتبوو. ئاخر دوو ساڵ بوو، چەقەڕەی ئەوینێکی بێخەوش لە دەروونمدا سەری هەڵدابوو. هەر چەند بەهۆی هەلومەرجی ئەو کاتی، ئاکامەکەی لەجیات پێکبڕان، لێک دابڕان بوو. دەمەو ئێوارەیەک کە لە سەردانی یەک لە بنکەکان ڕا دەگەڕامەوە ئەرکانی هێز، لە مابەینی ئاوایی شەکربەگ و گاگەش، هەنگاوەکانم بەرەو گلکۆی ناسر و مائمالْ[٣] کە سەرنجمی ڕاکێشابوو، کێشرا. بەپێی ئەرکێکی کە هەمبوو، هەمیشە قەڵەم و کاغەزم دەبا پێبا. لە کۆڵە پشتییەکەم دەرمهێنا و لە کاتێکدا لە گلکۆکە ڕامابووم، کەوتمە بیری خۆشەویستی و یەکەم پەخشانی دڵداریم، بەبێ ئەوەی بۆی دەفکرەوە چم، بەبێ لەنگە و بە سانایی، ئاوام نووسی:

خۆشەویستەکەم (ک)، بەهارێکی دی داهاتەوە تا بەرگی پەژارە لە لەش داڕنین و بە هەستی خەستی ئەوینی ژین بژین. ئەوجارەی لە بەهاری دیاری سەرسەوزی ناسر و مائمالْ، بەرەو ماڵ دەگەڕێمەوە تا سڵاوێک بە گەرمی دڵی پڕ لە گڕی خۆشەویستیی ئەویندارانەی ڕاستەقینەی گەل و نیشتمانت پێشکەش کەم و، بەزوویی لە شەقەی بالآن دەم و بگەڕێمەوە لای ئەوانەی دڵیان بێوچان و هەدا بۆ ئازادیی گەل و نیشتمان لێ دەدا. ئازیزەکەم، کۆتری تەڵەبازی بەنازی چاوانی جوانت لە سەر یادە، خۆشەویستیی دڵشادی لە بیرنەچۆوەی هەمیشە لەسەر یادم. چاوانی جوانت ئاوێنەی وەرگێڕی جوانیی سەرچاوەکانی ئاوەکانی دیاری ئاشقانە. برۆ کەوانەکانت مانگی یەکشەوەی ئاسمانی ڕاستی و ئیمانە. گوێیەکانی بیسەری ئەوینت تەواونوێنی، بیسەری و گوێگری دەنگی ئەوینی زەمانە. لێڕەواری بسکەکانی گەش و ڕەش و جوانت، وەبیرهێنەرەوەی سێبەری ئارامبەخشی دارەکانی گێلان و مازەندەران و کوردستانە و عەتر و عەبیری گوڵە جوانەکانی نەخشینی باخ و گوڵزاران، وەبیرخەرەوەی شنەی بلاوێن و دڵگری تەم بەرەو شادیهێنەری بەژن و باری، بەرگ و جوانیی بەهارانە. تامی ماچی لێوەکانی شەکرەسێوت، شیرینتر لە هەر قەندی کارخانەی قەند و هەنگوینی خۆش و شیرینی ڕۆژان و شەوانی ژیانمە. هۆ حەزەکەم (ک)، بەو پەڕی خۆشەویستی، دڵگر و خۆشەویستی. خۆشم دەوێی. تانوپۆی لەش و گیان بە تووە بەستراوە و لە نێو فەرهەنگی ئەوین و دڵداری، لە نێو ئەو هەمووە ناوە، ناوی پیرۆزی تۆیە کە بەڕچاوە و مێشک و دڵی منی بەرەو خۆ کێشاوە. تا هەم تۆم دەوێ و لە دڵمدا ڕیشەت داکوتاوە. هومێدت لە شەوی تاری ژیاندا بۆ من شەو چرایە، ئارامی گیانم، ڕووحی ڕەوانم.

خاکەلێوەی ١٣٦٣ی هەتاوی_ سەر گلکۆی ناسر و مائمالْ

١) سارم و میرقان، ناوچەیەکی پەنا شاری مەهاباد. ئاواییەکانی، سەیداوا، پیربەلە، سارەوانە و حەتەوانە، لاچین، شیلاناوێ، کۆنەدێ، وزندەرێ، قزڵجە، گردەبەردان، ئەمینابات، بەیرەم و بەرەجۆ، دەگرێتەوە. مەودای ئەو ئاواییانە زۆر لێک نیزیکە.
٢) ناوچەی مەنگورایەتی هەڵکەوتوو لە دوو بەشی مەهاباد و پیرانشار لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان
٣) ناسر و مائمال، دوو برا بوون کە زۆر جوان چاک و جوامێر و ئازا بوون. ئاشقی دوو کچە مامی خۆیان بە ناوەکانی خاتوو ئەستی و خاتوو تەورێزی دەبن. خاوەنی بەسەرهاتێکی پڕ کارەساتن کە دەگەڕێتەوە بۆ دەورانی خەلیفەی عەبباسی. کانییەکیش لەو شوێنە هەڵکەوتووە.کە بە کانی ناسر و مائمال ناسراوە. خەڵکی ئەو دەوەرەی مەڵبەندی موکریان بوون. بەیتیشیان هەیە بە تایبەت لە موکریان، بەیتی ناسر و مائمال، باوە.

«خێڵی چەپڵە»



هەمزە ئاگوشی

سێ شەو و ڕۆژ بوو جەماوجەم نەبێ وەعەرزی نەدەکەوتن. پێ پێدادان و داوەت و هەڵپەڕینێک بوو نە سەری دیار بوو نە بن. کچ و کاڵ و شۆڕەژن بە جلی ئاڵ و والآو کوڕە جحێڵە و سەرەپیاو پۆشتە و پەرداخ گەڕی دیلانیان دەگێڕا. گاوانی لە سەرچۆپی بەگوڕتر و دۆ لە دۆی بێدەعیەتر. دەمێ چەپی و دەمێ سێ پێیی و غایەتێکی شێخانی ... شایی و لۆغانە، گۆڤەندە، زەماوەندە و ڕۆژێکە و ئەوڕۆ. هەموو ڕۆژێ گا نامرێ کفتە بە شاییەکی بێ. دوو بەندبێژی ڕیوەڵەی نابووتەیان لەبەری «شامات»ـەوە بە تەپڵ و تووزەلەوە هێنابوو، بە جووتە لە بەریەکیان دەگێڕاوە و بۆ یەکتریان دەستاندەوە. هیلاک نەدەبوون. پشوویان نەدەدا. لێیان نەدەبڕا. وایان گەرم کردبوو پیرێژنیان وەچەقڵەسەما خستبوو. هەستت دەکرد ئەوەی دەیڵێن نایڵێنەوە. هەستت دەکرد دار و دیوار دەگەڵ ئەو دەنگ و سەدا و ڕەب و کوتە دەلەرزێ. دەتگوت ڕۆژی حەشرە. باب ئاگای لە کوڕی خۆی نەبوو. ئەو چەند ڕۆژە کەس گوێی خۆی نەدابووە ئەو بەندبێژانە ئاخۆ بزانن دەڵێن چی؟! بە کێ هەڵدەڵێن و کێ دەتەقێننەوە؟! هەتا ئەو ڕۆژەی بووک دانەبەزی و بابی زاوا لەبەر پێی گاوگەردوونی نەکرد و زەوی «ئاغداش»ی دەقەباڵە نەکرد، کەس زەینی خۆی نەدابوویە بەند و گۆرانیی ئەو بەندبێژانە. لەوێ بوو کە تێفکرین و، دوای سێ ڕۆژان تازە گوێیان بۆ هەڵخستن و لێیان ورد بوونەوە، دیتیان ئەوە یەکیان هەر دەڵێ: کەلیمەی کونجی کونجانێ ... کونجانێ کوڕە کونجانێ برام کونجانێ ... و دووپات و چەند پاتی دەکاتەوە و ئەوەی دیکەش هەر ئەوەندەی لەبەر دەگێڕێتەوە: بەخودای بابم چاکت گوت، بەخودای بابم خۆشت گوت، کوڕە خۆشت گوت ... خۆشت گوت برام باشت گوت! لە نێو خێڵی چەپڵەدا، بە دەنکە کونجییەکیش دەکرێ گوندێک هەڵپەڕێنی ...

کوردستان لە ئامێزی نەورۆز و بەهاردا



کەریم فەرخەپوور

نەورۆزتان باش!

لە «کوردستان»ی دەنگی کوردەوە، دەنگ و نەوای ئازادی و ئازایەتی، لە قەڵای دێموکراتەوە، قەڵا و قەڵغانی بەرەنگاریی بەورە بوێرەکانی نیشتمانی کورد، مەکۆی مان و نەبەزین و هەستانەوە، نوێنگە و چرای خەباتی بێ پسانەوە، لێرەوە تا ڕۆژهەڵاتی نیشتمان، لە کرماشان و سەڵماس و مەهابادەوە تا ئەم وێستگەیە، هەموومان بەیەکەوە بەرەو جێژنی پیرۆزی نەورۆز، بەرەو بەهار و گوڵ و ئاگر و مەشخەڵان، بەرەو نوێبوونەوە و ڕابوون و هەستانەوە، لەگەڵ گڕی ئاگری بابەگورگوڕی کورددا، لە قەڵای ئامەدی زێدی باب و باپیرانەوە، لە کرماشانی دێرین و دەلال، لە ورمێوە، لە کێڵەشین تا گەردەنەی زمزیران و هەتا شاهۆ، لە ئیلام و نییەر و ئاویەرەوە، لە کۆبانێی کوردستانەوە تا چوارچرا و، قەڵای قازییەکانی سەرداری سەر سێدارە، کرمانج و سۆران و زازا، لەک و هەورامی و کەلهوڕ، موکری و یارسان و ئەردەڵانی، هەموومان دەبینە گڕکان بۆ تێکەوەپێچانی کۆشک و خەونی داگیرکەران.

لە گەڕووسی شوێنی کوردەوە تا تیلەکۆ هەتا شنۆ، لەگەڵ چریکە و نەغمەی بولبول، لەگەڵ سروەی بای بەهاری، لەنێو گۆڤەندی گوڵان، لە قەندیل و بێستوون و هەڵگورد و ئارارات‌ەوە تا تەرەغە و گیارەنگ و کێڵەشین، تا ئاربەبا و هەتا زاگرۆس تا دالاهۆ، لەگەڵ هەڵمەتی هەڵۆئاسای پێشمەرگە، لە خوراسان، لە داوێنی خۆرنەوازان لەگەڵ خۆرنیشانی ئێوارەدا، بە ئاڵای دەستی شەهیدانی فەیزوڵڵابەگی و دوازدە سوارەی مەریوانەوە، لە کەلیخان لەگەڵ قامەتی بەرزی زێڕەوشان خانم، لەگەڵ سۆزی شمشاڵەکەی مامە قالە، لەگەڵ پەیامی ڕادیۆ دەنگی کوردستان، لەم وێستگەوە لەگەڵ ئێوە و لە کۆڕی گەرمی بنەماڵە و دڵەکانی ئێوەدا ئاوێتە و ئاوێزانی یەک دەبین.

بە ئاڵا ڕەنگینەکەی کۆماری کوردستانەوە، لە گەڵ قاقای پێکەنینەکانتان، لە شایی و کۆڕی هەڵپەڕینا، لە گەڕی ڕەشبەڵەکدا، لە گەڵ دەسرە و دەسمالی سەرچۆپی بە تاسەی دیداری نیشتمانەوە دەستەملانی یەک دەبینەوە.

لە دەوری گڕی ئاگری ئاگردانی شار و شەقام و گوند و گەڕەکتانا، لەگەڵ هەستی کوردانەی لاوە خوێن گەرمەکانی نیشتمانی کوردەوە، سەربەرز و سەرفراز لە سەر تروپکی هەر دوندێکەوە، لەگەڵ سەرهەڵدانەوەی ڕێواسی بناری چیا، لەگەڵ مەشخەڵی دەستی کیژ و کوڕی ئەم بەهارە پەیمانی یەکبوون نوێ دەکەینەوە.

لە ژوانگەی ئاشقانی بووکی نەورۆز و گوڵاڵەسوورەدا، لە پێدەشت و کۆسار و دوند و چیا، بە مارشی سروودی ئەی ڕەقیبەوە، بە زایەڵەی لاوکی ئەشقی نیشتمانەوە، بۆ خەنەبەندانی ئازادی، لە جێ ژوانی نەسرەوتن و بەرخۆدان، لە کاتژمێری تۆڵەدا لە گەڵتان و میوانتانین.

بە هێز و گوڕی شەنگە سوار و جوامێر و مێرخاسی ئەم دەڤەرە، بە غرووڕ و ئیرادەی شۆڕەسوارانی وێستگەی ئەوینی نیشتمان، پیر و گەنج، لەگەڵ پەیمان و بەڵێنی شەهید، لەگەڵ پڕشنگی ئەستێرەی سوهەیل و پێکەنینی گوڵی نەسرین، وەفادار بە ڕێبازی سەردار و سەروەران، بە کەژاوەی بووکی ئازادییەوە پەیمانی وەفا نوێ دەکەینەوە.

لە گەڵ وڕەی پێشمەرگە لە گۆڕەپانی جەنگ و هەڵمەت و ئاگردا، بە بیر و هزری کوردایەتی و کوردانەوە، بۆ نەورۆزانەی ئەمساڵ، بە هۆنراوە و هۆزانەوە، لەگەڵ حەیرانی دەشتی موکریان و بە هۆرەی هەورامانەوە، بە هەوری و جامانەی کوردەواری، بە گوڵی سووری دەستی کچانی شۆخ و شەنگی نیشتمانەوە، بە سروودی مان و هەرمانەوە، بە جلوبەرگی ئاڵ و والآ و ڕەشبەڵەک، لە دەم کەوانەکەی کۆلکە زێڕینەی بەهاری ئازادییدا، لەگەڵ تریفەی مانگە شەوی دەم کەل، بە باوەشێ هەڵاڵە و گوڵ و گەزیزەوە، بە هەلهەلە و چەپڵەڕێزان، بێ باک لە مەرگ و بێ سڵەمینەوە لە داوەڵی دژمن، هەروەک ڕابردوو، هەموومان پشت و پەنای یەک و بە یەکەوە دەڵێین و دەیڵێینەوە: ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان...

لە گەڵ سپێدەی خۆری زێڕین، هەموومان بەیەکەوە بانگ و هاوار و سروودی نەورۆز و بەهار و ئازادی دەڵێینەوە و بە گڕی ئاگری دڵەکانمان ئەم نەورۆزەش پیرۆز دەکەین. بە هەموو ڕەنگە جیاوازەکانەوە، بە هەموو بەرگە جیاوازەکانەوە، بە دروشمی یەکبوون و یەکڕیزی، بە زەردەخەنە و قاقای پێکەنینەوە، بە خۆشەویستی و نەورۆز و ئەوینەوە، لەگەڵ بڵیسەی سووری ئاگر، لە تووڵە ڕێگاکانی ڕوو بە ئاسۆ، بە چەپکێ گوڵی نێرگزەوە، دەڵێین کوردینە جێژن و بەهار و نەورۆزتان پیرۆز، داهاتووتان پڕ لە خەندە و خۆڕاگری، دڵتان پڕ لە هیوا و کامەرانی، ژیانتان سەرانلێژ لە گۆڤەند و گوڵ و گۆرانی.



KURDI STAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran

NO: 746 20 march 2019

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com

info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com

www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 11958

polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8


Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:

+9647508483312

Tashkilat.kdp92@gmail.com

ڕێوڕەسمی بەخشینی دوکتۆرای فەخریی زانکۆی کۆیە بە مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە











سەرۆکاتیی زانکۆی کۆیە ڕۆژی یەکشەممە، ١٩ی ڕەشەمەی ١٣٩٧ی هەتاویی (١٠ی مارسی ٢٠١٩ی زایینی) لە ڕێوڕەسمێکی بەشکۆدا کە بە ئامادەبوونی بەشێکی بەرچاو لە ئەدیبان، نووسەرانی کورد، ئەندامان و تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و نوێنەری لایەنە سیاسییەکانی دیکە بەڕێوەچوو؛ بڕوانامەی دوکتۆرای فەخری لە بواری وەرگێڕان، بە بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، سیاسەتمەدار و ئەدیبی ناسراوی کورد بەخشی.

کاک مستەفا مەولوودی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە چەپکە گوڵەوە لەو ڕێوڕەسمەدا بەشداریی کرد و، هەروەها کاک عومەر باڵەکی بە نوێنەرایەتیی دەفتەری سیاسی، چەپکە گوڵی ڕێزلێنانی پێشکەش بە مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە کرد.

د. عوسمان دەشتی، بەرپرسی بەشی کوردیی زانکۆی کۆیە لە سەرەتای ڕێوڕەسمەکەدا، کورتەیەکی لە سەر ئامانج لە بەخسینی ئەو بڕوانامەیە باس کرد و، ڕایگەیاند؛ کە زانکۆی کۆیە بە مەبەستی ڕێزگرتن لەو کەسایەتییانەی کە لە ژیاندا ماون چەند جارێک هەوڵی هاوشێوەی بەخشینی بڕوانامەی دوکتۆرای فەخری ئەو زانکۆیە داوە، کە دوای بەخشینی ئەو خەڵاتە بە بەڕێزان دوکتور عیزەددین مستەفا ڕەسوووڵ، د. کەماڵ مەزهەر و مام جەلال تاڵەبانی، ئەمجارە ئەنجوومەنی زانکۆی کۆیە بەڕێز عەبدوڵڵا حەسەنزادەی هەڵبژاردوە و بڕوانامەی دوکتۆرای فەخری پێ دەدا. دواتر کورتە فیلمێکی دیکیۆمێنتی تایبەت بە ژیانی ئەدەبی و سیاسیی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە پێشان درا.

لە بڕگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا وتاری سەرۆکایەتیی زانکۆ بەو بۆنەیە لەلایەن دوکتور حەیدەر لەشکەری پێشکێش کرا. لە وتاری سەرۆکایەتیی زانکۆی کۆیەدا ئاماژە بە هۆکاری دەستنیشان کردنی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە بۆ پێدانی بڕوانامەی دوکتۆرای فەخری دراببوو، هەروەها لەو وتارەدا باس لە تایبەتمەندییەکانی قەڵەمی حەسەنزادە بەتایبەتی لە بواری وەرگێڕاندا کرا.

دواتر لە بڕگەیی دیکەدا سەرۆکی زانکۆی کۆیە دوکتور وەلی مەحموود لە لایەن سەرۆکایەتیی زانکۆی کۆیەوە بڕوانامەی دوکتۆرای فەخری ئەم زانکۆیەی بەفەرمی پێشکەش بە مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە کرد، کە بە گەرمی لە لایەن ئامادەبووانی ئەو ڕێوڕەسمەوە بە چەپڵەڕێزان پێشوازی لێکرا.

لە درێژەی ڕێوڕەسمەکەدا دوکتور ڕێبوار سیوەیلی بە نوێنەرایەتیی ئاکادیمیای زمانی کوردی چەند وتەیەکی پێشکەش کرد و پاشان دوکتۆر عەبدولفەتاح بۆتانی، سەرۆکی ئاکادیمیای زمانی کوردی بانگهێشت کرد بۆ بەخشینی بڕوانامەی ئەندامەتیی فەخریی ئەو ئاکادیمیایە بە ئەدەیب و تێکۆشەری پایەبەرزی کورد و، مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە. پاشان ڕەسووڵ سوڵتانی شاعیر و وەرگێڕ، لە وەسفی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادەدا هۆنراوەیەکی بەسۆزی خوێندەوە.

لە بڕگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە چەند وتەیەکی بەنرخی پێشکەش بە ئامادەبووان کرد و، لە قسەکانیدا وێڕای باسێکی کورت لە سەربردەی ژیانی ئەدەبی و سیاسیی خۆی، سپاسی سەرۆکایەتیی زانکۆی کۆیەی کرد بۆ ئەو خەمخۆرییە نەتەوەییە. هەروەها تێکۆشەری دێرینی کورد کاک جەلیل گادانی وەکوو هاوسەنگەر و هاوڕێی دێرینی بەڕێز حەسەنزادە، چەند وتەیەکی پێشکەش کرد.

لە کۆتایی ئەو ڕێوڕەسمەدا پاش خوێندنەوەی کۆمەڵێک پەیامی پیرۆزبایی لایەن و کەسایەتییەکان کە بۆ ئەو ڕێوڕەسمەیان ناردبوو، لە لایەن دوستان و ناسیاوان و بنەماڵەی شەهیدانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە چەپکە گوڵەوە پیرۆزبایی لە بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە کرا و ڕێوڕەسمەکە بە گرتنی وێنەی یادگاری کۆتایی پێهات.







یادی ٧٣ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بەرز ڕاگیرا

ڕۆژی ٢٢ی ڕەشەممە، لە ڕێوڕەسمێکدا کە لە شاری کۆیە بەڕێوەچوو، یادی ٧٣ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بەرز ڕاگیرا.

لەو ڕێوڕەسمەدا پەیامی ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە لایەن خاتوو شلێر مەحموودی، سکرتێری ئەو ڕێکخراوەیە خوێندرایەوە و سروودی «ئەمن ژنم» لە لایەن کچانی دێموکرات بە هاوکاری گرووپی موزیکی سەنتەری گەنجان پێشکەش کرا.

لە بڕگەی دواتری ڕێوڕەسمەکەدا پەیامی بنەماڵەی شەهید سوهەیلا قادری، سکرتێری پێشووی ئەم ڕێکخراوەیە کە لە ڕووداوە تێرۆریستیی مووشەکباران کردنی قەڵای دێموکرات لە ١٧ی خەرمانداندا شەهید بوو، لە لایەن خاتوو شۆعلە قادری خوێندرایەوە و، خوێندنەوەی پەیامی بەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڕگەیەکی تری ڕێوڕەسمەکە بوو کە لە لایەن پێشەوا عەلیپوور سکرتێری ئەو ڕێکخراوەیەوە پێشکەش کرا.

پێشکێشکردنی چەپکەگوڵ و لەوحی ڕێزلێنانی ڕێکخراوەی «چەتر بۆ گەشەپێدان» بە یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، ڕیزە گۆرانییەک و چەند سروودێک و هەروەها ڕێزلێنانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە ژنانی بریندار ی مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات چەند بڕگەیەکی دیکەی ئەم کۆڕیادە بوون.

بەر لە ماڵاوایی



مەنسوور مروەتی

شکۆی «قەڵا» و قەڵافەتی «شار»

(بیرهێنانەوەی سووتمانەکەی مەریوان و ڕێفراندۆمەکەی ٢١ی خەرمانان)

ساڵێ کە ڕابرد بۆ کورد لە ئێران هەم موسیبەتی تێدابوو، هەم پیشاندنی شان و شکۆ. هەم پڕ بوو لە دیمەنی ناخەژێنی فرمێسکی کچە شەهید و، هەم تەژی لە تابلۆی قاقای پێکەنین بە زەبوونیی دژ و دوژمنانی ئەم گەلە. لەم ساڵەشدا چەندین ڕووداوی مێژوویی ڕوویان دا کە هەر کامەو لە جێی خۆیدا جێگەی تایبەتییان لە بزووتنەوەی سیاسی و مەدەنیی گەلەکەمان لە کوردستاندا هەیەکە دەکرێ خوێندنەوە و تەتەڵەی جۆراوجۆر و فرەڕەهەندیان لەسەر بکرێ. ئەم ڕووداوانە بەداخەوە وەکوو زۆربەی ڕووداوەکانی پێشتر دووانەیەک بوون لە چیرۆکی کارەسات و لە حەماسەی بەرگری.

سووتانی گوماناویی چوار ژینگەپارێزی مەریوانی لە کاتی کوژاندنەوەی ئاگری دارستانێکی ئەو ناوچەیە کە گومان لە دەستی ئەنقەستی سپای پاسداران لە خولقاندنی کارەساتەکەدا هەیە و دواتر هەڵوێستی خەڵکی شارە جۆربەجۆرەکانی کوردستان و مەریوان بە تایبەتی لە کاردانەوە بەم تراژیدییە، یەکێک لەو ڕووداوانەیە کە لە مێژووی گەلەکەماندا جێگای تایبەتیی خۆی هەیە. بەشداریی بەرچاوی خەڵکی کوردستان لە بەڕێکردنی تەرمی ئەو شەهیدانە بۆ گۆرستانی مەریوان و دواتر بەڕێوەچوونی کۆڕی پرسە و ڕێزلێنان لەو چوار شەهیدە لە زۆربەی شارەکانی کوردستان لەو دیمەنانەن کە دەربڕی گەشەی شعووری نەتەوەیی، باوەڕی خۆبەخاوەنکردن و هەستی بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە لە ئاست ڕۆڵە خەمخۆر و چالاکەکانی لە پاراستنی نیشتمانداا.

کارەساتی ١٧ی خەرمانان واتە مووشەکباران کردنی قەڵای دێموکرات و شوێنی بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەی کۆمیتە ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە شازدە شەهیدی لێ کەوتەوە و لە سێدارەدانی چەندین زیندانیی سیاسی کورد لە بەندیخانەی ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئێراندا ڕووداوێکی دیکەی لەم چەشنە بوو کە سەرەتا کۆست بوو، بەڵام دواجار شکۆی بەدوای خۆیدا هێنا. دیارە ئەگەرچی لە ماوەی ئەم چل ساڵە لە دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەوە یەکەم جار نییە کە تێکۆشەرانی کورد بکەونە بەر پەلاماری تێرۆریستیی ئەم ڕێژیمە و لەم سۆنگەیەوە زەبریان بەر کەوێ، بەڵام کارەساتی ١٧ی خەرمانان یەکێک لەو دەگمەن ڕووداوانەیە کە دەکرێ بڵێین لە مێژووی بزووتنەوەی کورد و تەنانەت ناوچەشدا گرینگ، بێوێنە و باسهەڵگرە. بێوێنە لەم بارەوە کە ئەوە یەکەم جار و لەو دەگمەن حاڵەتانەیە کە ڕێژیمێک لەم ناوچەیە و بگرە لە جیهانیشدا سەرکردایەتیی حیزبێکی ئۆپۆزیسیونی خۆی بە مووشەکی دوورهاوێژ ئەویش لەنێو خاکی وڵاتێکی دیکەدا بکاتە ئامانج. هەروەها ئەوە یەکەم جارە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران زۆر بە ڕوونەڵماڵاوی بەرپرسایەتیی ئەو پەلاماڕە دەگرێتە ئەستۆ و ڕاشکاوانە دەڵێ کە ئامانجمان لەو پەلاماڕە لە نێوبردنی سەرکردایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو.

ئەگەرچی ئەو تاوانە تیرۆریستییە زەربەیەکی قورس بوو کە وە حیزبی دیموکراتی کوردستان کەوت و شەش ئەندامی بەوەجی ڕێبەری و، هەشت کادر و پێشمەرگەی لێهاتووی ئەم حیزبەی لە بزووتنەوەی کورد ستاند، بەڵام ئەوە هەر حیزبی دیموکرات بوو کە توانیی سەرەڕای هەڵگرتنی ئەو برینە قورسە لەسەر پێی خۆی ڕابوەستێ و بۆ تاقە یەک ڕۆژیش لە کار و تێکۆشان نەوەستێ.

ئەم کارەساتە هەر برینێک نەبوو کە حیزب هەڵیگرێ، بەڵام نیشتمانێکی زامدار کردبوو. هەر چوار ڕۆژ دوای ئەم تاوانەی ڕێژیم ئەوە خەڵک و بزووتنەوەی مافخوازانەی کوردستان بوون کە لە هەڵوێستێکی ئازایانەدا ڕۆژێکی پرسەڕوەریی دیکەیان خستە سەر پاشخانی مێژووی سیاسیی گەلەکەمان. ٢١ی خەرمانان و مانگرتنی بەربڵاوی خەڵکی کوردستان هەر بۆ ڕیسواکردنی کۆماری ئیسلامی ئێران و پشتیوانی لە حیزب و ڕۆڵە خەباتکارەکانی خۆیان نەبوو، بەڵکوو بەوڵاوەتر ڕێفراندۆمێک بوو تا بە هەمووان بڵێ کوردستان کوێیە و خاوەنی کێن! بەڵێ ٢١ی خەرمانان تەنیا ڕۆژێک و مانگرتنێکی سادە نەبوو، بەڵکوو زۆرانێکی زۆر جیددیی نێوان بزووتنەوەی کورد و کۆماری ئیسلامی لە ئێران بوو، کە دیار بوو دواتر کامیان براوەن!

چل ساڵە کۆماری ئیسلامی بۆ کەلێن خستنە نێوان خەڵک و حیزبەکان و هەروەها شکان و بەچۆکداهێنانی بزووتنەوەی کوردستان هەرچی لە دەستی هاتووە کردوویەتی. لە هەوڵە هەمەلایەنەکانی بۆ دەرپەڕاندنی سەرکردایەتیی حیزبەکان لە کوردستان بگرە هەتا تیرۆر و ڕەشەکوژیی ڕێبەران و کادر و پێشمەرگەکانی کوردستان، کۆماری ئیسلامی هەوڵی داوە کە حیزبەکان لە خەڵکی کوردستان دابڕێ و بە دنیای دەوروبەر و دەرەوەش بڵێ کە شتێک بە ناوی پرسی کورد لە ئێراندا نییە. هەڵبەت لەو ململانێیە چل ساڵەدا دۆڕاوی ئەو مەیدانە هەر کۆماری ئیسلامی بووە، و ٢١ی خەرمانای ١٣٩٧ی هەتاویش بەڵگەی زیندووی ئەم ئیددیعایەیە.

٢١ی خەرمانان کە زۆرێک لە چاوەدێرانی سیاسی بە ڕێفراندۆمی خەڵکی کوردستان ناوی دەبەن، پەیامێکی زۆر ڕوون و ئاشکرا و ڕاشکاو بوو بۆ هەموو لایەک. بەتایبەت پەیامی ئەو ڕۆژە بۆ دەسەڵاتدارانی تاران ئەوە بوو کە ئەم گەلە پشت لە ڕۆڵە خەباتکارەکانی خۆی ناکا و هیچ چەشنە ئامراز و شێوەیەکی سەرکوت ناتوانێ ئەوان لە مەیدان وەدەربنێ و بە تێرۆر و مووشەکی بالستیکیش چاوترسێن نابن.

پەیامێکی دیکەی ٢١ی خەرمانان بۆ ئەو لایەنانە بوو کە هاوتەریب لەگەڵ کۆماری ئیسلامی خەونی گولی بە حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە دەبینن و چەندین ساڵە لە هیچ چەشنە دژایەتی و ناوزڕاندێک بەرانبەر بەم حیزبە دریغییان نەکردوە، لەو ڕۆژەدا خەڵکی کوردستان سەلماندیان و بە هەموو لایەکیان نیشان دا کە ئەوان حیزب و ڕێکخراوی جێ متمانە و ڕیشەداری خۆیان هەیە و پێوەندیی ئەوان لەگەڵ حیزبەکان و ڕۆڵە تێکۆشەرەکانیان وەک هەمیشە پێوەندیی ئاو و ماسی و، خاک و خۆرە و هەرواش دەمێنێتەوە.

هەر بۆیە ڕۆژی ٢١ی خەرمانان و ڕێفراندۆمەکەی ئەم ڕۆژە بۆ هەمیشە وەک لاپەڕەیەکی زێڕین لە مێژووی بزووتنەوەی کوردا دەمێنێتەوە و تابلۆیەکی جوان و پڕ واتایە لە شکۆی «قەڵا» و «قەڵافەتی «شار».